# کۆی بەرهەمە شێعرییەکان

شێعر

# کۆی بەرهەمە شێعرییەکان

## نەزەند بەگیخانی

سرشناسه: بگیخانی، نزند، ۱۹۶۴-
عنوان و نام پدیدآور: کۆی بەرهەمە شیعرییەکان: شیعر/ نەزەند بەگیخانی.
مشخصات نشر: کرج: مانگ، ۱۳۹۷.
مشخصات ظاهری: ۳۳۹ ص.
شابک: ۹۷۸-۶۰۰-۸۹۱۲-۶۶-۸
وضعیت فهرست‌نویسی: فیپا
یادداشت: کردی.
موضوع: شعر کردی -- عراق -- قرن ۲۱م.
موضوع: Kurdish poetry -- Iraq -- ۲۱st century
رده‌بندی کنگره: ۱۳۹۷ ۸ب‌س۳۲۵۶/۷۴۳ PIR
رده‌بندی دیویی: ۸فا۹/۲۱
شماره کتابشناسی ملی: ۵۴۵۴۶۰۶

چاپەمەنی مانگ
www.mangpub.com
@mangpub – telegram.me/mangpub
فرۆشگای ناوەندی: بانە ـ ژمارەی پێوەندی ۰۸۷۳۴۲۶۱۰۲۰

## کۆی بەرهەمە شێعرییەکان

- نووسەر: نەزەند بەگیخانی
- بابەت: شێعر
- پێداچوونەوە: محەمەدئەمین شاسەنەم
- بەڕێوەبەری هونەری: مەسعوود تەهازادە
- بڵاوکەرەوە: چاپەمەنی مانگ
- چاپی یەکەم: زستانی ۱۳۹۷ (۲۰۱۹)
- ئەژمار: ۱۰۰۰ بەرگ
- ISBN: ۹۷۸-۶۰۰-۸۹۱۲-۶۶-۸

مافی لەچاپدانەوە و هەر جۆرە بڵاوکردنەوەیەکی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ چاپەمەنی مانگ.

**نرخ: ۷۵۰۰۰ تمەن ـ ۱۰۰۰۰ دینار**

## ناوەرۆک

### زەنگوڵی وتن


زەمەن ........................................ ١٣

دوورگەیەکی نیگەران........................................ ١٥

بچووکی، سەرفرازییە ........................................ ١٩

ئەوێ، من، ئێرە........................................ ٢١

نامەیەک ........................................ ٢٤

پرسیار........................................ ٢٦

خەون........................................ ٢٩

بۆ تۆ ........................................ ٣٤

چیتر ........................................ ٣٦

تەنهایی ........................................ ٣٨

لابیرێنت........................................ ٣٩

پیاوانی هۆزەکەم ........................................ ٤٣

دوعاکانی دایکم ........................................ ٤٦

خوداوەندی گوناهبار ........................................ ٥٢

سەفەر ........................................ ٥٧

پاسیۆن........................................ ٥٨
ستایش........................................ ٥٩
دڵنیایی ........................................ ٦٢
پاڕانەوە........................................ ٦٥
سترانی ژنێکی سەربڕاو............................ ٦٧
بێدەنگی........................................ ٧٠
غەزو ........................................ ٧١
گۆڕێکی شووشەبەند ................................ ٧٥
دەنگ ........................................ ٨٠
پەیڤەکانی خۆشەویستی ............................ ٨٢
گۆرانییەک بۆ هۆزەکەم ............................ ٨٥
سیمفۆنیای ژیان ................................ ٨٨
ئەندێشە........................................ ٩١
دەهۆڵژەنەکانی سەحەر............................ ٩٢
پاش عەسرانی لواغ................................ ٩٤
حیکایەتەکانی نەنکم ................................ ٩٧
ئارامی........................................ ١٠٠
عەشق و غیاب.................................... ١٠١
ئاشتیی ئاوەز.................................... ١٠٣
هێڵی ئاسۆ ........................................ ١٠٤
جەستەم هی ئێوە نییە ............................ ١٠٥
تابلۆی زارۆکێک.................................. ١٠٨
مانگ و دەریا .................................... ١١١

دیوار ........................................ ١١٥
دارتوو ........................................ ١١٧
ڕۆژێکی ئاسایی ........................................ ١٢٣
خودا لە لای دایکم نەمردووە ........................................ ١٢٦
کۆڕی بەختەوەری لە وێڵز ........................................ ١٢٨
جەنگی دوو زمان ........................................ ١٣٠
چاوشارکێ لە بەرگەڵوو ........................................ ١٣٢
خۆشەویستی ........................................ ١٣٤
تابلۆ ........................................ ١٣٥
بەرزاییەکانی ئەزمڕ، بەرزاییەکانی وەزەرینگ ........................................ ١٣٧
ڕەنگی خۆڵ ........................................ ١٤٣

## عەشق غیابێکە ئیلهام ڕایدەژێنێ

کەوتن ........................................ ١٧٩
لەدایکبوون ........................................ ١٨٠
تەبایی ........................................ ١٨٢
دیداری نەناسراوێ ........................................ ١٨٤
جووڵەیەک بە ڕیتمی خودایی ........................................ ١٨٦
ئەوە کێیە من چاوەڕێی دەکەم ؟ ........................................ ١٨٨
تەماشات ڕێگایەکی چۆڵە ........................................ ١٩١
ئیلهام ........................................ ١٩٣
نیشانەی سەرسووڕمان ........................................ ١٩٥
هاوکێشەی من و تۆ ........................................ ١٩٦
پەنجەرەیەکی خامۆش ........................................ ١٩٧

پێشانگای ڕەنگ ........................................ ١٩٩
خوێندنەوە ........................................ ٢٠١
چەقی پرسیارێک........................................ ٢٠٢
کەوتنی وشە ........................................ ٢٠٤
پێشنیهاد ........................................ ٢٠٦
عەشق غیابێکە ئیلهام ڕایدەژەنێ........................................ ٢٠٨
زریزەی پرسیار ........................................ ٢١٠
دابڕان........................................ ٢١٢
سەرفراز بوون ........................................ ٢١٦
ئەبستراکت ........................................ ٢١٨
ڕێنووسی کۆسمۆس........................................ ٢٢٠
جووڵەی پیت ........................................ ٢٢٢

## پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن

دوو تەنی تەنها........................................ ٢٢٧
نووسین ........................................ ٢٢٨
ڕۆشنبوونەوە........................................ ٢٣٠
دانهێنان ........................................ ٢٣١
تارمایی خۆشەویستێ ........................................ ٢٣٣
کەوتنی خۆشەویستی ........................................ ٢٣٥
لە کۆرسی یۆگا ........................................ ٢٣٧
دەنگی دڵی ژنانی گەرمیان ........................................ ٢٣٩
جەنگ ........................................ ٢٤١
براکوژی........................................ ٢٥٢

نیشتمان مێردێکی ناحەزە، لێی جیا دەبمەوە ........................ ٢٥٤
کچێک وەک حیکایەت ........................................ ٢٦١
متمانە..................................................... ٢٦٦
پەردەی سەر ڕوخساری لەیدی گرەی ............................. ٢٦٨
پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن ..................................... ٢٧٠
ئێرەیی ...................................................... ٢٧٥
جەستەی وێرانی ............................................... ٢٧٧
نۆستالژی .................................................... ٢٨٠
تارایەکی ڕەش ................................................ ٢٨٢
دوا دیاری .................................................... ٢٨٤
پەیقی درەختی کۆیدن گۆخ لە تای نەوید........................... ٢٨٧
نمایشەکانی ناخی من ........................................... ٢٩١
وۆڵی ڤیرچوال.................................................. ٢٩٨
نامەکانی سەردەمی تەم ......................................... ٢٩٩
نامەی یەکەم: خودا مرد ........................................ ٢٩٩
نامەی دووهەم: نامۆبوون ........................................ ٣٠٢
نامەی سێهەم: قوربانی ......................................... ٣٠٤
نامەی چوارەم: کۆچ ............................................ ٣٠٧
نامەی پێنجەم: بێگانە .......................................... ٣٠٩
نامەی شەشەم: تەمی جەنگ ..................................... ٣١٢
نامەی حەوتەم: سەبایە ......................................... ٣١٥
نامەی هەشتەم: کۆچی دووەم..................................... ٣١٨
نامەی نۆیەم: مەسخبوون ........................................ ٣٢١

نامەی دەیەم: ڕووتبوونەوە ........................................ ٣٢٤
نامەی یازدەیەم: هەڵسانەوە ........................................ ٣٢٧
لەگەڵ تۆ لە ناو یۆرۆستار........................................ ٣٣٢
گەیشتن بە مانا ........................................ ٣٣٤
لەئامێزگرتنی جوانی ........................................ ٣٣٦
ناخی من مەملەکەتە ........................................ ٣٣٨

# زەنگوڵی وتن

## زەمەن

*«لە هەر شوێنێک بین، خۆڵیشی لێیە*
*ئەمە ژوانی هەمیشەییە*
*لە هەر کوێیەک بین، زەمەنیشی لێیە*
*بەڵام ئەمەیان ماڵئاوایی بەردەوامە»*
*ئەدۆنیس*

بەیانییەک لەگەڵ گزنگ لە دایک بووم
خۆر ملوانکەیەک تیشکی کردە ملم
جۆگەی بەردەم ڕەزی گەزە[1]
چڵێک تەڕایی دا دەستم
نیوەڕۆ
خۆم لە ئاوی شاخی مشکە هەڵێنا
گوڵاوی سوورم لە خۆم دا
گەڵایەکی وەنەوشەییم لە پرچم دا

دەمەو عەسر
لەگەڵ هاوڕێکەم
چووینە ڕۆخ دیجلە
ماچ، شیعر
دەبوونە بەلەم
بەرەو بەندەری چێژیان دەبردین؛

کە خۆر ئاوا بوو
لەپەو ڕوو
لە کەنار ئەتلەنتیک کەوتبووین
پێکرا

دوو گۆڕمان هەڵن
نووسیمان: «زەمەن»

غۆیان، ١٩٩٠

---

١. ڕەزی گەزە بەشێکە لە ڕەز و باغی شاخی مشکە لە پـال کـۆمەڵە شـاخێک کە دەکەوێـتە باشـووری ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە. منداڵیم لە ژێر درەختەکانی ئەم ڕەز و باغە ناشتووە.

## دوورگەیەکی نیگەران

من عاشقم
من عاشقی ئێوارەیەکی وەنەوشەییم
کە دوو چاوی پڕ حەسرەت
ڕوومەتەکانیان تیا تەڕ کردم و
دوو لێوی پاییزی چرپاندیان: "ڕێگات پڕ بێ لە ڕۆشنایی ڕۆڵەکەم!"
ئینجا من کۆچم کرد

من لەودیو سنووری ئاشناییدا دەژیم
ژوورەکەم دراوسێی ئاو و
دۆستی تاشەبەردە
لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە
من هەمیشە
گوێ لە سترانی شەپۆل و ناڵانەوەی کەنار دەگرم

گوێ لە دەنگی تەڕی تەنهایی دەگرم
لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە
جوانی دیارە
مەستی، هەوەس، مەرگ دیارە
لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە
دوورگەیەکی نیگەران دیارە
لەوێدا
دایکم چوارمشقی دانیشتووە
دەستەکانی پڕ لە دوعا
نیگای پڕ لە ئینتیزار

خەڵکی ئەو دوورگەیە باڵایان تارماییە
چاویان فراوان چەشنی دەریا
هەرکە کەشتییەک دەبینن
دەمیان بە قەد ئارەزوویان دەکەنەوە و
هاوار دەکەن
دەسماڵی سپی ڕادەتەکێنن و
باوەش بۆ هوما دەکەنەوە؛
خەڵکی ئەو دوورگەیە هەر هەموویان چاوەڕێی هەڵفڕین دەکەن
من نەمدیوە هیچ کەشتییەک لەو دوورگەیە بەندەر بگرێ
خەڵکی ئەو دوورگەیە تەنهان
خەڵکی ئەو دوورگەیە لە ژووانی هەمیشەیی حوزندان؛

ئەی شەپۆلی هاوسێ!
من لە ناو خەڵکی ئەو دوورگەیە
چاوی پڕ حەسرەت
لێوی پاییزی دەبینم؛
من لە ناو خەڵکی ئەو دوورگەیە باڵای نائومێدی
بە قەد باڵای تۆ بەرز دەبینم؛
خەڵکی ئەو دوورگەیە تەنهان
خەڵکی ئەو دوورگەیە لە ژووانی هەمیشەیی حوزندان
تارماییە ڕوخساریان
پڕ ژانە ساتەکەنیان
من لە ناو خەڵکی ئەو دوورگەیە دەستەکانی دایکم دەبینم
سەرگوزەشتەی ژنانی هۆزەکەم؛
دایکم بە دەسماڵێکی سپیەوە
چاوەڕێی دیداری هوما دەکا
دیداری هەمیشە ونبووی زارۆکەکانی؛

من هەموو سپێدەیەک
ئەو دوورگەیە دەبینم قوڵپ دەدا لە ژان
دڵی ئەو دوورگەیە دەبینم
لە ناو چاوی دڕندەیەک
ترپ ترپ کز لێدەدا؛
خەڵکی ئەو دوورگەیە
ڕۆژانە وەک خێو

به هێڵی تەمدا
بەرەو نێیانت[1] دەکشێن

ئەی شەپۆلی هاوسێم
من عاشقم
عاشقی دوورگەیەکی نیگەران
کە قوڵپ دەدا لە ژان

دەسا ئەی شەپۆلی هاودەم! بمخەرە سەر باڵی نەرمت
هەڵـمگرە، لوولم بدە، ڕامپێچە
وەرە با بچین پێکڕا
سترانێکی سپی
لە ئاسمانی ئەو دوورگە یەخسیرە بچڕین
سترانێکی سپی
بۆ دوورگەیەک
کە ژیانی لە ژوانی هەمیشەیی ڕۆچووندا بە سەر دەبا
ژوانی هەمیشەیی ڕۆچوونی هۆزەکەم

پاریس، زستانی ١٩٩٢

---

1. نێیانت لە وشەی لاتینی «Neant»ەوە هاتووە و بە عەرەبی واتە عەدەم.

## بچووکی، سەرفرازییە

منداڵەکە!
زەردەخەنەت نەسیمێکی سەوزە
بە ناو چۆڵایی ژیاندا هەڵدەکا
پەنجە وردیلەکانت هێڵی میهرەبانین
تابلۆی ڕۆژەکانمان ڕەنگڕێژ دەکەن.
گەورە مەبە منداڵەکە!
ڕۆشناییت بە سەر تاریکستانی بوونماندا پەخش کە.
گەورە مەبە منداڵەکە!
تۆ کە شکۆفەی ئێستای
ژین نیازتە
لە گەورەییدا لێژ دەبیەوە
پەیژەی جوانی دەڕمێ و

بەرائەتمان دەگوێ.
گەورە مەبە مناڵەکە!
بچووکیت مەزنترین سەرفرازییە.

پاریس ١٩٩٢

**ئەویٚ، من، ئێرە**

من سێبەرێکی سپیم
لە نێوان ئێرە و ئەویٚ

ڕابردووم
لە ڕۆژهەڵات خوداوەند بوو
سپێدان
دایکم چارۆگە تیشکی بە سەردا دەدا
سۆفی لێی ڕادەمان
مەلا سڵیان لیٚ دەکردەوە
شەوان شکۆمەندانە
مەلەک تاووس دەستی دەگرت بۆ ناو ژووری خۆناسین
بەیانیانیش
کڕنۆشیان بۆ کەزییە خورماییەکانی دەبرد هەرزەکار

ئەویش ئینانا[1] ئاسا
لە ناو پەرستگای فەزیلەت
چاوەڕێی دومزی[2] دەکرد

ئێستام
لە ناو ئێوارە ئیرۆسییەکانی پاریس
بە دوای مرواری لۆژیکدا وێڵە؛
لە ناو ئامێزی تەنهایی
هەڕەشە لە مەرگ دەکا و
بەڵێنی مارەبڕینی بە نەمری ڕادەگەیەنێ؛
ئەو لە قاوەخانەی لوگراند کلونی دادەنیشێ
لەگەڵ هەڤاڵە کوڕەکانی
باسی وجوود و عەدەمی ژان پۆل سارتر دەکا
دوای دەمەقاڵێیەک لە سەر کتێبی
سێکسی دووەمی سیمۆن دوبۆڤوار
هاوڕێ دەڵێ هەڵسە با بڕۆین بۆ کەناری سێن
بە دەم پیاسەوە لە سەر پردی میرابۆ
زەمەن دەبینێ لە ژێر پردا هەڵدەقوڵێ؛

داهاتووم
لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا خەوتووە
خەون بە هەردووکیانەوە دەبینێ.

پاریس، هاوینی ١٩٩٤

١. ئینانا (دواتر عەشتار) خوداوەندی خۆشەویستی و دڵداری بووە لە سەردەمی سۆمەرییەکان و گەورەترین خوداوەندی مێزۆپۆتامیا بووە و پەرستگای لە ئوروک و کیش و ئەربایل (هەولێری ئێستا)دا هەبووە.
٢. دومزی (دواتر تەموز) دۆست و خۆشەویستی ئینانا بووە و پیت و بەرەکەتی وەرزەکانی پاراستووە.

## نامەیەک

ئیمڕۆ لە سووچێکی شار
سەرم کرد بە پێشانگایەک
تابلۆی زەمەنم بینی
زەمەنی دیکتاتۆر
زەمەنی نەمر
کاژێر، خولەک، ساتەکان
تیژ، ڕەش، قورس
مێگەلی مرۆیان لێدەخوڕی
بەرەو پیری، بەرەو مەرگ
پیرێژنێکی پەژموردە لە تەک تابلۆکە
دایە پرمەی گریان و کەوت
منالێک گۆچانەکەی هەڵگرتەوە

ئێمەش دەمرین ئازیزەکەم

ئێمەش پیر دەبین

تووغ، هاوینی ١٩٩٠

**پرسیار**

*«پیاڵەیی زەڕی نەرگس لە سەر کەفی سیمین*
*پــڕە لە شــەبنمی وەک دوڕڕ و لوئلوئی لالا»*
*حاجی قادری کۆیی*

کە مناڵ بووم
جوانیی گوڵە حاجیلەم
لە پەنجەکانی خۆمدا دەبینی

لە پشت سەوزیی ڕەزی سێوان[١]
دارا دوو داری دیم دەخوێندەوە
بە ئەسپایی پەنجە وەنەوشەییەکانم درێژ دەکرد
گوڵێکم دەقرتاند:
"دەردەچم، دەرناچم - دەردەچم، دەرناچم؟"
پەلکە حاجیلەکان پەپوولەئاسا

به عیشوه و حەسرەت
دەنیشتنە سەر ڕازی گیا

من منداڵ بووم
جوانیی گوڵە حاجیلەم لە پەنجەکانی خۆمدا دەبینی
لە هەرزەکاریم
وانەکان با بوون
بە تەنیشت جەستەمدا ڕەت دەبوون
بە چرپە، پەنجە شەونماوییەکانم درێژ دەکرد
گوڵێکم دەپساند
"خۆشی دەوێم، خۆشی ناوێم - خۆشی دەوێم، خۆشی ناوێم؟"

پەلکە حاجیلەکان
کلوو بەفرئاسا
بە غەنج و سەما
دادەبارینە سەر شەیدایی گیا

ئەوسا منداڵ بووم
جوانیی گوڵە حاجیلەم
لە پەنجەکانی خۆمدا دەبینی
ئێستاش سەراسیمە و پەتیار
وڵاتان گەڕام، وانەکان فێر بووم
فێر بووم

فێر بووم
گەلێک فێر بووم
پەلکە حاجیلەکانیش
لە ناو لۆچی پەنجە چرووساوەکانم گیان دەدەن:
"ئاخۆ دەبێ بگەڕێمەوە، دەبێ بگەڕێمەوە، دەبێ بگەڕێمەوە؟"

غۆیان، زستانی ١٩٩٠

---

١. ڕەزی سێوان بەشێکە لە ڕەز و باغی شاخی مشکە لە کۆیە.

## خەون

خەون
هەمیشە خەون
من حەز دەکەم شوێنپێی خەونەکانم کەوم
من حەز دەکەم ساتەکانم لە چوارچێوەی خەونەکانم دابڕێژم
وشەکانم
لە زەمینی خەونەکانمدا بنێژم
ملوانکەیەک لە ئەستێرەخەون
بکەمە گەردنم
ڕۆحم بسپێرمە مانگ و
جەستەم لە بۆشاییدا بەرەڵلا بکەم

ڕابردوو بە چەپۆکی چرنووکاوییەوە
ئێستا بە گرژینەوەی گەمژەییەوە

داهاتوو بە گومان و نهێنییە ناگەهانییەکانیەوە
بەرەو کوێم ڕادەدەن؟
بوون چ ساتێکی ژەنگاوییە!

خەون
تەنها خەون
تەمەن، چێژ، بەرد
هەموو شتێک ژینگەی پەرژینکراوی خۆی هەیە
هەموو شتێک ڕەنگ و بێڕەنگیی خۆی هەیە
تەنها خەون نەبێ
بێپایان، پەنهان، هاوتای زەمەن؛
تۆ خرپەی پێیەکانی
ورشەی هەناسەی نابیستی؟
لە تەنیشتت ڕێ دەکا
لەگەڵت ڕادەکشێ
هەمیشە لە ناوتدا زاوزێ دەکا
گەرای چێژێکی ئەفسووناوی
من حەز دەکەم شوێنپێی خەونەکانم کەوم

خەون
هەمیشە خەون
من لە خەوندا پانتاییەک دەنەخشێنم
گوڵە ئەڤینی تیا دەڕوێنم

من لە خەوندا
تەنها لە خەوندا ڕاستی دەبینم

خەون
هەمیشە خەون
من حەز دەکەم شوێنپێی خەونەکانم کەوم
من لە خەوندا لە باخچەی عەدەن سێو دەخۆم
دەبم بە فریشتە و
مار و خودا ئاشت دەکەمەوە
من لە خەوندا
گوناهی حەوا دەسڕمەوە
ئادەم بۆ بەهەشت دەزڤڕێنمەوە

خەون
هەمیشە خەون
من حەز دەکەم شوێنپێی خەونەکانم کەوم
من لە خەوندا دەبم بە سەراب
دەستی باران دەگرم و
لە سارا بەڕەڵلای دەکەم
من لە خەوندا
دەبم بە شەونم لە سەر برژانگی لم پێدەکەنم

خەون
تەنها خەون
من لە خەوندا جەستە جێدەهێڵم و
لە ڕۆح نزیک دەبمەوە
من لە خەوندا
دەبم بە شەڵاڵێک ڕۆشنایی
گشت دوورییەکان دەبڕم
پەیامی شیعر لە چیای جوودی نەخش دەکەم؛

خەون
هەمیشە خەون
من حەز دەکەم شوێنپێی خەونەکانم کەوم
من لە خەوندا دەست لە گەردنی مانگ دەکەم
لێوی با ماچ دەکەم
من لە خەوندا دەبم بە وشە
ئاوەژووی ناو شیعر دەبم
ئەوەتا ملوانکەکەم هێشتا لە ملە
ملوانکەی وشە

خەون
هەمیشە خەون
من لە خەوندا لە وشەوە بەرەو خۆم دێمەوە.

پاریس، ١٩٩٢

ئەم شیعرە لە دیوانی Bells of Speech هەڵبژێردراوە و لە ماڵپەڕی شیعریی جیهانیدا بڵاو کراوەتەوە.
بڕوانە: http://uk.poetryinternationalweb.org/

## بۆ تۆ

*«بوونمان نشێوە*
*ژیانمان بۆ سەرکەوتنیەتی»*
*ئەدۆنیس*

ئاوازێکی زەرد بە سەر تاڵی شەپۆلەکانی کاتەوە
دەڕژێتە گوێم، دەڕژێتە گوێت
تۆ ئەی مرۆڤی لانەواز، تەنها
وەرە با گوێ هەڵخەین
من لە تۆ دەردەچم و بۆ تۆ هاوار دەکەم
ڕەنگی هاودەمیمان
گریانی یەکەم ساتی بوونمان
ئاوازێکی پاییزی
دەڕژێننە سەر تاری شەپۆلەکانی کات
دەمانبەن، دوورمان دەخەنەوە

دوورمان دەخەنەوە ئەی هاودەمی من
دەشێ لە ئامێزی عەشقدا
نشێویی بوون ببڕێن
ئینجا جوانی شکۆفە دەکا و
ژیان باوەشمان بۆ دەکاتەوە.

پاریس، ١٩٩١

## چیتر

چیتر
چیتر جوانیی ساتەکان ڕامناگرن
چیتر ئارەزوو ناکەم
سەدای کپیی پێیەکان گوێ کەڕ دەکا
چیتر ئارەزووی بیستن ناکەم
چونکە ئەم پێیانە ئیتر ناتوانن بڕۆن
تەنها وەک سەنگێ بە زەوی دەکەون

کە ئاوڕ دەدەمەوە
زارۆکێکی زیت
لە سەر گۆنای بەفر وازی بە کڵۆ تیشک دەکا و
دەخزێتە ناو زەمەن
تێدەپەڕم

هەرزەکارێکی نیگەران
لە سەر سیمای ساڵەکان
پارچە پەیڤ کۆ دەکاتەوە
کڕنۆش بۆ حاجی دەبا و
ئەستێرە شیعر لە لاجانگی دەدا.

بەرەو سەروو دەکشێم
ژنێکی تیشکڕەنگ
لە سات ڕادەمینێ و
بیر لە جووڵە دەکاتەوە
گەڵا لە کەسکیی دەچێتەوە
جەستە دەگەچڵێ
هەڵۆی پیر باڵەکانی ناکاتەوە.

چیتر
چیتر ئارەزوو ناکەم
چیتر جوانیی ساتەکان ڕامناگرن
سەدای کپیی پێیەکان گوێ کەڕ دەکا
چیتر ئارەزووی بیستن ناکەم
چونکە ئەم پێیانە ئیتر ناتوانن بڕۆن
تەنها وەک سەنگێ بە زەوی دەکەون

پاریس، ١٩٩٢

---

ئەم شیعرە بە کاریگەریی "چوارشەممە خۆڵەمێشی" ئێلیەت نووسراوە.

## تەنهایی

*«ئیمرۆ دەزانم سڵاو لە جوانی بکەم»*

*ڕامبۆ*

ئێوارە دەستە ئیرۆسییەکانی خستە ناو دەستی ژنێکی قژ قاوەیی
بۆ ناو شەو چوون
بەیانی من لە دایک بووم
من بووم و
خۆر هاتە دیدەنیم
بردمی بۆ ناو ڕووباری جوانی
بە پەنجە پەنهانەکانی
ڕۆشنایی لە جەستەم چاند

خۆر گەورە بوو
بە پلیکانەی با سەرکەوت بۆ بنباڵی ئاسمان
منیش بۆ هەتا هەتایە تەنها مامەوە.

پاریس، ۱۹۹۳

## لابیرێنت

له‌ که‌ناری نیوه‌شه‌و
مینۆتۆره‌کان مڕه‌مڕیانه‌، ده‌خولێنه‌وه‌
به‌ سه‌ر له‌ش، پڕمه‌ی له‌ززه‌ت
له‌ززه‌تی خودایی
ئه‌فسووس، ئه‌فسووس
گوناهئامێز

ته‌ق ... ته‌ق ... ته‌ق
ڕێگاکان بێ‌مه‌به‌ست و پێچاوپێچن
ڕۆح ده‌هێننه‌ ژان
ڕێبواره‌ ڕۆژهه‌ڵاتییه‌کان
له‌ ناو په‌رژینی جه‌سته‌
خه‌ون به‌ تسۆسه‌وه‌ ده‌بینن

خەونی پرتەقاڵی
ڕۆحیان مەلێکی بێ باڵە
لە مەڵبەندە هەتاوییەکانەوە
سەریان وەک بەرد دەتەقێتەوە

تەق ... تەق ... تەق
ڕێگاکان بێمەبەست و پێچاوپێچن
ڕۆح دەهێننە ژان

تەق ... تەق
لە ناو ژوورە شێدارەکان
ڕێبوارەکان پرچی شەهوەت دادەهێنن و
بێهودەیی دەهۆننەوە
وشەکانیان سارد و پووچ
سێبەری پەیکەرە ئێسقانن ڕێبوارەکان
بەرەو نێیانت هەنگاو دەنێن

تەق ... تەق ... تەق
ڕێگاکان بێمەبەست و پێچاوپێچن
ڕۆح دەهێننە ژان
بزماری پاژنەی پێڵاوەکانیان تیژ
پیرۆزیی بێدەنگی بریندار دەکەن
نیگەرانییەکی بێپایان بۆ من و بۆ تۆ

............ بۆ تۆ لێرەی؟
............ بۆ من لێرەم؟
............ بۆ ئێمە لێرەین؟

ئای تسۆس
لە سەرزەمینە شپرزەکەی ئێمە
زارۆکی نێرگزفرۆش
لە پەنجەرەی نەورۆزییەوە
لەگەڵ کلۆ ژەهر دەدوێن
لاسکی نێرگزەکانیان خوێنی لێ دەڕژێ
مینۆتۆرەکانیش ناو لەپیان سپی

تەق ... تەق ... تەق
ڕێگاکان بێمەبەست و پێچاوپێچن
ڕۆح دەهێننە ژان

دەریا قوڕاوییەکەی دەرەوە
شەپۆلی بێئامان لێدەدا
باخچەی ئەودیو دەرگا باریکەکان
کەفی سووری لە سەر نیشتووە
بۆنی ماتەمییان لێدێ گوڵە سەرشینەکان
گزەگزی مێش و مەگەز
ئەم زریانە بەتۆفە ڕاینامالێ

تەق ... تەق ... تەق
ڕێگاکان بێمەبەست و پێچاوپێچن
ڕۆح دەهێننە ژان

زەمەن لە کەناری ئەم نیوەشەوە سڕبووە
تسۆس تەنها لە خەونی ڕێبوارە ڕۆژهەڵاتییەکان هەناسە دەدا
مینۆتۆرەکان مڕەمڕیانە، دەخولێنەوە
بە سەر لەش، پڕمەی لەززەت
لەززەتی خودایی
ئەفسووس، ئەفسووس
مەرگئامێز

تەق ... تەق ... تەق
ڕێگاکان بێمەبەست و پێچاوپێچن
ڕۆح دەهێننە ژان

بەلگراد، هاوینی ١٩٨٨

---

لابیرێنت (Labyrinth) لە ئەفسانەی یۆنانیدا داڵانێکی پێچاوپێچ و سەرلێشێوێنەرە، شوێنێکیشە لە دوورگەی کریت. مینۆتۆری مرۆڤخۆر کە گیانلەبەرێکی خورافییە و نیوەی لە شێوەی مرۆڤە و نیوەشی لە شێوەی گا، لەم داڵانەدا بەند دەکرێ و تسۆسی پاڵەوان دەیکوژێ.

## پیاوانی هۆزەکەم

پیاوانی هۆزەکەم شەوانە بەرماڵی سپی لە سەر ڕانی ژنەکانیان
ڕادەخەن و دەروێشانە ڕۆحە ئەهریمەنەکانیان دەپژێننە ناو
پەرستگاکانی لەش
هەرگیز بیر لە جوانی ناکەنەوە پیاوانی هۆزەکەم

ژنانی پیاوانی هۆزەکەم بەڵگەنامەی ڕووسپیەتی خۆیان توند توند لە
بوخچەی یەخدانە دێرینەکان هەڵگرتووە و لە ژێر سێبەری دژواری
مێردەکانیان ڕۆژانە سێبووری دەچێنن و چەمەر دەچننەوە
ژیانی ژنانی پیاوانی هۆزەکەم ژێی بوونێکی نەزۆکە
مێردەکان ئاوازی شەهوەتی لە سەر ساز دەکەن
دڵی ژنانی پیاوانی هۆزەکەم پێخەفێکی هەوراوییە و مێردەکان تیایدا
خەون دەبینن، چێژ دەبینن، جوانی نابینن

پیاوانی هۆزەکەم برووسکەی ئاسمانی ژنەکانیان دەدزن و ناخوازن
بارانێکی پێغەمبەرانە پاوانی جەستە سیاساڵەکانیان ڕەنگ بکات
هەرگیز لە جوانی ورد نابنەوە پیاوانی هۆزەکەم

ژنەکانیان دەبن بە دایک و بیر لە کچێنیی کچەکانیان دەکەنەوە
ژنانی پیاوانی هۆزەکەم ساویلکانە دەست دەکوتن و لە کەلێنە
پووکاوەکانی ژینیان شەرم و گومان سەرچن دەکەن و لە خەزێنەی
ژنایەتییان هەڵیدەگرن بۆ جیازی بووکێنی کچەکانیان

پیاوەکان دەبن بە باوک و بیر لە کوڕەکانیان دەکەنەوە
پیاوانی هۆزەکەم بە فیزەوە دەست درێژ دەکەن و لە کەلێنە تەڕەکانی
لەشیان قەفە هێز و قەفە شەڕەف دەڕنەوە و دەیکەن بە موڵکی
کوڕەکانیان

کچ و کوڕانی هۆزەکەم سەرەتا بە ئاوەز و پیرۆز بوون
ئاشنای ڕەنگی شەو و باڵای بەفر نەبوون
پاش‌نیوەڕۆیەک کۆشیان پڕ کرد لە ناز و تاجی سپەییان لە سەر نا،
لە لەخچەیان تریقانەوە و گەززەیان لە دڵگیرترین میوە دا
ئێوارە گرمەی هەنگاوە قورسەکانی پیاوانی هۆزەکەم ئەندێشەی
باخچە بەهەشتییەکەیانی هەژاند و تامەزرۆیی پێکەوەبوونیانی
ڕەواندەوە
جوانییان ڕاچڵەکی و زرمەی هات

بوو بە کەستەکێکی ڕەش جوانی
کەستەکی ڕەش بوو بە قیبلەی پیاوانی هۆزەکەم

کڕنۆشە بۆ ڕۆچوون و تۆرانە لە بوون، ژیانی پیاوانی هۆزەکەم
ژنانی پیاوانی هۆزەکەم وەک پەپوولە دەڕژێنە نزرگاکان و لە بن کێلی
ئەسحابان چلدانە دەگرنەوە
مێردەکانیش لە سەر لاشەی ڕەشی جوانی کەزی شەپۆڕ و شین و
شەهوەت پەخشان دەکەن
هەرگیز بیر لە جوانی ناکەنەوە پیاوانی هۆزەکەم.

پاریس، ١٩٩٥

## دوعاکانی دایکم

پێشکەشە بە دایکم، ئەو مرۆڤە مەزنەی فێری وانە ئینسانییەکانی کردم و تا ئێستاش گەورەترین مامۆستامە.

جگەرەیەک داگیرسێنە
چرایەک هەڵکە
وەرە با پێکەوە گۆرانی بڵێین
ئەی هاوڕێم
وەرە با پێکەوە سەما بکەین
بۆ هێورکردنەوەی دڵی حاجیلەکان
بۆ لاواندنەوەی دوعا تەنهاکانی دایکم
دایکم هەموو بەیانییەک دوعا دەکا
لە جیاتی دوو ڕکات، شەش ڕکات نوێژ دەکا

دوعا دەکا بۆ ڕەوینەوەی ڕەشایی باڵی با
سێبەری سواوی سیاسییەکان.

هاوڕێم!
وەرە با پێکەوە گوێ لە دوعاکانی دایکم بگرین
وەرە سەیر کە چۆن فوو بە دەوری خۆیدا دەکات و
لە فڕین دەپارێتەوە
کوڕە بچکۆڵەکەی ئاودیوی سنووران بکا
هانا بۆ نەسیم دەبا
تا کچەکەی هەڵگرێ و
دووری خاتەوە لە چڕنووکی قەلەڕەش.

وەرە ئەی هاوڕێم!
وەرە با پێکەوە پێکێ بنۆشین و
بە سەر بانیژە بەرزەکانی وڵاتدا بفڕین
با ئیتر لە بەرزاییەوە فڕین بناسین و
لە نزماییەوە پەیژەی کەوتن هەڵدێرین.

دایکم شەش ڕکات نوێژی کرد
شەش جار گریا و شەش جار دوعای کرد
ئاواتەکانی دایکم وەک مرواری سپین
لە ژێر سێبەری ئیماندا دەبریسکێنەوە
ئاواتەکانی دایکم پێ دەگرن

به سەر پەیژە باریکەکانی حەوشە
سەر دەکەونە سەر کەپرەکان
لەوێوە لە جیاتی شەقەی باڵ
وەک هەڵاڵە هەڵدەوەرنە ناو حەوزەکان

دایکم هەموو بەیانییەک شەش ڕکات نوێژ دەکا
شەش جار دەگری و
شەش جار فوو بە دەوری خۆیدا دەکا
ئەو لە خودا دەپاڕێتەوە سەلامەت بن باڵندەکان
دوور بن لە بەڵای ناگەهان
لە فیتنەی ئاخری زەمان
دوعاکانی دایکم پیر بوون
پیر بوون ئومێدە ئاڵەکانی دایکم
بۆ فڕین بە ناو وەرزەکان و
شۆڕبوونەوە بۆ ناو مێرگی حاجیلە و
گەڕانەوە بۆ ناو کۆشی نیشتمان.

وەرە ئەی هاوڕێم!
وەرە با پێکەوە سەما بکەین
ئیتر ئێمە دەزانین زەمەنی دوعا بە سەر چوو
فڕین باڵەکانی دڕاو و
با لێوەکانی وشک و
خۆر کەزییەکانی بڕاو و

باران پەنجەکانی سووتاو و
باخچە بیرەوەرییەکانی زەرد بوون.
ئیتر من و تۆ دەزانین
زەمەنی دوعا تێپەڕی
هەر وا بە سانایی
باڵندەکان داباریین
پەیژەکان لە هۆش خۆ چوون.
ئیتر من و تۆ دەزانین
ئەی هاوڕێم
زەمەنی سەرکەوتن ڕما
ئیتر هیچ شتێ داد نادا
مەگەر گۆرانی و شێتبوون و سەما

بەرماڵەکەی دایکم ڕەنگی ئاسمانی گرتووە
دوعاکانی ڕەنگی خەزان
باخچەکەمان ماندوو
پەپوولەکان تا لێهاتوو
ئیتر زەمەنی ڕزگاربوون نەما
زەمەنی دوعا بە سەر چوو

وەرە ئەی هاوڕێم وەرە
ئیدی با پێکەوە کەپرێ لە تەنهایی و
سێبەرێ لە ڕووناکی دارێژین

به دەم سەمای قەرەجانەوە
شێتبوونی خۆمان ڕەنگ کەین و
پەیژەکان بە سەر بانیژەکان هەڵواسینەوە.
وەرە ئەی هاوڕێم
وەرە با پێکەوە تۆو لە دوعاکانی دایکم بگرینەوە
وەرە با تۆوی دوعا بنێژین
لە بن بنجی وەنەوشە و مێرگی بەیبوون
بەڵکو بەیانیان پەپوولەکان پیاسەی پیادا بکەن و
هەنگ نیازیان لە بەر بگرێتەوە
ئەمە زەمەنی غەدر و پێشبینی نەکردنە ئەی هاوڕێم!

هیچ شتێ دادی دایکم نادا
تەنهاترووسکەی هیوایەک نەبێ
هیوای هەڵسانەوە لە مردن
ئەو خەون بەوەوە دەبینێ
دواتر لە کۆڵانە بەرینەکانی بەهەشت
چاوی بە کوڕە ناوەنجییەکەی ڕۆشن بێتەوە
دەستی کچە بچکۆڵەکەی بگرێتەوە و
باوەش بە کوڕە هەراشەکەیدا بکاتەوە
کە بۆ گەشتی ئیمان چوو و نەگەڕایەوە

دایکم لەگەڵ مردوواندا دەژی
ئەی هاوڕێم

ئەو هەردەم دوعا دەکا
تا بەبێ ئازار
لە کەناری زیندووییەوە بپەڕێتەوە بۆ ئەوبەری نەمان
ئەو هەموو ڕۆژێ لە سەر گڵکۆی کۆرپەکانی
چلدانە دەگرێتەوە
بۆ سەلامەتی ڕۆحی مردووان
وەرە ئەی هاوڕێم
وەرە با پێکەوە سەما بکەین
وەرە با پێکەوە
لەم زەمەنی غەدرەوە
شۆڕ بینەوە بۆ ناو نزرگای شێتبوون

بریستڵ، پاییزی ٢٠٠٠

## خوداوەندی گوناهبار

تاوانم چییە کە من هەم؟
تاوانم چی بوو کە من بووم؟

باوک -م لە چایخانەکەی سەر سووچ چاوەڕێی دەکرد
کە هەواڵی بوون-می بیست
چەند لۆچێک لە ناوچەوانی ڕوا، پێڵووەکانی داخست و ئاهێکی هەڵکێشا
مامم دەستی خستە سەر شانی: "برام نارەحەت مەبە!"

بوونی من مردنی کێ بوو؟
بوونی من مردنی کێیە؟
کە من بووم دایکم گریا
گریا و منی لە ئامێز نا

باوک -م شەقازیلەیەکی لێدا و هاواری کرد: "فرێیدە! خواردنەکەم بۆ بێنە!"
ڕێچکۆڵەی خوێن
گەواهی ستەمێکی ڕەها بوو

"من نائومێدیم؟
من نەگبەتیم؟
بۆ فرمێسکم لە چاوی دایکم زاند؟
بۆ ستەمی باوک - م وروژاند؟"
چەکەرەی گومان لە سەرزەمینی مێیەتی

دایکم دادوەرییە
باوک - م تۆقانە

کە باوک - م مرد بە پەنجە نێرگزییەکانم
گۆڕی تۆقانم هەڵکەند
بە چڵێ خۆر تابلۆی پێکەنینم کێشا
براکەم گوڵمێک تاریکی پژاندە سەر و
قیڕاندی:
"مەملەکەتی چێژ موڵکی نێرە و تەنها بۆ ئەو دەگەڕێتەوە پیرۆزیی پێکەنین"
من چاوم بڕیە چاوی
دایکم سەڵەواتی لێدا

براکەم کوڕی باوک -مە، کوڕی هێز
کوڕی مێژووی نێرە، مێژووی تۆقان
من کچی دایکمم، کچی سۆز
کچی مێژووی میهرەبانی، مێژووی دادوەری

ژن دەریایەکە لە جوانی، لە میهرەبانی
پیاو ژیانی لێ دەخواتەوە، مرۆڤایەتی لێ هەڵدەهێنجێ

ئەی خۆشەویستی دیکتاتۆر
ئایا دەزانی تۆ نامۆی؟
نامۆی بە جوانی
بۆیە ترس دەڕوێنی
نامۆی بە ڕاستی
بۆیە لە سروشتی خۆت دووری
نامۆی بە دادوەری
بۆیە خۆت لە دەسەڵاتدا بەرجەستە دەکەی
نامۆی بە مرۆڤایەتی
بۆیە ستەمکاری

خۆت هاوتا بکە بە من
تا جوانی ببینی
خۆت هاوتا بکە بە من

تا دادوەری بناسی
خۆت هاوتا بکە بە من
تا بتوانی بگری.

دەزگیرانەکەم ڕووتی کردمەوە و وتی: "دەمەوێ هاوتا بم بە تۆ"
کە خوێنی کچێنیمی نەبینی
فڕێیدامە سەر شەقام: "تۆ ئابڕووم دەتکێنی"
من ناتناسم، تۆ نامناسی
ئێمە دەمانەوێ هاوتا بین
بۆ دەبێ کەسایەتیی تۆی مەزن لە خوێنی منی بچووکدا بەرجەستە بێ؟
بۆ دەبێ ئابڕووی تۆی باڵا لە پەردەی ئەندامێکی منی ڕۆچوودا سەر دەربێنێ؟
ئەی تۆ بەشێک نیت لە خودا، منیش پەراسوویەکی تۆ؟
ئایەتێکی گوناهبار!
درۆیەکی پیرۆز!
هێمای گومانی پێغەمبەرە هاوڕەگەزەکانت

من تۆ نیم، تۆش من نیت
خودایت تۆ، بەڵام خۆت نیت
من تۆ نیم، تۆش من نیت
ئێمە دوو ڕۆحین
ئێمە پێکڕا ئەو خودایەین کە تۆ دژی من داتهێنا
ئێمە پێکڕا مرۆڤایەتین.

ئەی پیاو!
تۆ بۆ من
باوکی
برای
هاوسەری
کوڕی
کەچی من بۆ تۆ
تەنها
شوورەییم

ئەی خوداوەندی گوناهبار
کەی بە حەقیقەتی خۆت ئاشنا دەبی؟

پاریس، پاییزی ١٩٩٤

## سەفەر

به سەر زەمینی ڕۆحدا ڕابوردم
لە دوورەوە خۆم بینی
ئاسمانێکی ئاویی پڕ لە وردە ماسی
پەڕیمەوە بەرەو ئەودیو
ئەودیوی شتەکان
ئەودیوی وشە
ئەودیوی با
ئەودیوی لەش
ئینجا بە خۆم گەیشتم

فارنهام، دیسێمبری ٢٠٠٢

## پاسیۆن

دوێنی شەو
شیعر
مینا کوڕێکی زراڤ
لە کەناری لم
بە ڕووتی ڕاکشابوو
منیش سپیتر لە مەوجی ڕۆشنایی
لە سەر ڕوویا خۆم هەڵخست
دواتر مەلائیکەتێ بە لامدا تێپەڕی و فەرمووی:
"سەڵەواتت لێ بێ
ئەی ئەو کەسەی کە پڕیت لە فەزیلەت"[١]

لەندەن، ١٩٩٨

١. ئەو ڕستەیە لە تەورات وەرگیراوە کاتێ حەزرەتی جبرایل دەچێتە حوزووری حەزرەتی مریەم بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵی لەدایکبوونی مەسیح.

## ستایش

١

دڵۆپێ سێبەر ڕژایە بەر پێم

فەزا دابەش بوو

شوێن بوو بە دوو کەرتەوە

سنوور ڕووا

من لە یەک کات لێرەم و لەودیو

بەڵام هەردەم لەگەڵ تۆم

٢

شوێنەکان پڕن لە نادڵنیایی

تەمی بێدەنگی لە سەر ڕوومەتی پێکەوەیی

دەستەکانمان پڕ لە شەونم

٣

تیشک لە ئێمە دەچێ

سیمای پڕە لە گومان

وەکو ئێمە ناسک

وەکو ئێمە بەهێز

هەروەکو ئێمە بە بێدەنگی گریان

٤

لە چۆڵایی دەستەکانت

بێپایان ڕاکشاوم

هێشوویەک جوانی

لە ناو کۆشی ژیان

٥

پێکەوە بین یا بە جیا

یەکتری دەنووسینەوە

ئەوی دی کە ڕابردوو بوو

ئەوی تر کە هەرگیز لە داهاتوودا نابێ

٦

سەدای مەنفا

کە بینین نەیتوانی پێی بگا

وەک نەرمە گیا

لە نێوان پەنجەکانمان ڕوا

٧

سپێدەیەک، نیوەڕۆیەک، یا پاش عەسرانێک
بە بێدەنگی دەکەوین
وەک نوستوو چاو لێک دەنێین
وەک مردوو هەناسە دەدەین

لیبل، هاوینی ٢٠٠٢

## دڵنیایی

بۆ ئەو ئازیزانەی دوێنێ «هەبوون»، ئیمڕۆ «نـین»،
ئەوانەی هەمیشە لە ناوماندا زیندوون

چاوم لێتە
پرچە پووشاوییەکەت
هێلانەی کوندەپەپوو
بە کەناری خۆزگەکانماندا گوزەر دەکەی

چاوم لێتە
پەیکەرێکی ئاوریشمیت
دەستت لە کەمەری ئەستێرە و
باڵات لە ناو دەشتایی با
چەند بێ پایان ڕاکشاوی!

دەنگت بێڕەنگ و
بێڕەنگیت بێدەنگ
بێدەنگیشت بەرز بە قەد ڕۆشنایی
لە ناو شەڵاڵی خامۆشییەکی شین
نوور دەڕژێنیتە بەرپێی دڵنیاییمان
ئێمەش لە چۆڵایی ئێرە
لە ئاسمان ڕادەمێنین
بە قەراغی خۆماندا تێدەپەڕین
تامی بێدادی بۆ دوور دەبەین
تۆش خەرمانێک لە نادیاریی
لە سەر ڕوخسارت دەست لە بۆشی دەدەم
ئاە نادیارییت چ حوزوورێکی دیارە

لە بەر ڕۆشنایی پیرۆزت
دەچینە ناو ئاوێنەوە
حەقیقەت چاو لێکدەنێ
وەنەوز دەدا ژیری
پۆلی گوناە بەرەڵلا دەبن
دەشنێتەوە ڕابردوو
سڕ دەبێ سات،
شین دادەگەڕێ داهاتوو

نهێنییەکان بانگمان دەکەن

بمشارەوە لە ناو شینایی جەستەت
با تاریکیی شتەکان
نەبنە هێڵی نێوانمان
با هێڵەکان نەبنە سنووری لەبیرکردن

لە پشتسەری تیشک دانیشتم
ئاە چەند گەرمە نزیکبوون
چەند نزیکە پێکەوەبوون
لە ناو باوەشی وشە و
ئاوێزانی دڵنیایی

ڕێگای نێوان پاریس- هێلمۆند، دیسێمبری ٢٠٠١

## پاڕانەوە

لە چۆڵاییەک
لە ناو بیابانی تەم و
دامێنی تەپۆڵکەی با
ژنێک ڕووی کردە خودا
ژنێکی تەنک باڵا
ڕوخسار پڕ لە هێما
دەستەکانی هەڵبڕی و
گوێم لێ بوو دەپاڕایەوە:
«ئەی خودای مەزن
هێزێکم پێ ببەخشە با لە نهێنییەکان نەگەم
چونکە من نامەوێ لە ناو ڕقدا ژیان لە ئامێز گرم»

لەندەن، هاوینی ٢٠٠٢

ئەم شیعرە لە پەراوێزی پەندێکی چینیدا نـووسراوە کە دەڵـێ: «ئەگەر لە هەمـوو نادادوەرییەکـانی ئەم جیهانە بگەی لەوانەیە لەناو ڕقدا بمریت». شیعرەکە لە دیوانی Bells of Speechدا بـڵاو کـراوەتەوە و دواتر لە ماڵپەڕی شیعریی جیهانیشدا بڵاو کراوەتەوە. بڕوانە:

http://uk.poetryinternationalweb.org/

## سترانی ژنێکی سەربڕاو

پێشکەشـە بە گیـانی پـاکی ئەو ژنـانەی بە بەهـانەی
شەرەفەوە کوژران

هێی هێی هێی هێ
سەرگوزەشتەی من
دەشێ سەرگوزەشتەی تۆش بێ

سەرگوزەشتەی من
سەرگوزەشتەی گوڵێ بوو
لە سووچێکی سەر ئەم زەمینە
دەشنایەوە، پێدەکەنی، لەگەڵ جوانیدا هاودەم بوو

ڕۆژێ بایەک هەڵیکرد

بایەکی بۆر، قورس، چڕنووک درێژ
درێژ درێژ بە قەد باڵای تاوانەکان
تاوانی بوون، تاوانی ژنبوون.

هێی هێی هێی هێ
گوڵێکی سپی بووم
لەگەڵ با، لەگەڵ باران، لەگەڵ عەشقدا هاودەم بووم
بای بۆر، قورس، ناگەهان
بە بەرگی پیاوانەوە هات
گرم گرم ئەستێرەکانمی شکاند و
کانییەکانمی هەڵوەراند
گرم گرم نزیک بۆوە
بای بۆر، قورس، ناگەهان
بە بەرگی پیاوانەوە هات
نزیک بۆوە
نزیکتر
هات
چڕنووکی چەقۆئاسای لە ڕوومەتەکانم گیر کرد
پەپوولەکانمی خنکاند
ڕۆشناییمی سەربڕی و
بە خوێنی ئاڵم
مەرگی ژیانی تۆمار کرد.

هێی هێی هێی هێ
سەرگوزەشتەی من
دەشێ سەرگوزەشتەی تۆش بێ

لەندەن، ٨ ی مارتی ٢٠٠٠

---

ئەم شیعرە بە بۆنەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ژنانی کورد دژ بە کوشتنی نامووسپەرستی (کواک) نووسراوە.

## بێدەنگی

لە سووچێکی تەنهایی
لە ناو پانتایی ئارامیدا
من لەگەڵ وشە خەوتم
کەزیی شیعر چەند درێژە
لە سەر گۆنای وتن!

ئینجا ئەو هاتە گۆ و وتی:
"زانایی پێچەوانەی نەزانی نییە
بەڵکو فەزایە
بۆ ڕوانینێکی تر
بۆ بینینی پەنجەرەیەک کە پێدەکەنێ و
ڕۆشناییەکی جیاواز دەبەخشێ"

بریستڵ، زستانی ٢٠٠١

## غەزو

*بۆ بێوەژنەکانی ئەنفال*

لە کتێبە پیرۆزەکانەوە وشە
لە وشە بریقەدارەکانەوە مانا
لە مانا شاراوەکانەوە دەنگ
دەنگ هەڵیکرد
دەنگی غەیز، دەنگی مەئیووسی غەزو[1]
ئەنفال هەڵیکرد
ئـ - ە -ن- ف - ا -ل ، ئـ - ە - ن - ف -ا -ل

ئـ : ئاگرێکی بێ ئامان
قرچە قرچی ڕۆحی زارۆک و
هەڵکڕووزانی دڵی دایک
زرمەی کەوتنی تەمەنەکان.

ە: هاوارە
هاواری پەپوولە
سەد و هەشتا و دوو هەزار پەپوولەی کەسک و سوور و زەرد
لە ناو گەردەلوولی هەڵوەرین و
تۆفانی زەمەن.

ن: نوورە
نوورێکی پێغەمبەرانە
شەڕانگێزانە خشپەی دێ
دێت و ڕۆژەکانمان دەپێچێتەوە
بیابان ڕادەخات و
تۆزی غەزو دەکاتە چاوی کانییەکان.

ف: فانۆسە
فانۆسی چاوەڕوانی
شین شین دەسووتێ
لە دەستی ژنێکی ئەسحابەئاسا
بێوەژنێکی شانزە ساڵ
لە سەر کۆسپەی تەنهایی.

ا: ئومێدە
ئومێدی گەڕانەوە
بۆ ناو ئاهەنگی ڕەنگەکان

ئومێدێکی پڕ ئوبهەت
بۆ درەوشانەوە لە ناو تەمەن و
ئاشنابوونەوە بە ساڵە لەدەستچووەکان.

ل: لێڵ بوو نیگامان
تەم لوولی داین
بۆ نەخشبوون لە سەر لێواری کتێبە پیرۆزەکان.

ئـ - ە -ن - ف- ا -ل ، ئـ - ە -ن - ف-ا -ل
دەنگ هەڵیکرد
دەنگی مەئیووسی غەزو
دەنگی گەردەلوولی سارا و تۆفانی بەرد
دەنگ هەڵیکرد
دەنگی غەور، دەنگی غارەک
ئەنفال هەڵیکرد
ئـ - ە –  ن- ف - ا – ل، ئـ - ە –  ن- ف - ا – ل

دایکم لە سەر کۆسپەی چاوەڕوانی
ملوانکەی ئومێدی دەهۆنیەوە
کاتێ زرمەی لاشەی کۆرپەکەی
کەوتە ناو کۆش.

دەنگ هەڵیکرد
دەنگی غەیز، دەنگی غەزو
غەزوی باخچە، غەزوی ڕەنگ، غەزوی فڕین
ئەنفال هەڵیکرد
ئـ - ە – ن- ف - ا – ل، ئـ - ە – ن- ف - ا – ل

هاوار لە بێدەنگیی چاوەڕوانیی دایکمدا دەبارێ
کەس ناوێرێ بڵێ «مردن»
ئەو لە سەر کۆسپەی ئومێد
سیانزە ساڵە
فانۆسی چاوەڕوانی هەڵکردووە و
ملوانکەی بینینەوە
بۆ کۆرپە ناوەنجیەکەی دەهۆنێتەوە
فانۆسی چاوەڕوانی
لە ناو کۆڵانە تەنگەکانی هیوا
لە دەستی پەنجا هەزار بێوەژنی ئەسحابەئاسا
شین شین دەسووتێ
فانۆسی چاوەڕوانی

بریستڵ، ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠

---

١. لە ژمارە ٨ ی گۆڤاری(Poetry Salzburg Review (Autumn, ٢٠٠٥, Salzburg دا بڵاو بۆتەوە.

## گۆڕێکی شووشەبەند

لە ناو دەشتایی *با*دا
چوارمشقی دانیشتبووم
ئەو بە پەلە خۆی کرد بە ژووردا
بوار نەبوو بۆ هەڵکردنی چرا
لە تاریکیدا یەکتریمان ماچ کرد
تاریکی، تاریکی، تاریکی

ئینجا ئەو دەیوت
«خۆشەویستی پەڕاموچەیەکە بە دەم باوە
لە نێوان من و تۆدا دەخولێتەوە
ئاخۆ لە سەر ڕۆحی کاممان بنیشێتەوە ڕۆژێ؟»

بێدەنگیمان پڕ بوو لە سەرسامی

له چپەی ناگەهان
له ئارەزووی بەتینی ڕاکردن
ڕامانکرد ڕامانکرد
توند ڕامانکرد
لەپڕ دەرگاکه داخرا
ئەرێ تۆ دەزانی چی ڕوویدا؟

پرسیارەکانی ئەوسامان
کاڵ کاڵ
له پەراوێزی ئاوێنەکان
له نێوان دەستەکانماندا
بۆ چۆڕێ قەناعەت حەسرەتیان دەڕژت
دەبوایه سەفەری خۆیان دوا بخەن
نەدەکرا وەڵامەکان به ڕووتی
له سەر شەختەی ساڵەکان جێ بهێڵین
ئەی چی به کات بڵێین
که له سەر شانەکانمان
ددانی جیڕ دەکردەوە و قاقا پێدەکەنی؟!

زەمەن بێڕەحمانه دەخلیسکێ
هەڵکەوت نەبوو
باڵەکانمان نووشتانەوە
کاتێ چراکه داگیرسا

کەشتییەکی چارۆگەدار
لە قەدی تەماشامان کەوتە خوار
دەبوایە سەفەری خۆی دوا بخات
ئەو گەشتە قەدەرییە
نەدەبوایە ئاوا بەپەلە بکەوینە ڕێ

چوارمشقی لە ناو پانتایی خەون
ئەو بەپەلە خۆی کرد بە ژووردا
بوار نەبوو پەنجەرەکان بکەینەوە
تا پەپوولەکانی شەهوەت گۆرانی لێوە بڵێن
شمشاڵێ نەبوو
بۆ لێدانی ئاوازی لەززەت

بەپەلە
زۆر بەپەلە
زەمەن بێڕەحمانە دەخلیسکێ

نەدەکرا پێکەوەیی هەڵگرین
بۆ دوارۆژی سەدەکان
ئەی چی بە ساوا جوانەمەرگەکە بڵێین
کە پێکەوە
لە باخچەی سانت ڤانسنت دوپۆلدا ناشتمان؟
تۆ چوویت گوڵ بکڕیت

کە هاتیەوە، سەر جێگاکە خاڵی
کە هاتمەوە، ژوورەکە پڕ بوو لە تارمایی
نا نەدەکرا
بەو ناوەختییە ژوان لەگەڵ ئەو هەموو مەرگەدا
نەدەکرا
دەبوایە دڵی دوورییەکان نەڕەنجێنین
نووشتەی پیرۆزیش بکەینە گەردنی نزیکبوونەوەکان
چنگێ جوانیش هەڵگرین
بۆ سبەینێی ڕۆژەکان
بۆ ئەو ساتانەی کە تەنی نۆستالژیا
دێتە ژوانمان
ئێمەش ساویلکانە
لە سەر چڵی زەمەن دیلانێ دەکەین

ئەوسا کە بە ئەسپایی خۆت کرد بە ژووردا
بیرت نەچێ
بە پەپوولەکان بڵێ چاوی عەشقتان ڕۆشن
بە پەنجەرەکانیش بڵێ
خۆشەویستی تەنها لە ئازادیدا خونچە دەگرێ؛
ئەوسا کە بە ئەسپایی خۆت کرد بە ژووردا
بیرت نەچێ
ساز و شمشاڵێ لەگەڵ خۆت بێنە
با بە ئەندازەی نزیکبوونەوە

سۆزی لەززەت بژەنین
بە فراوانی سنوورەکانیش
ستران بچڕین

کە گەیشتینە بەردەم دەرگا داخراوەکە
شادە و ئیمانێ بێنە
ئەمە مەرقەدی عەشقە
چارەنووسمان لە ناو گۆڕێکی شووشەبەند
چاوی لێکناوە
لە سەر کێلەکەی هەڵکەنراوە :
«ڕزگاربوون نە لە دەرچووندایە دایە، نە لە مانەوە
سەڵەوات لە دیدارت ئەی عاشقی پیرۆز»

ئینجا ئەو دەیوت
«خۆشەویستی، پەڕامووچەیەکە بە دەم باوە
لە نێوان من و تۆدا دەخولێتەوە
ئاخۆ لە سەر ڕۆحی کاممان بنیشێتەوە ڕۆژێ؟»

لەندەن، پاییزی ۲۰۰۱

## دەنگ

دەنگێکی بەپەرۆش لە دەرگا تەنهاکەوە پرسی:
ئەرێ بەختەوەریت؟

نزیک بۆوە
نزیکتر،
لە دەرگا نیگەرانەکەوە وتی:
ژیان جەنگە
بەختەوەریش ساتە، دەبێ بیگری
جوانییە، دەبێ بینۆشی
وشەیە، دەبێ بیدرکێنی
سۆزە، دەبێ بەشی کەی
قەناعەتە، دەبێ دروستی کەی
بەختەوەری پەیژەیە

وەرە با پێکەوە بە سەریا هەڵگەڕێین.

دەنگێکی بەسۆز لە دەرگا نائومێدەکەوە
ئەم وشانەی دووبارە دەکردەوە

بریستڵ، بەهاری ٢٠٠١

---

ئەم شـیعرە کە لە دیـوانی (Bells of Speech,Ambit,٢٠٠٦) بـڵاو کـراوەتەوە وەکـو شـیعرێکی پەسەندکراو و "پەیامئامێز"ی ڕەخنەگری هونەریی ئینگلیزی سستەر وەندی بێکێت بۆ ئەنتۆلۆژیایەکی شیعری ئینگلیزی هەڵبژێردراوە بە ناوی:
Inspired Verse, (by Wyndham Thomas Corsham Print, Easter ٢٠٠٧).

## پەیڤەکانی خۆشەویستی

١

دابەش دەبم

لە نێوان وشە و ڕەنگ

سیمام لە ڕەنگدا بەرجەستە دەبێ

حەقیقەتم لە وشە

٢

هێڵەکان *با*ن

*با*ن هێڵەکان

لەگەڵیان بەرەو تۆ هەڵدەکەم

واتە بەرەو خۆم

٣

پەنجەی ڕۆژەکان
سپیایەتیمان لێڵ دەکەن
تەنها لە ناو یەکتریدا
ڕۆشناییمان
نەخش دەبێت

٤

لە ناو یەکدا دەتوێینەوە
ئاوەژوو دەبین وەک سۆفی
لێژ دەبینەوە بۆ ناو ناسینی نەناسراو

٥

دەمێکە
لەگەڵ تۆم
واتە
لەگەڵ خۆم

٦

لە فەزای پێکەوەییمان
پەنجە دەڕوێن
پەنجەی ڕەنگ

تەنها ئەو پەنجانە دەتوانن
سنووری نێوان من و تۆ بکێشن

لەندەن، هاوینی ١٩٩٨

---

ئەم کورتە شیعرانە لە سەر چەند تابلۆیەکی هونەرمەند ڕێبوار سەعید نووسراون لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی هونەری بە ناوی «وشە و ڕەنگ».

## گۆرانییەک بۆ هۆزەکەم

*سوپاس بۆ ئۆکتاڤیۆ پاز*

من تیشکم
زایەڵەم لە بەرزاییەوە دەترازێ دەڕژێمە سەر ڕوخسارتان، لە ناو چاوتاندا ڕەنگ دەدەمەوە، بەردتان ڕۆشن دەکەمەوە، بەردە سەرەتاییەکانتان، دەڕژێمە زەمەنتان و خوڕڕەم دێ، وشکاییتان سەرچاوە نادیارەکانی دەپێچێتەوە، شەلاڵێکی زێڕەوشان ڕوو دەکەمە پانتاییتان، لە ژێر برژانگەکانتان گۆرانی دەڵێم، لە کەنارتان ڕادەکشێم، لەشتان شێوەی ڕووبار وەردەگرێ، لە سەر پێستتان خۆم هەڵدەخەم
"سۆزی هەتاو لە سەر گژوگیای خەوتوو"

تیشکتانم ...
سیمام باڵ دەگرێ، بەرزاییەکانی بێدەنگیتان تەی دەکەم، شەوق

دەبارێنمە سەر زەنگوڵی وتن، نیگایەک دەپشکوێ، بینین باوەش
دەکاتەوە، سپیایەتی دەڕژێتە ناو شیناییتان، بەردەکان دەبنە
پەلکەزێڕینە، بەردە سەرەتاییەکانتان، دەڕژێمە زەمەنتان و خوڕەم
دێ، غوبارتان خونچە دەگرێ، ئاسمانتان چارۆگەی شەرم دەگرێتەوە،
لە ژێر چڵی گەرماییمدا پیت پێ دەگرێ
ئاوازی ڕەنگ لە بەردەرگای تەمەن

تیشکتانم ...
دەتکێمە سەر جەستەی ساڵەکانتان، نوور ڕۆ دەکەمە بەرپێی
پیریتان، منداڵیتان ڕادەژێنم، دەست دەخەمە سەر سنگی
شەوەکانتان، ناولەپم گڕ دەگرێ، بسکی درێژی خەونەکانتان لە سەر
گۆنای سەردەم، دەڕژێمە زەمەنتان و خوڕەم دێ، بەردەکان
دەتریقێنەوە، بەردە سەرەتاییەکانتان، زەمەن باوەش
دەکاتەوە، زەمبیلێ وشەم پێیە، دێم و ملوانکەی دوارۆژ دەکەمە
گەردنی ئێستاتان، گەڵایەکی نارنجی لە سەر پەرچەمی هەور، بەرز بەرز
هەڵدەکەم
دەدرەوشێنەوە لە ژێر تریفەی پەیقم

تیشکتانم ...
ناولەپی ئەستێرە جێ نزرگەمە و لە قووڵاییەکانی فڕینەوە هەڵدەکەم،
چەشنی هوما دەنیشمە سەر شانی تەماشاتان، ناوچەوانتان پێروو
دەگرێ، ڕوخسارتان وەک چرا دادەگیرسێ، دەڕژێمە زەمەنتان و
خوڕەم دێ، بەردەکانتان دەبنە شینەشاهۆ، بەردە سەرەتاییەکانتان،

دەدەنە شەققەی باڵ، ئاسمانتان لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە، دڵۆپێ
شینایی دەتکێتە بەرپێتان، دەستنوێژ هەڵگرن پەرییەک دێتە
حوزوورتان، چەشنی پەڕامووچەیەکی کەسک لە بناری با، دێم و دەستی
موبارەکی بە پشتتاندا دێنم، ڕۆح شاگەشکە دەبێ، جەستەتان نووری
لێ هەڵدەستێ، جوانی جریوەی دێ لە ژێر پڕشنگی پیرۆزییم
هۆ هۆزە پەڕەوازەکەم.

بریستڵ، زستانی ٢٠٠٢

## سیمفۆنیای ژیان

*بۆ نەوزادی کوڕم*

من کۆنترم لە ژیان
کۆنترم لەو بایەی کە لە ڕۆژهەڵاتی جەستەم هەڵیکرد
بەلەمێکی نارنجی بەرەو باکوورم دەبات
من کۆنترم لە ئاوابوون
من کۆنترم لە کۆنبوون

لە باشوورمدا مەودایەکی فراوان
لە ڕۆژئاوامدا هێمایەکی هاوسەنگ
من ئاهەنگی ئێوارانم و
کۆنترم لە درەختی ژیان
کۆنتر لەو چرایەی لە دوورگەکانم داگیرسان
کۆنتر لەو نافوورە کریستاڵییەی لە پانتاییمدا هەڵدەچێ

من کۆنم
کۆنترم لە سپیایەتی بەفر و
سۆزی هەتاو

من کۆنم
کۆنتر لە گردە سوورەکانی مەریخ و
ئاگری بورکانەکان
من کۆنترم لە خەونە سەوزەکانی تاشەبەرد و
ڕامانی کەنارەکان
من کۆنترم لە سووڕی دەریا و
هەڵچوونی شەپۆلەکان
من کۆنترم لە دوێنێ و
نوێترم لە سبەینێی ڕۆژەکان

من بڵندم
بڵندتر لە لووتکەکانی وتن و
ئەفسانەی جوانییەکان
بڵندترم لە پیری و
باوەشی گەرمی ئەستێرەکان
من بڵندترم لە ڕۆشنایی و
تەماشای شینی باڵندەکان

من پانتاییەکم

له پێکەنین

له گریان

له هەناسه

من پێدەکەنم

من دەگریم

من سەما دەکەم

من گەورەترم له گەورەبوون

نەمرترم له مردن

من دەژیم

فەڕەنسا، فێبرایری ٢٠٠٤

**ئەندێشە**

گەڵایەکی نارنجی
لە سەر باڵە سپییەکانی با کۆچی کرد
ئینجا دەنگێ لە هەوادا هەڵیکرد:
"مەنفا بەڵێنی خاکێکی گوڵشەن و هۆزێکی ژیرم پێ دەدا
کە من تیایدا خۆم بم و
ئازادیش هاوڕێی مرۆڤ"

فەڕەنسا، هاوینی ٢٠٠٣

---

ئەم شیعرە لە دیوانی Bells of Speech لە لایەن Sante Lucia Booksی ئەمریکییەوە هەڵبژێـردراوە و لە کتێبی The Poetry of Recovery لە ساڵی ٢٠٠٧دا چاپ کراوەتەوە.

## دەهۆڵژەنەکانی سەحەر

لە سووچێکی شەودا
زەمین سەمای دەکرد و
ئێمەش زارۆکی مەوجێ بووین
لە مەوجە دێرینەکان

شار پانتاییەکی شین بوو
پڕ لە وردە ئەستێرە
گەڕەک دۆڵێکی درەوشاوە
کۆڵانەکان تەلیسمێ بوون لە سەدا
سەدای سەوزی دەهۆڵژەنەکانی سەحەر
کە بەر ڕوخسارمان دەکەوت و
ئاوێتەی ڕەنگ و ڕیتمی دەکردین

زارۆکی مەوجێ بووین لە مەوجەکانی بەرائەت
لەگەڵ یەکەمین ژەنین
تێکەڵ بە ئۆرکێسترای سەحەر دەبووین و
پاشێومان دەکرد
بە چنگێ ئەفسوون و
هێشوویەک لە بۆنی بخوور
لە گوێسوانەی سەربانە قوڕینەکانەوە
خۆمان شۆڕ دەکردەوە
بۆ بینینی ڕەنگی ژەنین و
چنینەوەی نەسیمی تەماشای دەهۆڵژەن.

زارۆکی مەوجێکی دێرین بووین
پەنجەکانمان بۆنی ڕیتمی لێ دەهات و
ترپەی دڵیشمان خوداوەندانە
چەشنی ئاوازی دەهۆڵژەن
تێکەڵ بەو پانتاییە بلوورینە دەبوو
پانتایی سەحەرەکانی ڕەمەزان

سپێدانیش کە لە خەو ڕادەبووین
پیاڵەیەک لە سۆزی نەشکاوی دایک
فتاری پێ دەکردینەوە و
چون پەپوولەی هارمۆنیا
لە سەر چڵی ڕۆژەکان بەرز بەرز دەفڕینەوە

فەڕەنسا، پاییزی ٢٠٠٣

## پاش عەسرانی لواغ

تەنها
وەک هەموو ئێوارەیەک
کۆنە کتێبێک لە ژێر هەنگڵ
بە کەناری لواغدا[1] ڕادەبوورم

ئینجا من گوێم لێیانە و دەڵێن
ئەمە زەمەنێکی وشکە
لواغ وەک جاران ناتریقێتەوە و
گوڵی ئاوریشمی نادا لە پەرچەمی با

لواغ باڵای وەرزێکی دێرینە و
ساوایانە سەردەکا

پۆلێ مناڵی کەسک و سوور
تەنکە بەردی نەرم دەگرنە ڕوخساری لواغ
بازنە ئاوییەکان
لۆچی تەماشای
پیرێژنە سەر ڕووتاوەکانی ئێوارەکانی ئەم ناوەن
کە لە ناو بۆشایی ڕۆژەکان دادەنیشن و
خەون بە سپێدەکانی تەمەنەوە دەبینن

لواغ توولە ڕێیەکی نارنجییە و
بە هێواشی دەکشێ بەرەو دۆڵێکی خۆڵەمێشی

سەرخۆشەکان
گەردێکی وەنەوشەیین لە سەر گۆنای ساڵەکان
قوتووە بیرە بەتاڵەکان لە کەمەری لواغدا
پشتێنی زێڕینی تەنهایین

لواغ هۆڕەی دەشتێکی سپیواژە
بەبێ ئامان هەڵدەکا

ئینجا ئەوان بەردەوام دەڵێن ئەمە زەمەنێکی وشکە
نەوڕەسەکان ئۆپێرای فڕین ناگێڕن
تاشەبەردەکان چیتر خەون نابینن

لواغ پاش عەسرانی تەمەنە و
بە دەم غەیبەوە ڕێ دەکا

من بەردەوام گوێم لێیانە و دەڵێن
ئەمە زەمەنێکی وشکە
سەرنجە شین و بێدادەکانی لواغ
هێمای تەنکی موسافیرێکی بێ ناوونیشانە
کە هەموو پاش عەسرانێک
کۆنە کتێبێک لە ژێر هەنگڵ
دێت و دەڵێ
"ئێوارەت باش لواغ" و
ئاوا دەبێ

تووغ، هاوینی ١٩٩٠

١. لواغ ناوی ڕووبارێکی بەناوبانگە لە فەڕەنسا.

## **حیکایەتەکانی نەنکم**

*پێشکەشە بە برای جوانەمەرگم قوباد*

لە سەر پانتایی نادیاریت
پەنجەرەیەک کرایەوە
پەنجەرەیەک بە ئەندازەی شادبوونەوە بە یەکتری
پەنجەرەیەک بە ئەندازەی دیدارێ
لەگەڵ جاران و
لێژبوونەوە بۆ ناو عیرفانی حیکایەتەکانی نەنکم

ژیان دەشێ دانیشتنێکی وەنەوشەیی خوشک و برا بێ
لە ناو ژووری سپیی وشە و
بەر ئاگردانی حیکمەتەکانی نەنکم

ئینجا ئەو دەیوت
ژیان دەشێ چاوەڕوانییەکی شین بێ
بۆ دیداری عەشقێ یا بۆ لێکدابڕان
چاوەڕوانی لەدایکبوونی ڕوئیایەک
یا تێکەڵبوون بە غوبار

ژیان دەشێ چاوەڕوانییەکی شین بێ
چاوەڕوانیی ونکردنی هەمیشەیی یەکێک و
سەرەتای کۆتاییەکان
کۆتایی پێکەوەیی و
سەرەتای خۆڕاهێنان

ژیان دەشێ تەنها خۆڕاهێنان بێ
خۆڕاهێنان بە پێکەوەیی
یا بە ڕووبەری دوورییەکان
خۆڕاهێنان بە نادیاری و
بە سیمای ساردی ساڵەکان
خۆڕاهێنان بە چاوەڕوانییەکی دیکە
چاوەڕوانیی کردنەوەی پەنجەرەیەک
بە ئەندازەی بینینەوە و
سپاردنی کلیلێ لەگەڵ قەناعەتێکی ڕووت
بۆ قفڵدانی دەرگاکان
دەرگایەک لە سەر دووری

یەکێ لە سەر درەشانەوەی ساتەکان
دەرگایێ لە سەر عەشق
یەکێ لە سەر جوانەمەرگیی ڕوئیاکان
دەرگایێ لە سەر ژووره سپییەکانی وشە و
یەکێ لە سەر هەبوو نەبووەکانی نەنکم
دەرگایێ لە سەر هەیوانی ئەو کۆشکەی
کە من و تۆ پێکەوە پیایدا تێپەڕین
دەرگایەک لە سەر ئەو دەرگایەی
کە لێی هاتینە ژوورەوە و
یەکێ لە سەر ئەبەدییەتی پەیوەندییەکان

ئینجا نەنە ئامینم دەیوت
ژیان دەشێ تەنها دەرگایەک بێ
بۆ گوزەرکردن بەرەو پانتایی ئێرە و
چوونەدەرەوە لە دەرگایەکی دیکە
کە بە هەمیشەیی دادەخرێ

فەڕەنسا، پاییزی ٢٠٠٣

**ئارامی**

وەرە با ڕاکشێین
چاوەکانمان لێکنێین و
گوێ لە مۆسیقای خۆر بگرین
لە تاڵە گیاکان کە گۆرانی دەڵێن
دەبا وتن کەمێک ببۆرژێ و
وشەش سەرخەوێ بشکێنێ

فەڕەنسا، مایسی ٢٠٠٤

## عەشق و غیاب

تەنها لە عەشقدا لەش دەبێتە گەڵا و
سەریش کەمانچەیەکی ئەفسووناوی
سەرتاپات سووک و ڕۆشن
تۆ دادەگیرسێی
هاوتا دەبیت بە نۆتەکانی شۆپان و
بە پانتاییە زەردەکانی ڤانگۆغ
هاوتا دەبیت بە ئازارە بەتینەکان
بە دڵگرانییە نەرمەکان
بە پێکەنینە منداڵییەکان
بە گریانە شینەکان
هاوتا دەبیت بە هەموو ئەوانەی لە بزاوتێکی نەرم و پڕجۆشدان
بزاوتێکی هارمۆنی و ڕاکردنێکی دەروێشانە
هاوتا دەبیت

چەشنی پەڕامووچەیەکی سپی بە دەم باوە هەڵدەکەیت
هاوتا دەبیت
چەشنی فیغانێکی سەرکەش هەڵدەچیت
تۆ دەفڕیت و سنوورەکان دەبڕیت
سنوورەکانی لەش
سنوورەکانی تێکەڵبوون
سنوورەکانی چێژ و مەینەت
سنوورەکانی ژیری و شێتبوون
تۆ لە جووڵەیەکی هێمن و هەڵاتنێکی نائارامدایت
تۆ نە لێرەیت و نە لەوێ
ئەی هاودەمی من!
بەرەو کوێ دەچی
لە سەر ئەو زەمینە ئاوریشمییەی غیاب؟

فەڕەنسا، بەهاری ٢٠٠٤

## ئاشتیی ئاوەز

لە سەر زەمینی دڵنیایی
جەستەم بەفرێکی ئارامە و
ئاوەزم دەریایەک لە پەیڤ
ئەوانەی کە بیرەدا تێپەڕین هەرگیز ناگەڕێنەوە
ئیتر بۆچی دابمێنم؟

دەبمە بایەکی پیرۆزەیی شین
ئازارەکانیش تۆپەڵە لۆکەن
دەیانبەم دووریان دەخەمەوە
شەپۆلی نەرمی ژیان
لە ناخمدا هەڵدەچێ

فەڕەنسا، ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤

## هێڵی ئاسۆ

هەندێ جار وا پێویست دەکات
ئارەزوومان درێژ بکەینەوە
تا سەر هێڵەکانی ئاسۆ
لەوێدا نیشتەجێ بین
لە سەر زەمینێ کە لە چاوترووکانێکدا شین دەبێ
چەشنی سورەبیا دادەگیرسێ
سەرزەمینێکی مەلەکووتی
پانتایی سیمفۆنیایەک پڕ لە تەماشای من و تۆ
ژیان چی دەگەیەنێ بەبێ ڕۆشنایی خۆشەویستی؟

## جەستەم هی ئێوە نییە

زەمینێکی سپی
پڕ لە هێڵی کەسک
جەستەم بە نەرمی شین دەبوو

هێڵەکان هەر زوو کران بە سنوور
سنووری نێوان من و خەونەکان
سنووری نێوان من و لەززەت

سەرەتا دایکم
بە بەرائەتی هات و
منی خستە ناو دەستی جادووگەرێک و
وتی: «با بۆ هەمیشە ستایشی خودای بە سەردا بباریێ»
لە باشوورمدا ڕووبارێکی سوور هەڵچوو

له بەر پەنجەرەی منداڵی
شەوێک چرپەیەک هەڵیکرد
چرپەی دەستێک لە کاتی گۆرانیدا
لە سەر جەستەی کەنارە ڕووتەکان
لە ناو تەڕایی لم
باخچەیەک سەوز بوو
ئاوازێک بەرز بووەوە و ئەوانی بێدار کردەوە
ئینجا بڕیار درا پەنجەکانی من ببڕن
لە ڕۆژهەڵاتمدا زەریایەکی سوور هەڵچوو

کاتێ شنەی پێکەنین
بە ناو پرچمدا هەڵیکرد
ڕوخسارم داگیرسا
تەماشام پڕ بوو لە نوور
کانییەک لە شەونم لە دایک بوو
لەگەڵ سیمفۆنیایەک لە هەوا
ئینجا ئەوان بێدار بوونەوە
بڕیاریان دا لێوەکانم ببڕن
لە ڕۆژئاوامدا لافاوێکی سوور هەڵچوو

دواتر سەربازێک هاتە ناو باخچەکەم
گوڵە بەیبوونە سپییەکانمی برد و

وەرزەکانمی هەڵوەراند
ئینجا ئەوان هاتنە گۆ و وتیان
ئەمە تاوانی خۆی بوو،
منیان خستە ناو دەستی پیرەمێردێک
چنگێ تاریکی ڕژاندە سەر گەنجیەتیم
ئۆقیانووسێکی سوور سەری کرد بە باکوورمدا
لە ١٢ساڵیدا من کرام بە بێوەژن

لە هەراشیمدا
فێر بووم لەگەڵ خود ئاشت بمەوە
پانتاییەکی پاییزی پڕ لە هێڵی با
جەستەم بوو بە هی خۆم
ئینجا لە ناوەڕاستدا
نەمامێکم ناشت
نەمامی ئازادی
بەڵام من یەک بووم و ئەوانیش گشت

فەڕەنسا، حوزەیرانی ٢٠٠٤

## تابلۆی زارۆکێک

*لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە*

هێڵێکی شین دەچەمێتەوە
بەرەو لات گڤەی دێ
ئاماژەیەک ڕووەو سەروو چیت پێ دەڵێ؟
باوەشێک بازنەی تێکهەڵکێش
یەک ئاراستە و یەک پەیام دەنووسنەوە:
"ژیان زنجیرەیەکە لە جیابوونەوە"

ئینجا من لە دایک بووم
من بۆ ئەبەد جیا بوومەوە

هێماکان هەموو بەرەو من کشان

هەموو لە سەر زەمینی من خەڵوەتیان گرت
تارماییەکانی گەنجیەتی تۆ و
پانتاییەکانی ئارەزووت
ڕەنگەکانی منداڵیی من
سەیری باشووری ڕوخسارم بکە
چەند ئەفسووناوین خاڵە سەحەرییەکانی من
چەند درەوشاوەن گۆشەکانی جارانم
لە توێی بازنەکانی ئێوەی
دایک و
ئەوی باوکدا
ئینجا من لەو جیا بوومەوە
ئەو کە هەر لە ئەزەلەوە نادیار بوو

تۆش دوای ژانە مەزنەکان
دوای ڕەتبردن و خلیسکان
کاتێ هەوڵت دا هەڵسیتەوە
من لە دامێنی ڕێگا جێ مام

دایکی داچڵەکاو
کاتێ ویستت من سەرکەوم
خودی خۆت کرد بە پەیژە بۆم

ئینجا تۆ جێ مای
تۆ جێ مای لە دەروازەی ئێستا و
چرای منیش لە ئامێزی ئایندەدا داگیرسا

لیبیل، ٢٨/ ١٢/ ٢٠٠٤

---

ئەم شیعرە لەسەر هێڵکارییەکی نەوزادی کوڕم نووسراوە کە لە تەمەنی ٣ساڵیدا لە باخچەی ساوایان کێشابووی. شیعرەکە لە دیوانی Bells of Speech بڵاو کراوەتەوە و دواتر لە ماڵپەڕی شیعریی جیهانیشدا بڵاو بۆتەوە. بڕوانە: http://uk.poetryinternationalweb.org/

## مانگ و دەریا

مانگ پڕە و جەستەی منیش دەریا
کەناری ڕۆژئاوام هەڵدەچێ و لێژ دەبمەوە
لە باشوورمدا پانتاییەکی نیگەران دەڕوێ
لە ژوور سەرمدا هێمای خۆشەویستێ نەخش دەبێ
سەرتاپام بەرەو ڕۆژهەڵات سەفەر دەکا
لەوێ لە ئامێزی خوداکان
لە سەر ڕووبەرە بێپایانەکانی سۆز و
گردە بەرزەکانی میهرەبانی ئارام دەگرم
لەوێ جارێکی دیکە منداڵ دەبمەوە و
لەگەڵ برا بچکۆلەکەم سواری بەلەمە گەڵاییەکان دەبین
دەچین تا ئەوپەڕی بەرائەت
تا بەرزاییەکانی جوانی

مانگ دادەکشێ و من هەڵدەکشێم
چ قودرەتێکە ئەم ئاوێتەبوونە!
ئەم توخمە گەردوونییە منم و
ئاسمانیش مەزارێکی سپی بۆ ئارامبوون
من فراژوو دەبم
هەڵدەچم تا ترۆپکی فەزیلەت
تا گۆنا شینەکانی فڕین
ئینجا تێکەڵ دەبم بە بێدەنگیی دایکم
بە ڕووبەرەکانی پاکیزەیی

لە کام مەرقەدی ئەسحابە و
پەرستگای کام خوداوەندا
دوعاکانم هەڵواسم؟
مانگ دادەکشێ و من هەڵدەکشێم
ئەو ئاوەی منی هەڵگرتووە
ڕوو دەکاتە گشت ڕووبەرەکان
فۆرمەکانی بەردەوامبوون
وەکو شەپۆل
من هەردەم لە نوێبوونەوەدام
هەردەم لە گەڕاندام
بە دوای ئەو کەسەی کە بێرەدا تێپەڕی و
بۆ ئەبەد لە غیابدا جێگیر بوو
من نوێ دەبمەوە

سەرلەنوێ تێهەڵدەچمەوە
لە ناو سەرما نەمامێ دەڕوێ
گەڵاکانی لە پەیڤ و ڕەنگی لە پەلکەزێڕینە
جەستەشم ئاوێکی سرەوت
کەنارەکانم خونچە دەگرن
خونچەی وتن
سەرتاپام دەبێ بە ئێستا
هەموو ڕووبارەکان ڕوو دەکەنە من
سەیری زەمەن کەن چەند سەرکێشانە ڕێ دەکا!
مانگ دادەکشێ و من هەڵدەکشێم
قووڵاییەکانم پڕن لە یاقووتی وشە
من لە توخمی ئاوم
هەڵدەچم چەشنی نافوورەیەکی کریستاڵی
درەختێک لە ڕۆشنایی
دەبم بە ئاوازێکی ئەفسووناوی
پەنجەکانی پەرییەک لە سەر تەوەری شانەکانما
هارمۆنیا پەخش دەکا
فەزیلەت هێشوو دەگرێ و
هێمنی لە ژێر پێماندا سەوز دەبێ

مانگ دادەکشێ و سەرنجێ جێ دەهێڵێ
سەرنجی نەمری خۆشەویستێ
کە بیرەدا تێپەڕی

تێپەڕینێکی نەمر بەرەو ئەو شوێنەی کە کەس لێی ناگەڕێتەوە[١]

مانگ پڕە و
جەستەی منیش دەریا

فەڕەنسا ٢٠٠٥

---

١. ئاماژەیە بۆ دێڕێکی «کۆمیدیای ئیلاهی»ی دانتێ.

## دیوار

*لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە*

ئێوارەیەک
لە خەوێکی قووڵ بێدار بوومەوە
خۆم بینی لە گۆشەیەکی ساردی سەر زەمین
لە ناو نادڵنیاییدا ڕۆنیشتبووم
لە ناو نادڵنیاییدا من گەڕام
گەڕام بۆ سیمای نەرمی ئاسمان
بۆ بۆنی خۆڵ دوای بارانی هاوینان
من گەڕام بە دوای لای‌لایەی درەختەکان
بە دوای سێبەری پڕ سێبووریی دایکم
بێدەنگیی پڕ نووری باوکم
من گەڕام بە دوای گڕوگاڵی خوشکە ساواکەم
حوزووری پڕ ئومێدی براکەم

له گۆشەیەکی ساردی سەر زەمین نادڵنیا
بەرامبەر بە دیوارێکی ڕووتی مەنفا
حیکمەتی بەردم دەخوێندەوە
لەوێ
لە ناو بێدەنگیی ڕووتی بەرددا
ڕوخساری ڕۆچووی باوکم بینی
زەردەخەنەی سڕبووی خوشکە ساواکەم بینی
دیوارێکی ڕووتی ڕاماو
مەرگی ئەوانەی تێدا قەتیس مابوو
کە بارانی شینی هەڵەبجە بواری نەدان هەڵبێن
بەرەو پەناگای ئێرە
سووچێکی ساردی سەر زەمین

کاڤەرشام، زستانی ٢٠٠٦

---

ئەم شیعرە لە دیوانی Bells of Speech لە لایەن Sante Lucia Books ی ئەمریکییەوە هەڵبژێردراوە و لە کتێبی The Poetry of Recovery لە ساڵی ٢٠٠٧ چاپ کراوەتەوە.

## دارتوو

دارتوویەک
لە پانتایی زەمەنێکی دوور
لە سەر زەمینی منداڵی
شکۆمەندانە هەڵچووە
لە ڕێگایەکی سەرەولێژ
بەرەو ڕووت دێم
تۆ باوەشت کردۆتەوە و
کڕنۆش دەبەیت
بۆ بەژنی بەرائەت
دەستەکانت درێژ دەکەیت و هەڵمدەگریت
لێوی وەنەوشەییت ماچ دەکەم
ئینجا لەسەر گردۆلکەی کەسکاییت دامدەنێیت
لە سەر ناوچەوانت دەخەوم

گۆنام دەنێم بە گۆنای ئەرخەوانیت
لە سەر شان و ملت خلیسکانێ دەکەم
کاتێ دەگەمە سەر سنگت
بەرامبەر بە نیگای هەتاو
بە ئارامی ڕادەکشێم
شنەبا ڕامدەژەنێ و
پەنجەی خۆر دەملاوێنێتەوە
نمەی شینایی بە سەرمدا دەبارێ
لە سەر سنگت من دەبم بە پیرۆزە
دەبم بە فریشتەیەکی شین شین
لە سەر سنگی دارتووە مەزنەکەی شاخی مشکە
لە پانتایی زەمەنێکی دوور
بە سەر زەمینی منداڵی
دادێمەوە دەنکە توو دەخۆم و
هەڵدەکشێم
بە کەمەری دارتووی مەزندا هەڵدەگەڕێم
دەست لە پێستت دەدەم و
برووسکەیەک
هێڵێکی ئاڵتوونی بە ناو قەدما دێنێ
پەنجەرەیەک لە سەر ڕوخسارت واڵا دەبێ
من لەوێوە داهاتوو دەخوێنمەوە
سەرگوزەشتەی جەنگ و کۆچ و مەنفا
جەنگ هەڵگیرسا و

گردە کەسکەکانت پڕ بوون لە دەنگی خۆڵ
سەرسنگت بوو بە گۆڕستان
شانەکانت منارەی فیغان

من لەوێوە هاتم و
لە ئاوێنەی نیگاتەوە
داهاتووم خوێندەوە
سەرگوزەشتەی جەنگ و کۆچ و مەنفا
ئینجا من کۆچم کرد
کۆچێکی ناوەخت
بۆ ناو وەرزێکی شین
لە تەلان و سەرسنوور و کەنارەکان
لە کۆڵانەکانی تەنهایی دەخولامەوە
من دەخولامەوە و سۆراغی دەستێکی ئاشنام دەکرد
بەرەو ئەودیوی ئازارەکان
سۆراغی وشەی نوێم دەکرد
تا حەیرانی هۆزە کۆچەرەکانی پێ بهۆنمەوە
سۆراغی تروسکاییەکم دەکرد
بۆ دەرچوون لە تونێلەکان
سۆراغی کەسێکم دەکرد
کە لە ئێوارەیەکی ساردی ئۆکتۆبەر
لە شارێکی غەریب
لە ناکاو لێم ون بوو

سۆراغی خودێکی نوێم دەکرد
کە لە خاڵەکانی کۆنترۆل ڕانەچڵەکێ و
پاسپۆرتێکی مزەوەر
نەکا بە ناسنامەی خۆی
سۆراغی ئاوێنەیەکی ئەفسووناویم دەکرد
کە خودم سەرتاپا
ڕەنگ بداتەوە تیایدا
لە پەنجەرەی کەمەرتەوە
من داهاتووم دەخوێندەوە
سەرگوزەشتەی جەنگ و کۆچ و مەنفا
خۆم دەبینی لە کۆپنهاگن
لە بەردەم پەیکەری فریشتەی دەریا دادەهاتمەوە
بۆ سڕبوونی ئەو بەردە دەگریام کە سووڕی ژیانی تێدا خەوتبوو
لە بەرامبەر ڕووباری باکوور
دەستم ڕادەوەشاند بۆ کەشتییە چارۆگەدارەکان
دەموت لەوانەیە دۆستێکی خۆم
هاوزمانێکی ئەو هۆزە ماندووەی تێدا بێت
کە لە کۆچێکی هەمیشەییدا
بە دوای پانتاییەکدا وێڵە
سەرگوزەشتەی خۆی تیا بنووسێتەوە
لە ناو هێڵی چیرۆکەکانی گریمدا
بە دوای لایلایەی دایکێکی شینپۆشدا دەگەڕام
کە لە سەفەری بەفرانباردا

له سەر هێڵی سنوورەکان
بە دوای خۆڵدا دەگەڕا
تا ساواکەی تیا بنێژێ

من تەنها بووم
لە پەنجەرەی سەر ڕوخساری دارتوویەکی پیر
دوور دەمڕوانی و هێڵەکانی داهاتووم دەخوێندەوە
ئینجا کەوانەیەک کرایەوە و
لە سەر زەمینی شارێکی ئەفسووناوی هەنگاوم نا
لە بەردەم کڵێسای نۆتەردام
عاشقێکی پشتکووڕم بینی
لە سەر ئانیشکی پەیکەری ئاژەڵە ئەفسانەییەکان
هەڵدەخلیسکا و
لە بەردەم برژانگی ئێسمەرالدا دەتوایەوە
لە باخچەی تویلغی پیاسەم دەکرد و
نەخشی یەزدانم دەبینی
لە سەر ڕووی بەردە ساردەکانی لۆڤەر
لە بەرزاییەکانی مۆماغتەوە
دەمڕوانییە کۆڵانەکانی مولانغوش و
تەنی لەززەتم دەبینی
چەشنی مژی چیاکان
لە ناو دۆڵی ڕۆشنایی پاریسدا
تا ترۆپکی شەهوەت هەڵدەچوو

له باخچەی لۆکسمبورگ بۆ دواجار هاوڕێکەم بینی
له دامێنی پەیکەری جۆرج ساندا گریاین
بە بێدەنگی کەوانەیەکمان داخست
کە دەمێک بوو لەسەر ڕووی عەشق کرابۆوە

له ناوقەدی پیره دارتوویەکەوە
دەڕوانمە دوور و داهاتوو دەخوێنمەوە
سەرگوزەشتەی جەنگ و کۆچ و مەنفا
خۆم دەبینم لە شارێکی پڕ تەم
لە ناو تونێلێکی درێژ
لە ژێر قورسایی تەنی ڕۆژەکان
بە دوای ڕۆشنایی ئەستێرەیەکدا دەگەڕێم
بە ئاراستەی باخچەیەکی دوور
کە لە ناوەڕاستیا دارتوویەکی پیر
شکۆمەندانە هەڵکشاوە و
بانگم دەکا:
"گزینگ وەرە لە سەر سنگم سەما بکە و
دەنکەتوو بخۆ"
منیش دادێمەوە
لە جیاتی دەنگە توو
خۆم لە ناو ئەستێرکێک دەدۆزمەوە
پڕ لە وشە

کاڤەرشام، فێبرایری ٢٠٠٦

## ڕۆژێکی ئاسایی

*لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە*

ئەفسەری ئاسایش ئیمڕۆ زوو لە خەو هەڵسا
کراسێکی سپی پۆشی و
سەموونێکی خوارد پڕ لە گوێز و هەنگوین
مناڵەکانی ماچ کرد
زۆر بە گەرمی هاوسەرەکەی لە ئامێز گرت
خوداحافیزی کرد و بەرەو کار هەنگاوی نا

لە سەر مێزەکەی
دە فایل دانرابوو
هی دە لاو لە چاوەڕوانی گوللەباراندا
بە دەم فڕکردنی چایەکی نەعناییی
فایلەکانی ئیمزا کرد

سەعات دە
فەرمانی گوللەباران‌کردنی دا و
زۆر تووڕە بوو لە پۆلیسێ کە ئامانجەکەی نەپێکی
دەمانچەکەی دەرهێنا و
ئامانجەکەی بە دە گوللە پێکا
پێش تەواوبوونی دەوام
سەردانی دایکی دە لاوە کوژراوەکەی کرد
داوای سەد دیناری لە هەریەکێکیان کرد
بۆ خەرجی ئەو گوللانەی کە منداڵەکانی کوشتبوون.

ئێوارە
ئاهەنگی لەدایک‌بوونی براکەی گێڕا

شەو
لە بەردەم ئاوێنە
دڵۆپێ خوێن لە ژێر پێی هەڵچوو
ویستی بیشوا
دڵۆپە خوێن بەرەو سەر سنگی هەڵکشا
ئایا جیاوازی چییە لە نێوان کوژراو و بکوژدا؟

کاڤەرشام، هاوینی ٢٠٠٦

ئەم شیعرە بۆ خەڵاتی Forward Poetry Books ی بەریتانی هەڵبژێردراوە و لە ئەنتۆلۆژیای Forward Poetry Books Prizes لەگەڵ ٤٠ شیعری شاعیرانی ناوداری بەریتانی وەکو "باشترین شیعری ساڵ لە بەریتانیا" چاپ کراوەتەوە. هەروەها لەگەڵ چەند شیعرێکی دیکەی دیوانی Bells of Speech لە هاوینی ٢٠٠٧ لە ماڵپەڕی شیعریی جیهانیدا دووبارە بڵاو کراوەتەوە.

بڕوانە: http://uk.poetryinternationalweb.org/piw

## خودا لە لای دایکم نەمردووە

*لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە*

"حەقیقەت ئەندێشەیە"
نیچە دەڵێ
بۆ دایکم کە قەت نەچۆتە مەکتەب
حەقیقەت هەڵسانەوەیەکی هێمنە
دوای تۆفان
حەقیقەت دوو دەستی پڕ حیکمەتە
بۆ ژیاندنەوەی باخچەکان
حەقیقەت توانایەکی پڕ ئوبهەتە
بۆ دواندنی درەخت و
خوێندنەوەی ئەلفوبێی باران

بۆ دایکم حەقیقەت قودرەتە

بۆ خوێندنەوەی بێدەنگیی ڕوخساری براکانم
کە لە ناو بەرد ڕاکشاون
بینینی تریشقەی نوورە
کە لە ناو شینایی ئاسمان هەڵدەچێ
هێڵێکی سپی دەکێشێ
بەرەو ئەودیوی هەور و ئەستێرەکان

کە تۆ بتوانی
باڵی سپیی منداڵە جوانەمەرگەکانت ببینی
لە ناو پیرۆزەیی ئاسمان
لە سەر ڕێگای نوور دەفڕن
هەرگیز ناتەوێ خودا بمرێت
خودا لە لای دایکم نەمردووە

کاڤەرشام، بەهاری ٢٠٠٦

## کۆڕی بەختەوەری لە وێڵز

*لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە*

لە سیمپۆزیۆمێک لەمەڕ بەختەوەری
دەروونناسێک وتی:
دەشێ گۆڕستان ئاسوودەتان بکا
کاتی دڵتەنگی
سەردانی گۆڕستان بکەن

لە نێوان ژیان و مەرگ
هێڵێکی تەنک هەیە، ئەی هاوڕێم
منیش گۆڕستانم

من بەختەوەرم کە زیندووم
هاوڕێم

له دوای هەڵەبجە و ئەنفال
من بەختەوەرم کە بووم بە دەنگی خاکێک
ڕوفاتی براکانمانی لە خۆیدا هەڵگرتووە

له نێوان ژیان و مەرگ
هێڵێکی تەنک هەیە، ئەی هاوڕێم!
له نێوان ژیان و مەرگ تەنها هێڵێکی تەنک

وێڵز، هاوینی ٢٠٠٦

---

ئەم شیعرە لە ئەنتۆلۆژیای شیعری ئینگلیزی بەناوی Fragments from Dark بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆری ئەدەبیات لە دانیشگای سوەنزی جێنی ویلیەمز چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

## جەنگی دوو زمان

*سوپاس بۆ ژنە شاعیری هیندی، سوجاتا بهات*
*لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە*

من لەگەڵ دوو زمان گەورە بووم
لە جەنگی بەردەوامدان

زمانی دایکم پەپوولە بوو
بە دەم فڕینی ئەرخەوانییەوە
لە ئاسمانی دۆڵێکی پڕ ئەستێرە
سترانی بۆ ژیان دەچڕی
من ئێستاش ئەو میۆلۆدییەم لە یادە:
*وەرە بۆ لام بفڕە بە باڵ*
*من و تۆ دەبینە هەڤاڵ*

زمانی دووەم مار بوو

بەرەو ناخم دەخشا و داگیری دەکردم
دەخشا و هاواری دەکرد:
*امة عربية واحدة*
*ذات رسالة خالدة*

زمانی دایکم بەتینتر بوو لە بێدەنگی
گەورەتر بوو لە کەوتن
زمانی بێگانە خزیە ناو ڕۆژەکانم
ناو کتێبەکانی مەکتەب
ئەلفوبێی ڕامالیم و
فەزای سپیی مندالیمی داپۆشی
لەپڕ بایەکی سارد هەلێکرد
زمانی دایکم لە جوولەی ئەرخەوانیدا
پڕ بوو لە زەنگولی وتن
ڕۆژێ دایە شەقەی بال
بەرەو چیاکانی زاگرۆس
لەوێ سوپایەک پەپوولەی کۆ کردەوە
بۆ گەمارۆدانی زمانی دووەم

ئینجا هەردوو زمان کەوتنە شەڕ
شەڕێک
کە بوو بە مێژووی نەتەوەکەم

کاڤەرشام، ٢٠٠٦

## چاوشارکێ لە بەرگەڵوو

*لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە*

سپێدەیەکی نێرگزی
لە دامێنی بەرگەڵوو
دوو زارۆک چاوشارکێیان دەکرد
ژنان لە باخچەکانیان
نەمامیان دەناشت
لەناکاو فڕۆکەیەک ئاسمانی ڕاچڵەکاند
لەپەوڕوو کەوتین هەموومان

دوای چوار خولی پڕ لە ڕق
ڕەهێڵەیەک لە ئاگر
هێڵێکی دووکەڵیی چڕ
لە سەر زەمینەوە هەڵچوو

هەژدە ساڵ دواتر
لە دامێنی گوندێکی نارنجی
پیرێژنێکی سەرشین دەبینرێ
لە دەوری چاڵێکی بۆش
بەدوای تارمایی دوو زارۆکدا دەسووڕێتەوە
کە چاوشارکێیان دەکرد لە بەرگەڵوو

کاڤەرشام، زستانی ٢٠٠٦

---

ئەم شیعرە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە و هونەرمەندی شێوەکار ڕەمزی قوتبەددین بۆی گێڕامەوە.

## خۆشەویستی

دوو تەنهایی پیاسە دەکەن
دوو تەنهایی تەماشای یەکتری دەکەن
دوو تەنهایی بە دەم یەکتری پێدەکەنن
دوو تەنهایی پێکەوە دادەنیشن
دوو تەنهایی قسە دەکەن
دوو تەنهایی دەستی یەک دەگرن
دوو تەنهایی یەکتری لە باوەش دەگرن
دوو تەنهایی تێکەڵ بە یەکتری دەبن
دوو تەنهایی دەبن بە یەک
دەبن بە خۆشەویستی

فەڕەنسا، ئۆگوستی ٢٠٠٧

## تابلۆ

له ناو تابلۆیه‌ک نه‌خش بووین
پڕ له جووڵه
بێده‌نگیمان گڤه‌ی ده‌هات
پڕ له هێمای ڕه‌شه‌بایه‌ک
که له زه‌مه‌نێکی دیکه‌وه هه‌ڵیکرد
په‌نجه نه‌رمه‌کانی وشه
له سه‌ر ڕووبه‌ری جه‌سته‌مان
ئه‌لف‌وبێی حه‌سره‌تێکیان ده‌نووسییه‌وه
که ته‌نها له نیگای چاوه‌کانت ده‌خوێنرایه‌وه

ئینجا ئه‌و پرسی: ئه‌رێ تۆ قه‌ت عاشق بوویت؟
منیش شیعری "عه‌شق و غیاب"م خوێنده‌وه

لە ڕوخساری ئەو ڕەشەبا ناوەختییە
پانتاییەکی سپی دیارە
دەشێ پڕ بێ لە شەونمی دڵنیایی
یا لە خوڕەی گومان
دەشێ پڕ بێ لە نەسیـمی ئاسوودەیی
یا لە گرمەی تێکشکان
دەشێ من و تۆ لە فەزای نێوان پەنجەکانمان
بتوێینەوە
دەشێ من و تۆ منداڵ بینەوە
لە وەرزێکی دیکەوە
هەنگاو بنێین
بەرەو سەرزەمینی ئەوێ
کە من نیم و
تۆش هێڵێکی نادیار
کە تۆ نیت و
منیش هێمایەک بۆ دوێنێی ڕۆژەکان

ئێمە لە چۆڵاییەک نەخش بووین
گڤەی دێ لە بێدەنگی
تابلۆیەک لە ڕەشەبا

هاوینی ٢٠٠٧

## بەرزاییەکانی ئەزمڕ، بەرزاییەکانی وەزەرینگ

*پێشکەشە بە "تۆ"*

من ئەوم
کاترین
ڕۆحانیەتی ژنێکی عاشق
لە بەرزاییەکانی وەزەرینگەوە[1]
دەدەمە شەقەی باڵ
لە لووتکە نەسرەوتەکانی ئەزمڕ
لە باوەشی هیسکلیف ئارام دەگرم

من وەرزێکم پڕ لە زریکەی زریان
لە زەمەنێکی ناوەخت هەڵمکرد
لە سەر گردە نیگەرانەکانی ئەزمڕ
من هەورە تریشقەم

دەشریخێنم
من دەمێکە لە ناخی ئەو خاکە یەخسیرە هەڵکشاوم
چەشنی برووسکە
بەرەو بەرزاییەکانی وەزەرینگ
پانتایی عەشقێکی پڕ لە گێژاو

من ئەوم
زارۆکێکی زیتەڵ
لە بەرزاییەکانی وەزەرینگ
لە وەرزی تۆفانەوە دێم و
لە بەرزاییەکانی ئەزمڕ
گوێ لە حەیرانی ئەو خاکە دەگرم
وەک بوومەلەرزە
من ڕادەچڵەکێم
جەستەی چیا بە قودرەتی تاسەی من دەجووڵێ
تۆ کڕووزانەوەی دڵی ئەم بەردانە نابیستی؟
هەڵبزڕکانی ڕەنگی ئەم تاڵە گیایانە نابینی؟
ڕۆحانیەتی ژنێکی عاشق

من ئەوم
لە بەرزاییەکانی وەزەرینگەوە دێم
دەستی هیسکلیف دەگرم و
پەنجەرەیەک دەکەمەوە

که دەمێکە لە سەر حەسرەتەکانی ڕۆژهەڵات داخراوە

من ئەوم
ڕۆحانیەتی ژنێکی عاشق
لە فەزای نێوان وەزەرینگ و ئەزمڕ
دەدەمە شەقەی باڵ
من بە فڕین ئاماژەکانی پێک‌نەگەیشتنی ئەو دوو تەنە دەنووسمەوە
تەنی نووری ڕۆژهەڵات و
تەنی فزووڵیەتی ڕۆژئاوا

من ئەوم
ئەوەتا دەستەکانم لە بەرزاییەکانی ئەزمڕ سەوز بوون
لەوێ من پێشوازی لە هیسکلیف دەکەم
پەنجەکانم وەک مۆم دادەگیرسێن
تەماشام نیگای خۆڵ ڕۆشن دەکاتەوە
من تارمایی عاشقێکم
لە نێوان دوو پانتایی
گوزەر دەکەم
لە سپێدەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێم
لە بەردەرگای خوداکان
دەبمە درەختێک لە تیشک
لە ڕۆژئاواش
لە ناو ژووری خەڵوەت

لە پشت هەنگاوە هەمیشەییەکانی تەنهاییی
من بە خۆم دەگەم

من ئەوم
گزنگێکی ڕێحانی لە سەر پەرچەمی با
لە هەڵکشانمدا لە نێوان وەزەرینگ و ئەزمڕ
من دەبمە شینەشاهۆ
دەدەمە شەقەی باڵ
ئەی هیسکلیف!
تۆ بیابانێکی پڕ لە گەردەلوولی حەسرەت
چاوەڕوانی فڕینم بکە
لە بەرزاییەکانی ئەوێ
من دێم و
لە پەنجەرەی کۆشکێکی قرمزییەوە
دەستەکانم درێژ دەکەم
چەشنی ئەسحابە
لە سەر ڕوخسارت بە دوای جارانی خۆمدا دەگەڕێم
لە سەر ڕوخسارم بە دوای خۆتدا دەگەڕێی
من لە باخچە هەمیشە بەئاگاکانی ئێرەوە
دێمە ناو ژووری سووتانی تۆ
لە کەنارەکانت ڕادەکشێم
جەستەت پڕە لە بۆنی منداڵیی من
جەستەم پڕە لە ئازاری ڕۆژهەڵات

ئاوێنەیەک پڕ لە تەماشای کچ و کوڕە قەرەجەکان
ئێمە جەستەمان پڕە لە چرپەی لێکدابڕان

ئەوە منم
ڕۆحانیەتی ژنێکی عاشق
لە نێوان داکشانی بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵات و
هەڵکشانی نشێوییەکانی ڕۆژئاوا
من گرێکی نوورانیم
بەرزاییەکانی ئەزمڕ پڕن لە ڕەشەبا
لە هاواری هیسکلیف
وەزەرینگیش پڕە لە زەنگوڵی عەشق
ئێدگار لینتن[٢] لە ناوەوەڕا دەگریا
منیش گزنگێکی ڕێحانیم لە سەر پەرچەمی با
لە ئاسمانی بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا
حوزوورێکی هەمیشەیی نادیارم
پڕم لە هێما
هێمای ئیشراق لە سەر خاکێکی نائارام

من ئەوم
لە بەرزاییەکانی ئەزمڕ دێمەوە
گزنگێکی ڕێحانیم
لە خەڵوەتگای وەزەرینگ من زیکر دەکەم
تەنێکی تەنکم

نیوەم هی ئێرەیە و
نیوەکەی دیکەم هی ئەوێ
من نە لەوێ پڕم
نە لێرە کامڵ
لە سەر ڕووبەری ئەو تێکەڵنەبوونە
سەرگوزەشتەیەک دەمنووسێتەوە
عاشقێکم لە بەرزاییەکانی ئەزمڕ و وەزەرینگدا
بە دوای ئاوێتەبوونی دوو ڕۆحدا وێڵم
حوزووری هەمیشەیی پیاوێکی نادیار
من بە دوای ڕۆحانیەتی تۆدا دەدەمە شەقەی باڵ

کاڤەرشام. هاوینی ٢٠٠٧

---

١. "بەرزاییەکانی وەزەرینگ" (١٨٤٧) ناونیشانی تاکە ڕۆمانی ژنە ڕۆماننووسی ئینگلیز، ئێمیلی برۆنتییە. وەزەرینگ شوێنێکە لە یۆرکشیەر و لە زمانی ناوچەکە واتای "زریان" دەگەیەنێ. کاترین و هیسکلیف دوو پاڵەوانی سەرەکی و عاشقی یەکترین.
٢. ئێدگار لینتن هاوسەری کاترینە.

## ڕەنگی خۆڵ

قسەیەک کە دەبوو گوترابا!

«ڕەنگی خۆڵ» ئەزموونێکی شیعریی هاوبەشە بۆ گەڕانەوە بەرەو شار، لە ساتەوەختێکدا کە ڕووناکی و تاریکی، خێر و شەڕ، جەژن و پرسە، منداڵی و پیری، مەرگ و ژیانی تێدا یەکانگیری یەکدی دەبن. ئەم ئەزموونە، گەڕانەوەی دوو موسافیرە تا بەردەم شووراکانی شار، ڕوانینی ئەوانە لە پەنجەرە ڕۆشنەکانی بەیانیانی شار و خۆ کردنیانە بە خەڵوەتەکانیدا. ئەم ئەزموونە، هەوڵدانە بۆ دواندنی ڕۆحی پاکیزەیی شار لە عاشقانەترین نوێژ و لە خوێناویترین جەژنیدا.

«سیفری کورد ... کتێبی جەژن» شیعرێک بوو کە چەند ڕۆژێک دوای کارەساتەکەی یەکی شوباتی ساڵی ڕابردوو (٢٠٠٤)دا نووسرا و بڵاو کرایەوە. "نەزەند بەگیخانی شاعیر، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە دەستخۆشی نووسینی ئەم شیعرەی لێ کردم و پێشنیاری کرد گەر بکرێ ئەو ئەزموونە بکرێتە ئەزموونێکی هاوبەش و مەوداکانی قووڵتر بکرێن و لە ڕەهەندی ئەفسانەیی

بپێچرێ و ڕەنگی نوێی تێدا هەڵگوزرێ". ئیدی لەو ساتەوە ناوونیشانی قەسیدەکە کرا بە «ڕەنگی خۆڵ» و نزیکەی پانزە شانزە جار بە ئیمەیل هاموشۆی لە نێوانماندا کرد. هەرجارەو بە ڕەنگ و ئیماژێکی جیاواز و بە وزەیەکی بەگوڕتری دەربڕینەوە دەگەڕایەوە. تا دواجار لە سەر ئەم ڕەنگەی خۆڵ گیرسایەوە و بوو بە تابلۆیەکی ئەفسانەیی کە دەشێت هەموومان تیایدا هەڵچین و هەموومان تیایدا ئارام بگرین.

لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا و بە ئامادەبوونی چەند هاوڕێیەکی هونەرمەند و ئەدەبدۆست، «ڕەنگی خۆڵ»مان لە کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆلم خوێندەوە. لە ڕاستیدا ئەو کاردانەوە و پەرۆشییەی لەو ئێوارە کۆڕەدا لە ڕوخساری ئەو هاوڕێیانەدا خوێندمانەوە، دڵخۆشی کردین و هانی داین قەسیدەکە بەم شێوەیەی ئێستای لەم نامیلکەیەدا چاپ و بڵاو بکەینەوە.

لە یەکێ شوباتی شاردا هەموومان گریاین، هەریەکەمان بە شێوەیەک هەژاین و هەریەکەمان بە تەرزێک بەرەو لای ڕۆحی پاکیزەی شار گەڕاینەوە.

لە ڕەنگی خۆڵدا شار دەبێتە ئێمە و ئێمەش دەبین بە ڕۆحی شار. ڕۆحێکی ناسک و نیگەران، ڕۆحێکی ژاکاو لە ژێر سەدای ئازارێکی نەرم و قووڵ؛ قووڵ وەکو ئەنفال و بێدەنگیی کۆڵانەکانی هەڵەبجە. لەوێدا لەگەڵ مردووەکاندا هاوتا دەبین، چەشنی بەرد سڕ دەبین و چەشنی خۆڵ ڕادەچڵەکین. لەوێدا مەرگی شار مەرگی هەمووانە. لەوێدا هیچ شتێک داد نادا؛ تەنها وشە و ڕیتم نەبێ کە لە یەک کاتدا ڕۆشنمان دەکەنەوە و بەندیشمان دەکەن، ئینجا دەمانگوازنەوە بۆ ناو پانتایی وەجد و نوور. لەوێدا بەوانە دەگەین کە خۆشمان ویستن، کە خۆشیان ویستین. لەوێدا دەبین بە گەردیلەیەک بەرز بەرز، دەپەڕینەوە بۆ ئەودیوی خۆڵ، لەوێدا دەبین بە مەولا.

ڕەنگی خۆڵ گریانی ئـێمە و گەڕانەوەی دوو هـاوڕێی ڕۆحـین، ئەمە نەوای ئەو شمشاڵە غەمگینەی ئێمەیە کە دەبوو لەو بەیانیی وێرانبوونەدا ژەنرابا.

دلاوەر قەرەداغی - نەزەند بەگیخانی
شوباتی ٢٠٠٥

## ڕەنگی خۆڵ

*پێشکەشە بەو چاوانەی لە سەفەری جەژن بەجێ‌مان*
*بە ئێوە، کە لە چاوەڕوانی هەمیشەیی ئەوانەدا دەبن کە خۆشتان ویستن*
*کە خۆشیان ویستن*
*بە تۆ؛ ئەی تەنهاترین شار!*

(کە دێیت شارێک دێتە سەر ڕێگات. لە هەر چوار لاوە *با*یەک
بە سەرتا هەڵدەکات، بایەک لە خۆرهەڵاتەوە، بایەک لە خۆرئاواوە،
بایەک لە باشوورەوە و
بایەک لە باکوور،
لەوێدا خۆت دەتەکێنیت و ئاوێنە چکۆڵەکەی گیرفانت دەردەهێنیت و
لە خۆت دەنۆڕیت
هێشتا هەر لە بەر دەروازەی شاردا ڕاوەستاویت و لە ئاوێنەکەدا
دەبینیت:
دەبینیت سەراپا تەنهایی خواردوویتیت،

دەبینیت:
سەراپا جەستەت شەڵاڵە لە خوێنێکی پەمەیی
لە خوێنێکی ڕەنگاوڕەنگ
لەوێدا دەست ڕایەڵ دەکەیت
وەک بڵێی بتەوێ بفڕیت،
باڵ ڕادەوەشێنیت و
چتاقیان بەرەکەت دەدەیت.

ئەوەی کە ڕوو دەدات
نە سەرەتایە و نە کۆتایی
سەفەرێکی ئێستایە
لە ناو سووڕی زەمەن)

**عەهدی  نوێ - سیفری کورد**

**سەفەری جەژن**

**کتێبی یەکەم**

لە گۆشەیەکی شەودا ئەستێرەیەک ڕژا

شار لە شیرینە خەوندا درووژا
منداڵێک لە پەنجەرەوە دەیڕوانی
شار غەرقی نوور بوو
نووری جەژن
نووری قوربانی
نووری ئیسماعیل
نووری ئیمان

شار دیارە

شار لە خەو ڕابوو
شار چاوانی هەڵدەگلۆفێ و
لە سەر کانیی سپێدە خۆی لە ڕەنگ هەڵدەکێشێ
شاڵێکی سپی بە سەر شانەکانیدا دەدا
شادە و ئیمانێ دەهێنێ
شار بە خەمە ڕدێن‌سپییەکانیەوە بۆ سەفەر دەچێ
شار کوژراوەکانی بۆ پیاسە دەبا
شار دەکەوێتە سەما
سەمای جەژن
سەمای حەیران‌بوون
سەمای دیارنەمان
سەمای پەمەییترین یەقین
سەمای شێت‌بوون
سەمای یەکەمین ساڵی سەفەر

شار دیارە
شار بە کێڵگە گەنمییەکانیەوە زیکر دەکات
بە گوڵە حاجیلەکانیەوە حاڵ دەگرێت
بە هەنارەکانیەوە دەتریقێتەوە
شار بە ئاوێنەوە لە نوێژ دێتەوە ... مەولا
شار بەو بەیانییە زووە
قەرەباڵغە وەک پوورەیەک حیکایەت
بێپایانە وەک دەشتاییە نارنجییەکان

دەدرەوشێتەوە وەک ئاهەنگی جەژنەکان
شار بەو بەیانییە زووە
لە بەر شەپۆلی میوان
تا ئەژنۆ خۆی هەڵکردووە
پێدەکەنێ... شاری میهرەبان
ستران دەچڕێ... شاری پیر
دەستەکانی لە کەمەری با و
باڵای لە نێو ئەستێرکێک نوور
شار دیارە ... مەولا
شارە پڕ لە ئیسماعیلەکەی خۆت
شارە پڕ لە تەیرەنئەبابیلەکانی خۆت!
شار دیارە ... مەولا
شارە زۆر دوورەکەی خۆت.

ژنێک هات و بە دەوری شاردا سووڕایەوە
ئینجا دەستنوێژی هەڵگرت و
ڕووی کردە دەروازەی گۆڕستان
ئەو لەوێ دانیشت
حیکمەتی بەردی ڕاڤە دەکرد و
لە سکوونی ئەو کێلانە ڕادەما
کە سووڕی ژیانیان تێدا نووستووە
لەو دێڕانە ڕادەما
کە خوێنی وشەیان تێدا مەییوە

وشەیەک لەو قسانەی کە هەرگیز نەگوتران
یەکەمین پیت لە سەرەتای نامەیەکی نەنێردراو
یەکەمین پەیڤی دۆشداماو لە بەر دەرگای عەشق
دۆشداماو لە بەر پەنجەرەی چیرۆکێکی نەنووسراو
یەکەمین پیت لە یەکەمین سپێدەی زمان پژاندا

دەرگایەک دەکرێتەوە لەسەر ئەودیوی دونیا
خەیاڵێک دێتە گۆ
ڕێگایەک ڕادەکشێ
لە ژێر تەنی یەکەمین هەنگاوی ساوایەک
ڕێگایەک بەرەو ئێرە
ڕێگایەک بەرەو ئەوێ
ڕێگایەک بەرەو ئەو شوێنەی کە هەرگیز لێی نابیت
پانتاییەک لە ناو جەژنێ
لە کەنار شارێکی درەوشاوە
جەژنی پێکگەیشتن و
جەژنی لێژبوونەوە بەرەو ئەودیوی شتەکان
بەرەو ئەودیوی با و ئەستێرەکان
ئەودیوی پانتاییە نارنجییەکان
منداڵێک لە پەنجەرەوە دەیڕوانی
ئەستێرەیەک ڕژا
شار غەرقی نوور بوو
نووری ئیمان

نووری قوربان
نووری شینی ئاخری زەمان

شار دیارە ... مەولا
شارە دڵئێشاوەکەی خۆت
شارە عاشقەکەی خۆت
شارێک کە ئەگەر ڕۆژێک ئەسپەکانت دیار نەمان
ئەوا بزانە چتاقیان بە تاسەی ئەوێوە فڕیون و
هەنووکە هەر هەموویان لەوێن
شارێک کە ئەگەر ڕۆژێک پەپوولەکانت
سەری خۆیان هەڵگرت
ئەوا دڵنیابە مەولا... چتاقیان
لە باخچەکانی ئەوێن
لەوێ پەپوولەیەک لە ناو ڕۆشناییدا سەما دەکات
گوڵێک گۆرانی دەڵێت
تاڵە گیاکان ڕەنگی من و تۆ نەخش دەکەن

کۆترەباریکەکان سەرگوزەشتەی عەشقێکی بەسەرچوو دەنووسنەوە
عەشقی ئێمە
عەشقێک هەر هەمووی لە نوور

فڵچە بە سەر ڕوخساری هەوادا دەهێنم
دیمەنێ نەخش دەبێ

دیمەنی لم لە جووڵەی هەمیشەییدا
دیمەنی شەپۆل لە هەڵسانی سپیدا
دیمەنی فڕین لە قووڵایی شینیدا

دیمەنی ئەوین لە بەرایی باریندا
دیمەنی شارێک لە ناو نووری ئەبەدیدا
دیمەنی من و تۆ لە پانتایی نادیاریدا

منداڵێک لە پەنجەرەوە دەڕوانێ
ئەستێرەیەک ڕژا
دەڵێن پادشایەک کۆچ دەکات
زارۆکێکی کاکۆڵ زێڕین لە دایک دەبێ
زینێک خۆی لە خم هەڵدەکێشێ
مەمێک درەنگ‌وەختانێک دێتەوە
هەموو شتێک لێرەوە کۆتایی پێ دێت
هەموو شتێ لێرەوە دەست پێدەکا

شار دیارە ... شار ... مەولا شارەکەی خۆت
شارێک هەمیشە ڕاوەستاو
لە سەر بەرماڵەکانی دوعا
شارێک هەمیشە ڕاماو لەودیو پەرژینەکانی بەهەشتەوە
شارێک هەمیشە دانیشتوو بە بەیازێکەوە
لە سەر سەکۆکانی ئینتیزار

شارێک هەمیشە بە ئاسمانەوە لە سەر بەرماڵێکی باڵدار
شارێک هەمیشە دەم بە حیکایەت
شارێک هەمیشە قەفەسەکانی پڕ لە خەیاڵ
شارێک هەمیشە جانتاکانی پڕ لە ڕەنگ
فرمێسکەکانی پڕ لە مەرجان
ئینجا تۆ دێیت و دەبینیت
قەدەرت لە سەر بەردێکی ئەو شارە هەڵکەنراوە!

ئەو تەرمەی کە دێتە ڕێت
تەرمی دوا پادشای شارە
ئەو نوورەی بە سەرتا دەبارێ
نووری ئەستێرەیەکی ڕژاوە
ئەو باڵندەیەش کە لە سەر سەرت هەڵدەفڕێ
ڕۆحی کۆشکێکی وێرانە
ئەوەی کە لە تەکتدا ڕێ دەکات
سێبەری خۆت نییە
ئەوە ڕۆحانیەتی پیاوێکە
کە لە ئەفسانەوە دێتەوە
لە ماڵی خۆڵەوە
لە ژوورەکانی نەگوتن
سەڵەوات لەو ڕۆژەی کە تێیدا هاتیە دونیاوە
ڕۆژێکیش بۆ ژیان
ڕۆژەکانی دیکەش بۆ چوون بەرەو مەزاری نادیاری؛

شار دیارە ... شار خۆی دەشوات بەو بەیانییە
شار لە سەر کانیی جەژن
دەستنوێژ هەڵدەگرێ و
گوڵاوێکی ڕێحانی لە خۆی دەدات
شار لە بەرخۆیەوە گۆرانی دەچڕێ مەولا
گۆرانییەکی دوور ... هەی لێ‌لێ ... هەی لۆلۆیەکی شین
گۆرانییەک هی زەمەنە دێرینەکان
گۆرانییەک هی زەمەنەکانی سکووت
گۆرانییەک هی زەمەنی گەڕانەوەی ئەسپە باڵدارەکان
گۆرانییەک هی زەمەنی فیغان!

فڵچە بە سەر ڕوخساری خۆڵدا دەهێنم
دیمەنێ نەخش دەبێ
دیمەنێکی ئەفسانەیی کە بۆ ئەبەد دەمێنێتەوە
(حەزرەتی ئیبراهیم دەستی زارۆکێکی گرت و
نشێو بۆوە بۆ ناو نزرگای عیبادەت
ئەی حەزرەتی ئیبراهیم
ئەو بەرخە سەرپشت خەنەییە بۆ کوێ دەبەی؟
لەو دەشتە تەنهایانە!
هیچ خودایەک نایەتە گۆ
هیچ دەستێک، قوربانی ناخاتە بەر پێت
ئەی حەزرەتی ئیبراهیم

چاوەکانمان پڕ بوون لە نزا
دڵمان سیخنانە بە تەنهایی
دەستەکانمان غەرقی پاڕانەوەن!)

بە دواتدا دەگەڕێم مەولا
بە دوای شارێکی ماتەمین
بە دوای نهێنییەک کە ئیتر کەس نایدرکێنێ
بە دوای خوداحافیزییەک کە بەپەلە کردمان
بە دوای گلەییەکدا کە نەماندرکاند
بە دواتا دەگەڕێم
بە دوای چاوە وەریوەکانتا
بە دوای مۆسیقای پەنجەکانتا
بە دوای منداڵیی ئەو شارە و
سەرمەدیی ساڵەکانتا
بە دواتا دەگەڕێم مەولا
من دەگەڕێم بە دواتا!

لە گەڕان بە دوای تۆدا
من خۆم دۆزییەوە مەولا
ئەوەتا لە بەرهەیوانی سپەهی ڕاوەستاوم
سەرم درەختی وشە و

جەستەم گەرم لە بۆشایی

من سەما دەکەم مەولا

سەمای جەژن
سەمای سەفەر
سەمای شینی ئاوابوون!

شار دیارە
شار ... لێو دەکرۆژێ شار

شار پێ دەنێ بە جەرگی خۆیدا

شار بە پەنجەی قرتاوەوە دەچێت بۆ میوانداری
شار لە دڵەوە دەیەوێ بگری
کەچی شار
عیززەتی نەفسی شاربوونی
ڕێگای نادا
مەولا ... گوێ ڕادێرە
شار خوڕ خوڕ دەگری و
ژنێک لە ژێر دار زەیتوونێک
حیکمەتی بەرد دەخوێنێتەوە
فاتیحا ... ئەلفاتیحا
سەلامتان لێ بێ ئەی مەحشەری غەرقبوو لە ناو بێدەنگی!
سەلامتان لێ بێ

ئەی ئەوانەی سەرەتاتان خۆڵ بوو
عاقیبەتتان هەر خۆڵ
لێم قبووڵ کەن ئەو چڵە تریفەیە
ئەو هێشووە سەردولکەیە
تەدارەک و موبارەک
سەفەری جەژنتان موبارەک
ژنێکی ئەسحابەیی لە ژێر دار زەیتوونێک
شکۆمەندانە حیکمەتی بەردی دەخوێندەوە
فرمێسکەکانی کریستاڵیی بوون
لە ناویاندا
شارێکی تەنها خۆی حەشار دابوو
شارێکی پڕ ئوبهەت!
منداڵێک لە پەنجەرەوە دەڕوانێ
ئەستێرەیەک ڕژا
شینەشاهۆیەک هەڵفڕی و سێ جار بە دەوری شاردا سووڕایەوە
سێ جار تەماشای کردین
سێ جاریش ئاماژەی بۆ کردین
ئینجا هات و لە سەر شانی شار نیشتەوە
شاری دەشتاییە زەردەکان
شاری زەمەنە دێرینەکان
شاری منداڵییە با بردووەکان
ئینجا تۆ هاتیت و
گۆچانی ئەفسووناویت ڕاوەشاند

بەرد ڕاچڵەکی و
ڕۆحمان لە شەققەی باڵی دا و ئاوا بوو ... مەولا

لە سبەینێ زووتر نییە
شار دەبێتەوە عاشق
شار دەکەوێتە نووسینەوەی جووڵە و هێماکانی
دەکەوێتە نووسینەوەی پانتایی و هێڵەکانی
دەکەوێتە نووسینەوەی بیابان و
لاواندنەوەی دەنکە خۆڵەکانی
لە سبەینێ زووتر نییە
شار دەبێتەوە عاشق
شار دەبێتە غەمگینترین شمشاڵژەن
دەکەوێتە ژەنینی بایەکانی
دەکەوێتە ژەنینی حەیرانەکانی
دەکەوێتە پاکنووس کردنی عومری خۆی
بڕوانە مەولا
شار بۆتە چ عاشق و چ شمشاڵژەنێکی مەلوول!
مەولا بڕوانە ... شار بۆتە مەلوولترین هێمای ئێمە!
ئەی هەمیشە مەلوولێک لە سارای ئێمەدا
ئەی هەمیشە دڵێکی شکاو لە سینگی ئێمەدا
ئەی هەمیشە قسەیەکی نەگوتراو لە زاری ئێمەدا
ئێمە شەکەت بووین لە نامە نووسین
ئێمە شەکەت بووین لە سەفەر

ئێمە شەکەت بووین
لە بینینی شارەکان
لە پەڕینەوەی زەریاکان
لە سەرکەوتن و هاتنە خوارەوەی پەیژەکان
ئەی هەمیشە سەربڕاوێک لە ئێمەدا
بمانبەرەوە ماڵە دوورەکەی خۆت
بمانبەرەوە شارە ساواکەی خۆت
بمانبەرەوە بەرهەیوانە کەسکەکانت
ناو ژوورە سپیەکانت
بمانبەرەوە سەر سەکۆی قەناعەت

مەولا ... گوێ ڕادێرە
شار خوڕ خوڕ
لە ناوەوەیڕا وورووژاوە بە گریان
وورووژاوە بە ژان
مەولا گوێ ڕادێرە ... شار خوڕ خوڕ
بە دەم ئاودانی ئینجانەکانیەوە دەگری
بە دەم خۆراکدانی کۆترەکانیەوە دەگری
بە دەم داپۆشینی منداڵەکانیەوە دەگری
بە دەم سڵاوکردن لە هاوسێ قەڵەو و میهرەبانەکانیەوە
بە دەم لێکردنەوەی بۆڵێک ترێ لە مێوەکەیەوە
بە دەم جووڵاندنی ئاریالی تەلەفزیۆنەکەیەوە
بە دەم کڕینی قوتوویەک چوکلێتەوە

به دەم پێچانەوەی سیگارێکەوە
به دەم هەڵگرتنەوەی گوڵە یەخەیەکەوە
به دەم نووسینی نامە دڵدارییەکانیەوە
به دەم پیاسەی ئێوارانیەوە لەگەڵ هاوڕێ شاعیرە بۆهیمیەکانیدا
به دەم عاشق‌بوونە ناکاوەکانیەوە
به دەم دانیشتنی نێو چاخانەکانیەوە
به دەم میقات‌کردنی کاتژمێرەکەی بەرباخەڵیەوە
به دەم خواردنی نوقڵەکانی جەژنیەوە
به دەم کتوپڕ بڕیاردانی سەفەر و
دیارنەمانە منداڵانەکانیەوە
شار خوڕ خوڕ لە ناوەوەیڕا وروووژاوە بە گریان

شار شاڵێکی سپی لە سەر شانە و
بە گۆچانێکی پڕ نوورەوە
سەفەر دەکات
سەفەری جەژن
سەفەری کۆچێکی دیکە
سەفەری ئەبەدیی دیارنەمان
زۆر کەس بەو دەشتانەدا تێپەڕین
باڵایان پڕ لە قوربانی و
دەستەکانیان میهرەبان
گوڵە گەنمە وەنەوشەییەکانیش
سەرگوزەشتەی ئەو بایە دەنووسنەوە

حیکایەتی شارێکی سپی
سپی وەک نیشتنەوەی لەقلەق
سپی وەک سەفەری زستانی عەقدی سێیەم
سپی وەک عەشق لە زەمەنە دوورەکاندا

چلێ غوبار
بە سەر دەروازەی ئەم شارەدا چەماوەتەوە
منارەی فیغان
لە ناو چاوانتاندا هەڵچووە
قەڵایەکی ڕەشبەڵەک
لە سەر سنگتان نەخش بووە
هەمووتان پێکەوەن لەم گەشتەدا
گەشتی گەیشتنە ئێرە و
گەشتی دوایین سەفەر
سەفەری جەژن
سەفەری عەقدی سێیەم!

شار دیارە مەولا
شار ... بەردەوام دەگری شار
شار منداڵترە لە جاران
پیرترە لە سبەینێی ڕۆژەکان
شار بە دەمی پڕ لە نوقڵەوە دەگری
شار بە پۆشاکی نوێی جەژنەوە دەگری

شار بە پێڵاوە تازەکانیەوە دەگری
شار، وێنەیەک لە پاڵ ئەسپە دارینەیەکی جێژندا
بۆ یادگار دەگرێ و دەگری
شار سواری جۆلانە دەبێ و دەگری
شار تەوقە لەگەڵ کەس ناکات
شار ... هەرتک دەستی لە گیرفانیدایە و دەگری
شار لە کاتی بینینی فیلمەکانی دیزنێیلاندا دەگری
شار بە لای دەڕابەی داخراوی دووکانەکاندا
تێدەپەڕێ و دەگری
شار بە دەم خەوەوە دەگری
مەولا ... گوێ ڕادێرە
شار دەگری!
لەوێ
لەودیوی گشت هیواکان
لەودیوی با و سێبەرەکان
لەودیوی ڕاکردنە بەتینەکان
شارێک دیارە
جەستەی، دەشتاییەکی شینە
پانتاییەک بۆ ئارامی و
قوربانییەکی مەزن
ترووسکاییەک لەو نیگایەی کە دەکرێتەوە
بۆ سەرزەمینێکی سوور
سەرزەمینی جەژن

سەرزەمینی شینی شار
شار دەگری و
ئەسپەکانی نیشتمانی لێ کۆ دەبنەوە
باڵندەکانی بە سەردا دەبارن
چەشنی بارانی چوارەمین وەرز
وەرزی پێکەنینە گەرمەکان
وەرزی عەشقە نەمرەکان
وەرزی سەفەرە مەزنەکان
وەرزی پێکەوەیی و دوورییەکان
وەرزی گەڕانەوە لە نادیاری و
ئاشتبوونەوە بە سیماکان
وەرزی یەکەمین بینینەوە دوای زەمەنی مەنفاکان
وەرزی سەفەر
وەرزی خوێن
وەرزی ژوانێکی گەرم لەگەڵ گەرد و خۆڵ و بەرد
وەرزی سەفەری عەقدی سێیەم
سەفەری جەژن
وەرزی سیفری ئێمە
وەرزی ژاکانی پەنجەکانی من و تۆ!

شار دێت ... مەولا
شار بە تەنهاییەکانیەوە دێ
شار بە شاڵێکی سپی و

خەیاڵەکانیەوە دێ کە پڕن لە مەرجان
شار بە ئەفسانەکانیەوە دێ
کە هەر هەمووی لە کانزای *باران*
شنەیەک بە ناو گوڵە گەنمەکاندا هەڵدەکات
بێدەنگی، درز دەبات
هێمنی، سەیرمان دەکات
شار بە دەم خەونەکانیەوە دێ
کە ئارنگ دەدەنەوە بە ژیان
شار دێ مەولا
شار بە حاجیلەقلەقە حەکیمەکانیەوە دێ
بە حەیرانبێژە دێرینەکانیەوە
شار بە خەڵوەتەکانیەوە دێ و بە شەهیدەکانیەوە
بەو ژن و پیاوە ونبووانەیەوە دێ
کە هەزاران ساڵە بەرەهووتەکانیان لە دوو دەگەڕێ

با پێمان بە هێواشی دانێین لە سەر ئەو خاکە مەولا
نەوەک خۆڵ ڕاچڵەکێ
با نەیگرێ ئازار ڕۆحی ناسکی شار
بڕوانە شار ... بەو درەختە ئاگرانەیەوە دەسووتێت
بەو ئازارە سپیانەیەوە سەفەر دەکات
سەفەری جەژن
سووتانی ئەبەدیی ڕۆحمان
ڕۆحی من و تۆ

ڕۆحی سەرگەردانی شار!

ئەم خۆڵە ڕۆحی من و تۆیە مەولا
ڕۆحی شارێکی حەیران
دواتر کە لەشمان دەڕوێ
با گوێمان لێ دەگرێ
با ئازارەکانمان دەژەنێ
با خەونەکانمان دەلاوێنێتەوە
خۆڵ لە ناو خۆیمان دەڕوێنێ
ئەو ئاوە کریستاڵییەش
دەمانباتەوە سەر کانیی ئەستێرەکان
دەمانباتەوە لای وێنە ڕەش و سپییەکانی خۆمان
دەمانباتەوە ڕۆژهەڵات
لای پەیامەکانی خودا
دەمانباتەوە سەر گردە نارنجییەکانی منداڵی،
لای یەکەمین نوتفە
لای یەکەمین قسە
لای نهێنی؛
دەمانباتەوە ناو بێدەنگیی دایک و
باوەشی خۆزگەکان
دەمانباتەوە لای یەکەمین گەمە و
لای یەکەمین سەفەر
سەفەری جەژن و پێکەنین

سەفەری وێرانبوون

ئەستێرەیەک ڕژا و
منداڵێک لە پەنجەرەوە دەیڕوانی
ڕووانینێک وەکو ئەوەی بۆ ئەبەد بمێنێتەوە
شار غەرقی نوور بوو
چاومان لە سەفەر و
دەستەکانمان پڕ لە نزا

غەجەرێکی بەختگرەوە دەستەکانمی گرت و
هێڵەکانی شی کردەوە
ئەو پێی وتم تۆ کۆچ دەکەیت
کۆچێکی دوور
زۆر دوور
کۆچێکی شین
بۆ ئەوبەری شەپۆلەکان
کۆچێکی سپی
بۆ ناو فەزای  فڕینەکان
کۆچێکی سوور
بۆ ئەوبەری ئومێد و
ناو کۆشی کەوتنەکان
ئینجا من کەوتم و
لەوەتای لەوێ ئاودیو بووم

بە دوای هێڵەکانی خۆم و
ڕەنگەکانی بوون و
هەڵسانەوەدا دەگەڕێم

غەجەرێکی بەختگرەوە دەستەکانمی گرت و
ڕەنگەکانی ڕوانینمی خوێندەوە
گوتی: تۆ ڕۆژێک لەوێوە دێیتەوە
تەنیا و نامۆ و ڕەنگاوڕەنگ
لە دارستانەکان دێیتە دەرێ
سەرت دەبێتە ڕەهێڵە و
لەشت بەفرێکی نەرم؛
پێی گوتم: تۆ ڕۆژێک دەچیتەوە ئەوێندەر
بە زوبانی باران دەدوێیت
بە پەنجەی خۆڵ نیگامان ڕەنگ دەکەیت

ڕوخسارت شین دەچێتەوە بە ئاونگ
تۆ ئێوارەیەک دەچیتەوە ئەوێندەر
پاش عەسرانێک دەبیتە با و هەڵدەکەیت
تۆ بەیانییەک چەشنی ڕەنگ دەژاکێیت.

مەولا ... ژوورێک لە ماڵەکەت بۆ شار دانێ
بانیژەیەک لە بەهەشت
جێگایەکی بۆ دابنێ

لە نزیکی خۆت
من لەو دونیا دێمەوە
سەبەتێ ڕێحانەم هەڵگرتووە لەگەڵ چڵێ زەیتوون
بۆ ژێر سەرینی شار
ناو ژووری چەسپاوی لم؛
من لە پشت ئەو پەردانەوە شار دەبینم
کە لە گەردی فرمێسکەکانمان دروست بووە
کە پڕە لە تەنهاییەکانی ئێمە
شارێ کە لە نێو دڵی زەردی خۆڵستانەوە
دێتە سەر گۆنای ئاڵی فڕین
شارێک کە مەوج دەداتەوە بە سەربڕین
شارێ کە دەبێت بە "فلووتێکی ئەفسووناوی"[١] و
دەگات بە بەرزاییەکانی گوتن

مەولا وا شار دێ
جێگایەکی بۆ دابنێ کە بڕوانێ بە سەر حەوشەکەتا
بڕوانێ بە سەر چیمەنەکانتا
بڕوانێ بە سەر هێلانەی کۆترەکانتا
بڕوانێ بە سەر منداڵیتا
بڕوانێ بە سەر خوێندنی کەنارییەکانتا؛
جێگایەک بۆ شار دانێ مەولا
جێگایەک دوور لە دەرودراوسێ بەخیلەکانی
دوور لە دوژمنە هارەکانی

دوور لەو سیحربازانەی لەوەتی هەن
جادووی ڕەشی لێ دەکەن
دوور لەو بازرگانانەی لەوەتی هەن
شتی بە گران پێ دەفرۆشن
فێڵی لێ دەکەن
دوعای خراپی بە سەردا دەخوێنن
حیکایەتەکانی دەبەن
مووروووەکانی دەفڕێنن
وەهمەکانی لێ دەسێنن
کاتێ دەچێ بۆ سەفەر
کاتێ دەچێ شتێکی تازە بکڕێ
هەر هەموو سەر دەکەن بە یەکدا و
حەسوودی پێ دەبەن.

ئینجا با ڕاکشێین مەولا
با چاوانمان لێکنێین و
گوێ لە حیکایەتی شار ڕادێرین
با لە شینایی ئاسمان
بەلەمێک دروست کەین
تا وشەکانمان بە ئازادی سەفەر کەن
سەفەری جەژن
سەفەری زستانی عەقدی سێیەم
سەفەری ئەستێرە ڕژاوەکان

سەفەری قوربانی
سەفەری ئیسماعیل
سەفەری ئیمان

شار دێ ... مەولا
مەولا ... شار دێ
جێگایەکی بۆ دابنێ لە نزیک خۆت
جێگایەک لە تەنیشت خەونێکی خۆت
کورسییەک بەرامبەر کورسییەکەی خۆت
جێگایەکی بۆ دابنێ
لە حەوشەی دواوەی بەهەشت
کورسییەکی بۆ دابنێ لە چیمەنەکە
ڕێک ... مەولا بەرامبەر خۆت

ئینجا بەرد دێتە گۆ
بەرد بە زمانێکی نەرم سەرگوزەشتەی شار دەنووسێتەوە
بەرد لە سەر بەرد
بەرد لە تەنیشت بەرد
بەرد لە ناو بەرد
بەرد دراوسێی بەرد
بەرد دوژمنی بەرد.
جەستەکانمان ڕاکشاون
مۆسیقای شار دێتە گوێ

مۆسیقای دەستەکانمان

له سەر ڕووی ژیان
هەموو ئەوانەی کە خۆشمان ویستن
هەموو ئەوانەی کە خۆشیان ویستین
هەناسەمان لە ناو جەستەی خۆڵدا ڕەنگ دەگرێ مەولا
بە بێدەنگی دەچینەوە ئەوێندەر
بێدەنگ دەبینە خۆڵ.
شوێنەکان هەموویان پێکدەچن
هەموومان پێکەوەین لەم گەشتەدا
ئەمە دوا وشەی
دوایەمین ڕێبوار بوو
نەوەی کۆنترین هۆزی دونیا
لە دوایەمین شاری سەرزەمین
لە منداڵترین نەسلی بەرد

بزێوترین زارۆکی بەفر!
هەموومان پێکەوەین لەم ئاوابوونەدا
پێکەوەین کە دەبینەوە خۆڵ
بایەک بە سەر ڕوخسارماندا هەڵدەکات
ئینجا من و تۆ هەڵدەسینەوە
لە دوایین شاری سەرزەمیندا
لەودیوی زەمەنەکان

ڕادەوەستین
لەگەڵ یەکەمین چاوکردنەوەدا
ڕوخساری خودا دەبینین!

سوید - فەرەنسا، ٢٠٠٤

---

١. ئاماژەیە بۆ فلووتی ئەفسووناوی مۆزارت.

# عەشق غیابێکە ئیلهام ڕایدەژێنێ

پێشکەشە بە

کچ و کوڕە عاشقەکانی وڵات

چونکە بەبێ عەشق هیچ شتێ پاکانە بۆ وجود ناکات

## کەوتن

مۆسیقای درەختێ دەبیسترێ
میوەکەی بۆنی کەوتنی لێ دێ
کاتێ دوو عاشقەکە خواردیان
مرۆڤ ڕۆچوو
مرۆڤ کەوت
ئینجا من بووم
من لە دایک بووم

من بووم
لە ناو پانتاییەک ڕامدەکرد بەرەو گڕی نیگایەک
ڕوئیای عاشقێک
لە ژێر درەختێک پڕ لە مۆسیقا
لە نزیک ماڵی خودا

## لەدایکبوون

*بۆ نەوزاد*

کە سەیری نیگات دەکەم
ژیان بە ڕووما دەتریقێتەوە
تۆ خۆشەویستی
لە خۆشەویستییەوە هاتی
خۆشەویستیت هەڵگرتووە
بەرەو خۆشەویستی دەڕۆی
تۆ خۆشەویستی
لە باوەشی خۆشەویستی
لەگەڵ بوونت
لە ئاسمانی ژوورەکەم
ڕۆشنایی هەڵیکرد
لەگەڵ بوونت

جوانی بە هەموو سیمایەوە
ڕژایە ژیانمەوە

بریستڵ، حوزەیرانی ٢٠٠١

## تەبایی

لە پەنجەکانت نەرم‌ونیانی دەبارێ
لە نیگات باوەڕێکی قووڵ دەڕژێ

تۆ لە هێمنیتا
مەزنیی خۆت دەنووسیەوە
لە تەماشاتا
مەودا نادیارەکان بە من دەناسێنی
تۆ لە دەستەکانت
کەپرێک لە تیشک هەڵدەنێی
بەرپێم ڕۆشن دەکاتەوە
لە وشەکانت
بەلەمێکی کەسک دادەڕێژی
لە سەر مەوجی زەمەن دەڕوا و

دەمباتەوە سەرزەمینی میهرەبانییە سەرەتاییەکان
تۆ لە ڕووخسارتا
پیرێکی پڕ عیرفانیت
بە جارانی خۆم ئاشنا دەکەیتەوە
بە منداڵیی خود
کە ئەلفوبێی تەباییم پێ دەنووسێتەوە

## دیداری نەناسراوێ

کاتێ ڕێگایەک لە بەر پێت دادێتەوە
نەرم چەشنی میهرەبانی
لەودیوی ترس
لەودیوی گومان
تۆ دەبیتە دارچنارێکی پرتەقاڵی
هیوایەک ڕاتدەژەنێ
هیوای دیداری کەسێ
نەناسراوێ کە داگیرت دەکا
نەناسراوێ لە ناوت هەناسە دەدا

ڕێگایەک لە بەر پێت ڕادەکشێ
خۆت ڕابهێنە بۆ گەییشتن بە کەسێ
نەناسراوێ بە گۆچانێکی سپیەوە

دوعات بە سەردا دەخوێنێ
فوو بە چوار دەورتا دەکا
ئینجا دەستت دەگرێ بۆ ناو پەرستگای ئەسحابەیەک
لەوێ کتێبی پیرۆزت بۆ دەخوێنێتەوە:
"تۆی مرۆڤ سێ شت دەتهەژێنێ
نەخۆشی، پیری، مەرگ
ڕاستی، لە مردن ڕزگارت دەکا
عەشقیش دەتگەیەنێتە ئامێزی خودا"

## جووڵەیەک بە ڕیتمی خودایی

جووڵەیەک لە ناو ڕۆحم هەڵدەچێ
بە ڕیتمێکی شین دەدوێ
هێماکانی هێڵی ئیمانن
فۆرمی حەیرانێک
لە ئەشکەوتی تەنهایی
جووڵەیەک بە ڕیتمی خودایی
هەڵمدەگرێ
دەمارەکانی پەرش دەکا
سەرتاپام داگیر دەکا
دەبێتە ڕەنگ
دەبێتە شنەبایەک و
جەستەم دەبێتە سەما
خەونەکانم فۆڕم وەردەگرن

دەدەنە شەققەی باڵ
بەرەو دەرگایەک
لە فەزایەکی پەنهان
لەوێوە ڕۆدەچنە ژووری پرسیارێکەوە
ژیان بەبێ عەشق بۆچی؟
بەرەو کوێ؟

**ئەوە كێیە من چاوەڕێی دەكەم ؟**

من چاوەڕێی کەسێ دەکەم
لە ناو سەمای شینی ئاگر
لە سەر برژانگی تاڵە گیا و
قووڵایی ڕامانی خۆڵ
لە شوێنپێی منداڵێکی تازە سەرپێ‌کەوتوو

من دەیبینم
من چاوەڕێی کەسێ دەکەم
لە ناو هەڵفڕینی هەنگ و
چاولێکنانی پەپووله
لە ناو نۆتەکانی مۆزارت و
نەسیمی بێدەنگیدا
من دەیبیستم

من چاوەڕێی کەسێ دەکەم
لە شەقامەکان لەگەڵم پیاسە دەکا
لە سیمای هەموو خەڵکی شار خۆی بەرجەستە دەکا
من دەیبینم لە هەڵچوونی نافوورەکان
لە ناو میهرەبانیی هەتاو
سۆزی گەرمی شنەبا
من دەیبینم
دەست دەخەمە سەرشانی و لەگەڵیا ڕێ دەکەم
ئەوە کێیە من چاوەڕێی دەکەم؟

من چاوەڕێی کەسێ دەکەم
ئێگجار ئامادە
لەگەڵما دێ بۆ قاوەخانە
بۆ ناو دووکان و پارکەکان
لە ناو شەمەندەفەڕ و
کەشتی و فڕۆکەکان
ئەو هەمیشە بە ناومدا گوزەر دەکا
من هەمیشە بانگی دەکەم
ئەوە کێیە من چاوەڕێی دەکەم؟

من چاوەڕێی کەسێ دەکەم
لە ناو بڵێسەی باران و
شادەمارەکانی زەمین
لە ناو لۆچی جەستەی دەریا

نیگەرانیی نیگای مانگ
من هەستی پێ دەکەم
لە تەنهاییمدا تەنهایە
لە بەختەوەریمدا ئارام
ئەوە کێیە لە خۆم دادەبڕێنێ و
بەرەو غیاب لەگەڵم ڕێ دەکا؟

من چاوەڕێی کەسێ دەکەم
دەستی دەگرم و لێژ دەبمەوە
لەگەڵ هەڵوەرینی گەڵا
باڵەفڕکێی بێچووە پاسارییەک
لە ناو تەماشای تەزیوی بەرد
هێڵەکانی خۆرنشین
من دەیبینم

لە چاوەڕوانیی ئەودا من غەیب دەبم
جوانی کاڵ دەبێتەوە
نیگا درز دەبا
خود دەسڕێتەوە
لە چاوەڕوانی ئەودا من دەتوێمەوە
تنۆک تنۆک فەنا دەبم
من لە ناو عەشقی ئەودا ئاوا دەبم

## تەماشات ڕێگایەکی چۆڵە

تەماشات هێلێکە پڕ لە وشە
لێژ دەبێتەوە بەرەو فۆرمێکی نادیار
ئاخاوتنێکی بێدەنگ
لە نێوان من و تۆ

تەماشات ڕێگایەکی چۆڵە
شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو زەمینی من
پۆلێ پیت باڵەفڕکێ دەکەن
نیگەرانییەکی قووڵ
لە نێوان من و تۆ

تەماشات بەردێکە پێدەکەنێ
داوەتم دەکا بۆ سەما

له ژێر سێبەری با
ڕیتمێکی شێدار
له نێوان من و تۆ

تەماشات بورکانێکه
لەسەر قوببەی نارنجیدا
بەیەک گەییشتنی دوو توخمی هەڵگرتووه
جەستەی ڕاچڵەکیوی من و تۆ

تەماشات دەرگایەکی کراوەیه
له سەر پانتاییەک
پڕ له نیشانەی پرسیار
هێمایەکی سپی هەڵماندەگرێ
بەرەو کوێ؟
بەرەو چی؟

## ئیلهام

له تەنیشت پەنجەرەیەک
نەمامێ
ساوایەک له نزیک خودا

له ناو چۆڵایی لاپەڕەیەک
کانییەک وشه
دەق هەناسه دەدا

له ناو جەستەدا
ڕۆح
عەشق غیابێکه ئیلهام ڕایدەژەنێ

له فەزای نادیاریدا
شتێ، تەنێ

ئەوە منم چاوەڕێی دەکەم
یا پانتایی مردنە چاوەڕێی من دەکا؟

## نیشانەی سەرسووڕمان

کاتێ دەبمە گەردیلەیەک و
تێکەڵ بە خاک دەبم
لە ناوچەوانی بەردا دەبم بە پرسیار
لە باڵای درەختێکی سپی نیشانەی سەرسووڕمان
لە ناو لم دەخزم
ڕۆدەچمە ناو زەمەن
ئینجا دەبم بە ئاوازێک و
هەڵدەچم
لە فۆڕمی عەشقێکی نەمردا زیندوو دەبمەوە

## هاوکێشەی من و تۆ

١

کە لێک نزیک دەبینەوە
ئێمە یەکتری ون دەکەین
کاتێ لە یەکتری دوورین
یەکتری دەدۆزینەوە

٢

تۆ زۆر دووریت لە ئێستا
کەمێ قەناعەت بهێنە ناو خۆت
بۆ جێهێشتنی دوێنێ و
نیشتەجێبوون لە وێستگاکانی سبەینێ

## پەنجەرەیەکی خامۆش

دوێنێ
پەنجەرەیەکی بێدەنگ لە کەمەری ئێستا
کرایەوە
چەشنی ئاوێنەیەکی ئەفسووناوی
جووڵەیەکی نەخش دەکرد
کە لە ڕیتمی خەون و
ڕیتمی شیعر و
ڕیتمی عەشقدا هەڵدەسێ
ئینجا پیاوێک تێپەڕی
لە تەنیشت تەماشای پەنجەرەکە
بەر تەنی ڕۆشناییەک کەوت
ڕۆشنایی دوو تەنهایی
لە سەرزەمینی یەکبووندا

دواتر بایەک هەڵیکرد
بایەکی شینی باڵا
شینی دەگێڕا
لە  بەرامبەر پەنجەرەیەکی خامۆش
نیگای داخراوی من و تۆ

## پێشانگای ڕەنگ

سوور ژوورێکی گومەزییە
دیوارەکانی درزبردوو
چێژیان لێ دەڕژێ

شین گۆشەیەکی شەرمنە
هێڵەکانی هێمن
لە ژێر لێوەوە پێدەکەنن

زەرد سەکۆیەکی ڕۆشنە
بانگمان دەکا
بۆ ناو ماڵی عیبادەت

کەسک پەنجەرەیەکی پڕ هێمایە
سەما دەکا
لە سەر ڕیتمی زەمەن

نارنجی کورسییەکی کەمدووە
لە ناو دیمەنێکی زیندوو
لە سەر شانۆی پێکەوەیی

سپی ڕێگایەکی مەلوولە
بێپایان ڕاکشاوە
بەرەو ئەودیوی شتەکان

ڕەش چەقی بوونە
هەمووومان کۆ دەکاتەوە

## خوێندنەوە

دەق پانتاییەکی بزوێنە
قسە دەکا
خاڵ و فاریزەکان بانگم دەکەن
بۆ ناو ڕووبەری گفتوگۆ
مەسافەی سپیی نێوان وشەکان
پرسیارم لێ دەکا
پیت و بڕگەکان ئامادەن
لاپەڕەیەک پڕ لە جووڵە
مانای لێ دەڕژێ

## چەقی پرسیارێک

لە سەرەتادا ڕۆشنایی
لە سەر سەکۆیەکی سەرمەدی
لە کەناری نیوەشەو
هاتە زیارەتم
پێکەوە ڕووت چەشنی دالیای سپی
لەشمان پڕ بوو لە فەزیلەت
نیگامان بوو بە خۆرهەڵات
پڕ لە فڕینی پەپوولە
ڕوخسارمان نووری لێ هەڵدەستا

ئینجا من بوومە جێنشینگەی ئەستێرەیەک
لوغزی پڕشنگداری عەشق
من دەمێکە تێکەڵ بووم بە توخمێکی سەرابی

لەگەڵ با گفتوگۆم دەکرد
کە ئەو بیرەدا ڕەت بوو
ئەو بیرەدا تێپەڕی
بەرەو چەقی پرسیارێک
بێ جووڵە
بێ وەڵام

## کەوتنی وشە

باڵای بێدەنگی
کە بە هێواشی
چەشنی دیوارێک
لە نێوان من و تۆ ڕابوو
تەنها نەدرکانی وشە
یا کۆتایی وتن نەبوو
بەڵکو شکانی مینایەک بوو
ڕۆحی خرۆشاوی من و تۆ

بێدەنگیی تۆ
چرۆی کرد
بوو بە درەختێکی ڕەش
ئەو ڕووناکییەی داپۆشی

## که تۆ لە سەر ڕوخساری من جێت هێشت

بێدەنگیت
سەکۆیەکی بەخشی بە بێهودەیی
جێگایەکی فراوان بە گومان
بێدەنگیت
سەدای بەخشی بە بێباکی
بێباکی بەرامبەر بە جوانییەکان
بەرامبەر بەو فۆرمەی
مانگ‌ئاسا
جریوەی دەهات لە تریفە
درەوشانەوەی پەنجەکانمان
لە ناو تاریکیی ڕۆژەکان
بێدەنگیت ڕابوو
بۆ وتنی نهێنییەک
کە چاوەکان نەیانتوانی بیدرکێنن
کە دەستەکان نەیانتوانی بۆنی بکەن
کە هەناسەکان نەیانتوانی بیگرن
بێدەنگیت ڕابوو
بۆ دەربڕینی ڕەهایی دۆخێک
سڕبوونی ڕۆح
لە ناو زەخرەفەی جەستەی تۆ

## پێشنیهاد

له ئاوێنەی زستانی من
ژنێک دەستەکانی ڕایەڵ کردووە و
دوور دەڕوانێ
لە ناو لۆچەکانی نیگای
داهاتوو نەخشەیەکی کراوەیە
تووڵەڕێگایەکی سپی لە ناو دۆڵێکدا ڕاکشاوە و
ئاسمان نزم، پڕ لە دڵەڕاوکێ
پۆلێ باڵندەی پاییزی، پیاسە دەکەن
ئاماژەیەک دەنەخشێنن
ئیماژی کەسێ
جەستەی شەلاڵی گەردێکی مۆرە و
تەماشای پڕ لە گومڕایی
کەسێ لە غیاب دێتەوە

شانەکانی پڕ نسێ
پەنجەکانی تەونێک لە شێ
لە ئاوێنەی زستانی من
کەسێ لە غیاب دێتەوە و
بەرەو ڕووم دێ
دەستەکانم پڕ دەبن لە هەڵمی ترسێ
ترسی ئاوابوونی یەکێ

لە ڕوخساری ئاوێنەی ئەم زستانە
هێمایەک دەمخوێنێتەوە
ترسێک دامدەڕێژێ
ترسی ئاوابوونی یەکێ
لە ئاوێنەی زستانی من
کەسێ لە جەنگ دێتەوە و
تەرمی عەشق
بە سەر شانەکانیا شۆڕ بۆتەوە

## عەشق غیابێکە ئیلهام ڕایدەژەنێ

سەرەتا ئەلف‌وبێی غیابم نەدەناسی و ئاشنای جووڵەی بەردەوامی لم و خێرایی باکان نەبووم. لە دەشت و ئۆقیانووس و دارستانەکان بە دوای بێدەنگیی ژێر بەرد و گیانی ڕاچڵەکیوی ئەستێرە ڕژاوەکاندا دەگەڕام بەرەو تێگەییشتن لە نادیاریی ڕەهای تۆ، بۆ دیداری ڕوخساری تۆ. ئاه چەند گەڕام! چەندە سەرنجی ژێر پێڵووی خۆرم دا، شادەمارەکانی زەمینم هەڵدایەوە و لەگەڵ خۆڵ قسەم کرد، دەریاکانم پشکنی، لە چاوی ماسییەکان ڕامام، لە کۆتایی ڕێگاکان تەنها دەگەییشتمە خۆم

هەندێ جار منداڵ، هەندێ جار ژیر، گەلێک جار پڕ لە ڕۆشنایی لەگەڵ تۆ، تۆی نادیار و هەمیشە ئامادە لە ناو من

تیشک‌پۆش، تیشک‌نشین

لە ناو ئەو گەڕانە پەنهانییە دەستێک لە ئاو بوو بە دەلیلم بەرەو تۆ، تۆی خوداوەندی ساتە بێپایان و پڕ چێژ و ئازارە مەزنەکان. من بەرەو تۆ دەستنوێژم هەڵگرت و کراسی ئاودامانی نەوازشم پۆشی و لە سەر بەرماڵی ئاوریشمیی

خەیاڵ بەرەو تۆ ڕووم کردە دەروازەی مەحاڵ
هەندێ جار منداڵ، هەندێ جار ژیر، گەلێک جار پڕ لە ڕۆشنایی لەگەڵ تۆ، تۆی نادیار و هەمیشە ئامادە لە ناو من
من لە گەشتدام، گەشت بەرەو تۆ، گەشت بەرەو خۆم. گەشت بەرەو نادیارییەکان. کاتێ لە ناوچاوی ماسی و ژێرپێی باران، لە ناو خامۆشیی خۆڵ و جووڵەی بەردەوامی لم لە مەیانی هەنگاوە زەردەکانی بیابان ناتدۆزمەوە، من بەرەو خۆم دێمەوە، خۆم چەشنی با، لێرە و لەوێ، لە هەموو شوێنەکان، لەگەڵ تۆ، تۆی نادیار و هەمیشە ئامادە لە ناو ڕۆحی من
تۆ غیابێکی ئیلهام ڕاتدەژەنێ

## زریزەی پرسیار

زریزەی پرسیارێ لە پێمان دەئاڵێ
لە ناو زەمەن دەسووڕێینەوە
لە چرکەیەکەوە بەرەو بێپایانی
ئاوێکی ڕوون ڕێ دەکا
بەرەو فۆرمێکی بەرجەستە
ئاوێنەیەکی ئەفسووناوی
لە بەرامبەر ئەو تەنە تەنکە
هێڵەکانی ڕوخسارت دەخوێنمەوە
هێڵەکانی ڕوخسارم دەخوێنیەوە
تەماشامان فۆڕمی نهێنییەک وەردەگرێ
ڕێگایەکی سپی دەنەخشێنێ
پڕ لە پرسیار
زریزەی پرسیار لە لەشمان دەئاڵێ

ئاوێکی ڕوون ڕێ دەکا و
هەڵماندەگرێ
بەرەو پانتاییەکی بێدەنگ
کە تەنها شیعر دەتوانێ
بیهێنێتە دوان

## دابڕان

من ئیمشەو سەفەر دەکەم
دەگەڕێمەوە لای خۆم
سەرزەمینی ڕەشەباکان
زەمینی ئاوریشمیی غیاب جێ دەهێڵم
لە دەرەوەی بازنەی زەمەن
دێمەوە ناو سووری ڕۆژەکان
ناو سوری ئاسایی شتەکان
ئەو دەرگایانە دادەخەم
کە دەمێک بوو کرابوونەوە بە سەر فۆرمێکی پیرۆز
دەگەڕێمەوە بۆ ناو پانتاییە دەقگرتووەکان
بۆ کۆڵانە ماندووەکانی واقیع
دەگەڕێمەوە لای پەنجەرە سڕبووەکان
لای کورسییە واقوڕماوەکان

دەگەڕێمەوە لای ئێوارە نەخۆشەکان
من دەگەڕێمەوە بەر ئاگردانی وڕێنە و
لە بەر بەرۆچکەی بێباکی
پاڵ بە دیواری ڕاهاتنەوە دەدەم
من ڕادێمەوە بە سوڕی ئاسایی زەمەن
لە باخچە مەلوولەکەم
چەپکێ پەژارەیی دەچنم و
دەیخەمە ناو گوڵدانی بێدەنگی

ئیمشەو من دەگەڕێمەوە بۆ لای تەنهایی
ئیمشەو من دادەبڕێم لەو ڕیتمە خودابیەی
کە دەمێک بوو لە ناخم هەڵدەچوو
ئیمشەو من پاپووچی باڵایی
کراسی ئاودامانی سیحر دادەکەنم و
ناچم بۆ سەما
ئیتر من دەگەڕێمەوە لای تەنهایی
لای خودێکی پەژموردە
لە ناو ژووری ڕۆتین و
جووڵە وتووکراوەکان
دەگەڕێمەوە لای ئاوێنە سواوەکان
ئەو ئاوێنانەی کە تەنها یەک مەودای بوون پیشان دەدەن
کە تەنها یەک ڕوانین دەنەخشێنن
کە لە دەرەوەی سیمای حەیران و  دابڕاوی خود

هیچی دیکەم پێ ناڵێن
هیچ جوانییەک پێشنیار ناکەن
کە پاکانە بۆ وجوود بکا
هیچ هێڵێکی چەماوە بەرجەستە ناکەن
کە نابووتیی هێڵی ڕاست بنووسێتەوە
من ئیمشەو دەگەڕێمەوە لای خۆم
لای وشکایی جەستە
دەگەڕێمەوە ناو سوڕی ئاسایی شتەکان
سوڕی ئاسایی لەش و
کەشە ڕەنگ هەڵبزڕکاوەکان
من دەگەڕێمەوە لای چۆڵایی ڕۆژەکان
خوو دەگرمەوە بە شتەکان
بە ڕێگا بێ ڕوئیاکان
بە شوێنەوارە ڕووخاوەکان
ئیتر من لە وێستگاکانی دڵنیایی
چاوەڕوانی هیچ کەسێ ناکەم
لە ناو تینی ئارەزوو بۆ دابەزین
پەیژەکانی ڕوانین دادەگرم
کەشتییە ئاڵەکانی خەیاڵ ڕادەگرم
چارۆگە نارنجییەکانی دەربڕین دەپێچمەوە و
بەندەری بینین دادەخەم
من شەڕی پێکەوەبوون
هارمۆنیای ڕۆح

سەدای زەنگوڵی وتن
جێ دەهێڵم
دێمەوە لای خامۆشی
تێکەڵ دەبمەوە بە سکوون
بە فەزای سپیی ڕۆژەکان

من لە ناو چۆڵایی ژیان
ژوورێ بەکرێ دەگرم
لە شەقامی نائومێدی
لە نزیک مەیدانی ترس
لە گەڕەکی گومان
کۆڵانی دابڕان
من لە ژمارە سفر نیشتەجێ دەبم

## سەرفراز بوون

کاتێ جامێ شەراب دەتخواتەوە
لە بۆشاییدا هەڵدەچی
لە فۆرمی منداڵێک هەڵدەسیتەوە

لە سەر گردی سۆز
دەستەکانت ڕایەڵ دەکەیت و
لەگەڵ با دەدوێی
تۆ لەگەڵ با دەدوێی و
ئاوازێ بە ناوتا ڕێ دەکا
دەبی بە گۆرانی
بە ڕووبارێک لە وشە
دەڕژێیتە ناو گەڕانێکی بێکۆتایی
گەڕان بۆ شەرحی بوونت لەم چۆڵاییە

گەڕان بۆ لێکدانەوەی لوغزی دیمەنێک
دیمەنی من و تۆ لە بەردەرگای عەشق
لە سەر گردی سۆز
تۆ دەستەکانت ڕایەڵ دەکەیت و
لەگەڵ با دەدوێی
سڵاو لە خۆر دەکەیت و
بەرەو ئاسۆیەک دەکشێی
پڕ لە ڕوانین
شانەکانت دەبن بە پەلکەزێڕینە
چاوەکانت تژی لە فڕین
تۆ دوور دەکەویەوە
تۆ دەکشێیت و دوور دەکەویەوە
لەو ڕێگایەی کە دەتباتەوە ناو چەقی ئاگایی
لای بێدادی و حەژمەت
کاتێ لە تەپۆڵکەی واقیع هەردەزەلی
تۆ دەکەوی
شۆڕ دەبیەوە بۆ ناو لەبیرچوون
دەبی بە دەنگێ لە بیرەوەریی مندا

## ئەبستراکت

هێماکانی من و تۆ
لوغزێک بەرجەستە دەکەن
وشەکانمان
جەنگێ دەڵێنەوە
ڕازی پێکەوەیی
وشەکانی من و تۆ لە شەودا
خوێنیان لێ دەڕژێ
سیحرێکی مۆر
نهێنییەکی ئاڵیان لێ دادەچۆڕێ
نیگەرانییەک لە چاوەکانمان هەڵدەسێ
پانتاییەکی پڕ گومان
جوگرافیایەک
لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕادەکشێ

لە ڕابردوویەکی دوورەوە دێ
ڕێگایەک لە ژێر پێمان وەنەوز دەدا
سەرزەمینێک دەزریکێنێ
فۆرمە ڕەسەنەکان
تینی ڕۆحێکی ماندوو
ڕادەگەیەنن
سەرتاپای ڕوخسارمان دادەپۆشن
وێنە بێ فیگورەکان
داماندەڵێن
لەو ماسکەی هەڵمانگرتووە
هێڵە شپرزەکانی ڕوئیامان
نەغمەیەکی غەمناک دەڵێنەوە
فۆرمە ئەپستراکتەکانی من و تۆ
هاوار دەکەن
لوغزی گڕگرتووی نهێنییەک تەفسیر دەکەن
جەنگی من و تۆ

**ڕێنووسی کۆسمۆس**

تابلۆی ڕوخسارت
پڕە لە ئەستێرە و
بانگم دەکەن
بۆ بەرهەیوانی پێشنیهاد
پلوتۆن دەڵێ
بایەکی سوور بە ناو شەوەکانتا هەڵدەکا
دەنگێ داگیرت دەکا
بە بارستایی مانگ دەچێ
جوپیتەر دەڵێ
لەگەڵ خۆت بە
ئەو تەنە جێ مەهێڵە
تا بە ئاوازی زەمین
لە ناو پیرۆزییەک بەرجەستە دەبی

دەشێ فەزیلەت لەوێوە بڕژێ و
ڕۆحیش لەوێوە فراژوو بێ
پاشان تۆ دەگەڕێیتەوە لای خود
ئینجا ڤینۆس دێتە گۆ:
کاتێ خۆرنشین بانگت دەکا
دەستەکانت بدە دەستی
با لەشت ببێتە ئاسۆ
ببیتە خاڵێک لە ناو ڕێنووسی کۆسمۆس

## جووڵەی پیت

N سەما دەکا
A گۆرانی دەڵێ
W بوودایە
خەریکی ڕامانە
Z سیحرباز
ڕۆشناییەکی چەماوە
A سەدای لە داهاتوودا دەلەرێتەوە
D زارۆکێکی زیتەڵە
دەست ڕایەڵ دەکا بەرەو ئاسمان
گیرفانەکانی پڕن لە وردە ئەستێرە[1]

پاریس، بەهاری ٢٠٠٨

---

[1] ئەم شیعرە ئیمزای نەوزادی کوڕمە، ڕۆژێک کاتێ داوام لێکرد لەدامێنی وێنەیەک کە کێشابووی ئیمزای خۆی بکات، وتی نازانم، پێکەوە گەییشتینە ئەم فۆرمیولە کە لە کۆتاییدا گەییشتە ئەم شیعرە.

# پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن

دوو گەردی گەردوونێکی نیگەرانین ئێمە؟
دوو باڵی تەنکین
لە سێبەری با؟
یا زایەڵەی زریکەیەکین
لە قووڵاییەکانی شەودا دەزرنگێتەوە؟

پێشکەشـە بە نەوزادی کـوڕم، کە فێـری کـردم دایـک بـم و لە دایکایەتیشــدا گەڕامەوە لای دایکــم: ســەرچاوەی ئیلهــام و چــاوگ. گەڕامەوە لای دایکەکــان: پــاڵەوانە نادیارەکــانی مێژوومان.

## دوو تەنی تەنها

کە تۆ هاتی
لە درزی دەرگاوە ڕژا
ڕووناکی
ژوورەکەم بوو بە سەکۆی سەما
دوو تەنی تەنها
دەچەمێنەوە
تێک دەئاڵێن
دادێنەوە
دەبنە ڕووبار و ڕادەکشێن
دوو هێڵی باریک

لە دەرەوە
ژن و پیاوێ
لە ژێر سێبەری تەنکی درەختەکانی شەقام
بە بێدەنگی ڕێ دەکەن

## نووسین

سەفەر دەکەم
بە سەر لاپەڕەیەکی سپی
ڕووبەرێکی نائاشنا
دەکشێن
کۆمەڵێ ڕێگە
دەچنەوە سەر وێستگەکانی ڕابردوو
ڕێگەکان دەبڕم
نەخش دەبن کۆمەڵێ دەرگا
دەرگاکان دەکەمەوە
دەچمە ژوور
پیاسە دەکەم بە ناو پانتایی ئەودا
لە پەنجەرەکانەوە دەڕوانم
نەخش دەبێ کیشوەرێک هێما

پیت
وشە
مانا
چێژ
دەمبەن تا سەر سنووری کەسێ
لەوێ
لە ناو باخچەیەکی واڵا
دوو ئاشنا و
خودێکی ئازاد

## ڕۆشنبوونەوە

کە لە تەنیشتم ڕادەکشێ
جەستەی وەک ئاسمانی شەوانی پاییز دەکشێ
ڕوخساری پڕ دەبێ لە ئەستێرە
ناوچەوانی مانگی لێ هەڵدێ
تریفە وەک نیشانەی پرسیار
بە سەر مندا دەبارێ

کاتێ لە ژێر ئاسمانی ئەودا ڕادەکشێم
تریشقەیەک هەڵدەستێ
ئەستێرەیەک دەڕژێتە ناو فەزای تاریکی
ناخی من وەک سورەییا دادەگیرسێ

## دان‌هێنان

شتێک لە ناخمدا دەجووڵێ
برووسکەیەک سنگم لەت دەکا
جەستەم گڕ دەگرێ
خوێنم وەک بورکان هەڵدەچێ
ئارەزووی بێدادی دیداری تۆ
هەڵگیرسانی جەنگێ
کە لە عەشق دەچێ
لە نیگایەکەوە حەز
لە حەزێکەوە
ماچ
لە ماچێکەوە
داگیرسانی پەنجەکان
ئامێزی ڕووت
تامی ژێر پێستت

ئاوێتەبوونی دەستەکان
ئینجا ڕۆح فراژوو دەبێ
دەڕۆین تا ناو شینایی ئاسمان
کاتێ لەش باڵ دەگرێ
سەر ئاواز دەچرێ و
ڕۆح هەڵدەکشێ
بڵند بڵند دەفڕین من و تۆ
لەناکاو باڵەکانمان بەر تاشەهەورێ دەکەون
سەرەونگووم دەبین ئێمە
دەشکێن هەستەکان
بەر یەک دەکەون خولیاکان
جوانی دادەمێنێ
تەنیا دەمێنینەوە لە ناو کڕێوەی ڕۆژەکان
هاوارێک هەڵدەستێ تا سەر لێکترازان
دڵی شەو ڕادەچڵەکێ
لە ژێر سەنگی غیابی تۆ
شکستییەک وەک جەفا
حەسرەتێکی سوور
وەک خوێنی ژنبوون سەر دەکا
ژانی لێکدابڕان
شکان و لێژبوونەوە
بۆ ناو دۆڵی تەم و
زرمەی کەوتن
دانهێنان بە کۆتایی من و تۆ

## تارمایی خۆشەویستیّ

بێدەنگی
کە وەک دیواریّ
لە نێوانمان ڕابوو
تەنیا نەدرکانی وشە
یا کۆتایی وتن نەبوو
بەڵکو هێمایەکی شین بوو
نغرۆبوونی چاوەکانمان

بێدەنگی چرۆی کرد
بوو بە سێبەر و
ئەو ڕۆشناییەی داپۆشی کە تۆ لە سەر ڕوخساری من جێت هێشت
بێدەنگی گەورە بوو
بە ئەندازەی باڵای حەزێک

هی من
بۆ تۆ
هی تۆ
بۆ من
لە نێوانمان
هێمای نهێنییەک

## کەوتنی خۆشەویستی

له سه‌ره‌تادا ئاره‌زوو
حه‌زێکی پڕ جۆش بۆ ئاوێته‌بوون
پێک‌گه‌یشتنی دوو نائاشنا و
که‌وتنی دیواره‌کان
ئینجا زه‌مین ده‌بێته دۆڵێکی دره‌وشاوه
ڕوخسارمان کیشوه‌ری مانگ
کاتێ له ژێر سه‌نگی ڕۆژه‌کان ڕوانین کڵۆم ده‌بێ
ده‌که‌وین من و تۆ
تامان ده‌ڕوێ
له نێوان دوو ئاشنا
له ناو پانتایی نادڵنیایی
گوزه‌ر ده‌که‌ین به‌بێ مه‌ودا
چاوه‌کانمان ده‌که‌ونه به‌رپێمان

دڵ نابینا
دەنگ هەڵوەدا
ناگا مانا
ئێمە دەبینە دوو بەرد
تیژڕۆ سەرەونخوون دەبین
بە ڕەهایی ڕۆدەچین

**له کۆرسی یۆگا**

له ژێر قورسایی تەپۆڵکەی سنگم
سییەکانم وێک دێنەوە
هەناسەم سوار
دەستەکانم هاوار دەکەن
جومگەکانم چواررێیانێکی تەنگن
مێشکم کاس بە ژاوەژاو

مامۆستای یۆگا
لێم نزیک بووەوە و
بە سەرسوورمانەوەی پرسی:
چی بە سەر هات جەوهەری جارانی تۆ؟
من بووم بە بۆشایی گەردوونێکی نامۆ هاوڕێم
بەتاڵ بووم بێ تۆ

دوورگەیەکی تەنها
نغرۆ بووم لە دووریی دەستەکانی تۆ
ڕێگەیەکی داخراو
کلۆم بووم دوای هەنگاوە شینەکانی تۆ
ڕووبارێکی بێدەنگ
وشک بووم دوای ئاوابوونی چاوی تۆ
تەنێکی زاخدار
سڕ بووم لە چاوەڕوانیی لێوەکانی تۆ
ئاوێنەیەکی وردوخاش
نانەخشێنێ پێکەوەیی من و تۆ
شمشاڵێکی ئەفسووناوی
شکا بە کەوتنی من و تۆ

## دەنگی دڵی ژنانی گەرمیان

من لێرەم
لە ناخی بێدەنگیی گەرمیان
کە دەنگی شمشێری شەڕی براکان ڕایدەچڵەکێنێ
بیرەوەرییەکانی پاریس دەنێژم و
قاقای پێکەنین کپ دەکەم
گوێ لە قوڵپی گریانی ژنانی ئەنفال دەگرم
کە لە ناو گەرداوی ئەم خاکە سەر دەکا و
وەک هێڵێکی باریک
بەرەو سەربان و گردەکان تەکان دەدا
با بێدەنگ بین
دەستت بخەرە سەر ناوچەوانم ئەی دایکی جەرگسووتاو
با ناوچەوانم گڕ بگرێ بە پشکۆی پەنجەکانت
با بۆنی مردووەکان بکەین
کاتێ چەکەکان ڕادەکشێن

لاشەی براکانمان هەڵمێکی سووریان لێ هەڵدەستێ
لە قووڵایی ڕۆحیاندا
ترووسکاییەک هەڵدەچێ
وەک بوراق باڵ دەگرێ
بەرەو ناخی ئەستێرەکان
دەنگی دڵی ژنەکان دەبیستم
تێکەڵ بە دەنگی بانگدەری سپێدان دەبێ
شین و ڕۆڕۆیە تێکەڵ بە
بە حەیئەڵڵای دەروێشان دەبێ
هاوار، هاوار، هاوار
بێدادیی ژنانی گەرمەسێر
لە سەر ئەم خاکە سووتاوە
تێکەڵ بە بێباکیی سەردەم دەبێ

بۆنی خوێنی جەنگ دەکەم
لە ناو دڵی شەو
ئاه و ئارەزووی کوژراوەکان
تەنیایی بێوەژنەکان
تینی خەونی کچە عازەبەکان
دەچنە ناو سی و دەمارەکانم
لە خانەکانی شیعرمدا دێنە دەنگ و
تۆماری دەکەن یادەوەریی ئەم خاکە لەخاچدراوە
هەڵمی سووری ئاهی ژنانی نیشتمان

## جەنگ

له جووڵەیەکی دابڕاو له سۆز
دەستەکانمان بەرز دەکەینەوە
وەک پەیکەر
گۆشەکانمان سڕ دەبن
هێڵەکانمان نەرمایی ون دەکەن
تۆپەڵەی سەرمان کەڕوو لێی دەدا
برژانگەکانمان دەبنە تەونی جاڵجاڵۆکە
گوێچکەمان کونی سیسرکە
بایەکی سارد بەرمان دەکەوێ و
هەموومان دەبینە بەرد
وەک تەنێکی تیژ بەر یەک دەکەوین
ئینجا جەنگ هەڵدەگیرسێ

جەنگێک لە ئارادایە
جەنگی دیکتاتۆرەکان نا
جەنگی دەوڵەتان نا
جەنگی سوپایەک نا لە دژی گەل

جەنگێک لە ئارادایە
جەنگی نێوان براکان
جەنگی نێوان خوشکەکان
جەنگی منداڵەکانمان
جەنگی هاوڕێ و دۆستەکان
جەنگی مرۆڤە بەردینەکان

جەنگێک لە ئارادایە هاوڕێم
چەشنی هیچ جەنگێکی دیکە نییە
پیاوێک دێت و کاغەزێکی زەرد لە گیرفانی دەردێنێ
ئایەتێک دەخوێنێ و
فوو بە سەرماندا دەکا
شەددە و زەممە و فاریزەکان
وەک مێشوولە دەفڕن بە دەورماندا
ژێر پێستمان دەئاوسێ
لەشمان تووشی خورشت دەبێ
جەمسەری ڕوانین وێک دێتەوە
هەموومان دەکەوینە جۆش

واقمان دەوڕمێ و
وەک منداڵ گوێ شل دەکەین
وەک شۆڕشگێڕ دوای دەکەوین
کاتێ پەنجەی شایەتومان ڕادەوەشێنێ
جاڕی ڕق دەدا
ئێمە دەخزێینە ناو دێری سوورەت و
پاڵ بە فاتیحاوە دەنێین
شمشێری تووڕەیی ڕادەوەشێنین و
خرۆشاو وەک شانەی هەنگ
دەنگی کەوتن شەیدامان دەکا
دیوارێک بەرز دەبێتەوە
بە ئەندازەی دووریمان لە ئەشکەوتی حەررا
ئیتر نایبیستین دەنگی سەردەم
ناگا دەنگ بە هاوڕەگەزەکانمان
بە تامی ڕشانەوە و
بۆنی جاهیلییەت
ناو هەناومان هەو دەکا
شانازی دەکەین بە سڕبوونی خۆمان و
بە ڕوانینی کلۆمدراو و
کەناری دڕکاوی و
سنووری تەلبەندکراومان
غەریزە لە چوارڕێیانی مێشک فوارە دەکا
کۆڵانەکانمان پڕ دەکەین لە ژاوەژاو

بەردی بناغەی پێکەوەیی دەردێنین و
خشتی تەبایی دەشکێنین و
دەخلیسکێینە ناو خاکی بێباکی
سەرگەرمانە دەجەنگین
دەجەنگین لە دژی دراوسێکانمان
لە دژی دۆست و برادەرانمان
لە دژی خوشکەکانمان
لە دژی براکانمان
ئێمە دەجەنگین
نافوورەی غەریزە لە ناو سەرمان هەڵدەچێ

جەنگێ لە ئارادایە هاوڕێم
چەشنی هیچ جەنگێ نییە
جەنگێکی پاک
جەنگێک پوخت وەک چوارگۆشە دەقمان دەکا
کەللەسەری بڕاو
قاچی پەڕیو لە مەیدانەکان نابینین
برینەکان بێ مێشومەگەز
خوێنیان لێ ناچۆڕێ
هەموومان نەزیف دەبین و
زیغ و چەومان لە بەر دەڕوا
لێشاوی زەبروزەنگ
شارەکان پڕ دەکا لە بەرد

دەگەڕێینەوە لای یەکەمین توخمی بوونمان
وەک تیخ بەر یەکتری دەکەوین
وەک زام قووڵ دەبین

جەنگێک لە ئارادایە
چەشنی هیچ جەنگێ نییە هاوڕێم
جەنگێک هەموومان تێیدا خرۆشاو
چەقۆی ڕقمان تیژ
تفەنگی تووڕەییمان سوار
مێشکمان بووەتە تەونی جاڵجاڵۆکە
جەمسەرەکانمان سڕ
کونەلووتمان هێلانەی کوندەپەپوو
هەناومان ژەنگی هەڵهێناوە و
غەریزە فوارە دەکا
مایەپووچ بە ناوی ئازادییەوە دێینە مەیدان
بە ناوی ئازادییەوە مۆرە لە یەکتری دەکەین
بە ناوی ئازادییەوە حاڵ دەگرین
بە ناوی ئازادییەوە شمشێر دەوەشێنین
بە ناوی ئازادییەوە قەپاڵ لە یەکتری دەگرین
بە ناوی ئازادییەوە عاشق دەبین
بە ناوی ئازادییەوە خیانەت دەکەین
بە ناوی ئازادییەوە دەجەنگین و
ئازادی دەکەینە ژنێکی سۆزانی و

ڕیسوای دەکەین

ئای چ جەنگێکە ئەم جەنگە هاوڕێم
جەنگێ چەشنی هیچ جەنگێکی دیکە نییە
ئێمە پۆلێ کچی هەرزەکار
دۆڵی جەستەمان وشکهەڵاتوو
دەمارەکانمان قرچەیان دێ
قەفەسی سنگمان پڕە لە ڕیشۆڵەی ئاخ و
مێشکمان کاس بە باڵەفڕکێ
بە بێدەنگی لە بەر سێبەری براکانمان
هەڵدەلەرزین
چاوەڕێی دەستێکی سپی دەکەین
ئەمجارە بە ناوی شارستانییەت
دێت و هەموومان کۆ دەکاتەوە
ئێمەش دوای دەکەوین
نوشتەی ئومێدەکانمانی پێوە هەڵدەواسین
دابەش دەبین

لە نێوان سەنگەری ڕەنگەکان
لە نێوان سنووری شارە قوڕاوییەکان و
گرووپە شەڕانگێزەکان
دەبینەوە بە جەنگاوەر و
دێینە سەر جاددەکان و

هوتاف لێ دەدەین
هەور لە ئاسمان دادەگرین و
باران قەدەغە دەکەین
باسکی ماچ دەشکێنین
دڵ بە دڕک تەلبەند دەکەین
ڕێگەکان وەک گوریس گرێ دەدەین و
تەڵە بۆ یەکتری دادەنێینەوە
بە ناوی شۆڕشەوە
دەچینە مەیدانی شار
کوڕە یاخییەکان دێنە پاڵمان و خۆیانمان تێهەڵدەسوون

ئێمە شەرمەندە
ڕووڕەش دەبین
ئینجا کە پیاوەکان دەگەنە بەرەکانی جەنگ
پەککەوتە و بریندار و منداڵەکان بە ئێمە دەسپێرن
ئێمەی جەستە سڕبوو
چاوگ پەنگ‌خواردوو
شانمان دەخەینە بن‌هەنگڵی باوکی پەککەوتە و دەیبەین بۆ دەستشۆر
برینی براکان تیمار دەکەین
جلی جەنگاوەرەکان دەدروین
منداڵەکانمان دەبەینە مەکتەب و دڵنیا نین دەیانبینینەوە
دایکەکانمان لە بەر ئاگردانی شەرم چرووک دەبن
هەمووومان بە نەوالی شارستانی

به نەوالی شۆڕش و
نەوالی ئایەتەلکورسی و
بە نەوالی ئازادی فریو دەخۆین

دەبینە ڕژدترین جەنگاوەر
سەرچڵترین بێگانەی یەکتری
دڕندەترین براکوژ
لە ناو شانە نهێنییەکان
تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕ دەکەین لە تەوری وتن
ڕستەکان دەمەزەل دەکەین
دەست و دەمی یەکتری پێ دادەپاچین
قۆڵ و پشتی کۆممان دەبێتە تەختێکی ڕەش
نەفرەتمان لێ دەکا نیشتمان

کاتێ چاو هەڵدەبڕین
شۆڕشگێڕەکان لە جوگرافیای خۆیان دەمانخەنە دەرەوە
مەلاکان لە مینبەرەکانەوە ڕیسوامان دەکەن
ڕۆشنبیرەکان نەرگسییانە لە چوارچێوەی کۆنتراست دەماننەخشێنن
دەمانکەنە پاڵەوانی نووسینەکانیان و
تێهەڵدراوی فەزاکانیان
ئێمە گەردێکی فڕێدراوین
خراینە دەرەوەی سەرجەم هاوکێشەکان
دەرەوەی شانۆی گوتار و شانۆی نمایشەکان

دەرەوەی ئەگۆڕای ئایین و حیزب و ڕۆشنبیرەکان
ئینجا کلۆڵانە هانا دەبەینەوە بەر ژوورەکان
دەرگای عەشق کلۆم دەدەین
کراسی درێژدامێن دەپۆشین
سەد ساڵ ڕەشپۆشی

سێبوریی خۆمان بە ئەلحەمدولیللا دەدەینەوە و
باکمان نییە کە دەبینەوە گۆرەوی‌شۆر و دەرپێ‌شۆر و چێشت‌لێنەر
کەزیی کلۆڵیی بێوەژنەکان دەهۆنینەوە
شانمان دەخەینە بن‌هەنگڵی باوک و دەیبەین بۆ دەستشۆر
ناوگەڵیان دەشۆین و بە سەرماندا دەڕشێنەوە
کاتێ دەشکەون
دەیکەینە شین و
وەیلان دەبین

جەنگێک لە ئارادایە هاوڕێم
چەشنی هیچ جەنگێ نییە
نیشتمانێک وەک ئاژەڵێکی بریندار نەڕە لێ دەدا
میللەتێک وەک بەرخێکی سەربڕاو جینگڵ دەدا
وەک مێگەل گوزەر دەکەین و
فوارەی غەریزە شارەکانمان دەتەنێ
پیاوەکان خیانەتمان لێ دەکەن
بزماری ئایەت

تەوری سیاسەت لە سەرمان دەکوتن
ئێمەش کۆشمان پڕ دڕکە
سەر دادەنەوێنین و
دەبینەوە هاوخەبات
هاوخەباتی برا دۆڕاوەکان
هاوخەباتی مایەپووچی
ئێمەیان بیر ناچێتەوە جەنگاوەرەکان

ئێمە دەبینە چەقی گوتار و چەقی چێژ و چەقی گوناهەکان
لە سەکۆی پیرۆز و
قەڵای بڕیار
لە ئەگۆرای فیکر
وەدەر دەنرێین
وەک ئەتۆمێکی تەنها
لە ناو گەردوونێکی بەتاڵ
پێچ دەدەین
بەر تیری خوداکان دەکەوین
بەر شمشێری برا جەنگاوەرەکان دەکەوین
جەستەمان دەبێتە جێژوانی نووکی تیژی هەموو تیغەکان

ئەوانیش شەرەفمەند
دەبنە مەزنترین جەنگاوەر
دۆڕاوترین شۆڕشگێر

جەنگاوەرترین گاڵتەجاڕ و
کانگەی هەموو بەدبییەکان
سەرمان بزمارڕێژ کراوە هاوڕێم
ئێمە لە سەر هێڵی ئیستوایی براکانمان
لات و لانەواز مۆڕە لە یەکتری دەکەین
ڕەنگی سنوورەکان مینا خوێنی ژنایەتی
سوورتر دەکەین
چاوەڕێی دەستێکی سپی دەکەین
ڕزگارمان بکا

ئەم جەنگە هاوڕێم
چەشنی هیچ جەنگێ نییە

## براکوژی

له ئەنفال ڕزگاریان بوو
له جیاتی ڕوفاتی منداڵەکانمان
میراتی ڕقیان لەگەڵ خۆ هێنایەوە
ڕق له برا
ڕق له ژن
ڕق له عەشق
ڕق له جوانی
ئینجا وەک بەرد
بە برینی کۆنی شەستەکانەوە
ئەقڵ پەراگەندە
غەریزە توندوبەند
چوونە ناو سەنگەری بێمتمانەیی و
ناویان نا ئیدارەی یەکگرتوو

لەوێوە هات ئەم هاوارە
هاوارێکی ڕەش وەک دڵی شەو
لە ئەشکەوتی جەهلەوە هەڵیکرد
بێدادی
هەڵیکرد ڕەشەبای ترس
کە بەرچاویشیان تاریک بوو
شمشێرەکانیان لە یەک هەڵکێشا
ئینجا خوێن پژا

ئەو خوێنەی لە بەرت دەڕوا
ئەگەر هی خۆت نەبێ
هی هابیلی براتە
ئەگەر هی هابیل نەبێ
هی جەستەی دایکێکی بێئامانە
لە سووچێکی گۆڕستان
گرمۆڵەی ناو سەردولکە:
هەی لێلێ هەی لۆلۆ
ماڵ خەرابۆ لاوۆ، ماڵ خەرابۆ لاوۆ
مخابن کوردان ڕۆ، ماڵ خەرابۆ لاوۆ
مخابن کوردان ڕۆ
هەی ڕۆ هەی ڕۆ شەرمە جوانی ڕۆ

## نیشتمان مێردێکی ناحەزە، لێی جیا دەبمەوە

کە یەکەم جار بینیم
لە سەر بەرماڵەکەی دایکم مەلۆتکەیەک بوو نیشتمان
لە دیواری پشتسەری باوکم تابلۆی شاسوارێک بوو
خەنجەرێکی لە بەر پشت و
سنگی بە پشتێنەی گوللە ڕازاوە
لە خەیاڵی برا بچکۆلەکەمدا هەرقەل بوو نیشتمان
لە دەفتەری برا گەورەکەمدا قوربانیی سەردەم
لە لای خوشکەکەم بووکەڵەیەک
بۆ منیش نیشتمان پیاوێکی زراف بوو
یەکەمین عەشقم بوو
چاوباشقاڵ، سمێڵڕەش
نیگاکانی وەک پرسیار دەجووڵان
بانگیان دەکردم بۆ دوان

له یەکەمین دیداردا
ئەو لە وێستگەی پاسەکە جگەرەی دەکێشا
بە دەستی چەپی پەرچەمی هەڵدایە دواوە و
برۆی لە جووڵەیەکی هەوەسبازانەدا هەڵتەکاند
بە فیزانە بزەیەکی کرد
من تەزوویەکی گەرمم پێدا هات و
یەکەمین ترپەی دڵ و یەکەمین داگیرسان
بووم بە عاشقی نیشتمان

لە ئەندێشەی ئەودا من عەزرا بووم
نیانترین بوونەوەر
مەلێکی ئاوی بووم
بە سەر جوگرافیای جەستەدا
تەڕ تەڕ فڕیم
تەڕ تەڕ پێکەنیم
تەڕ تەڕ گریام
تەڕ تەڕ خوێنم لە بەر ڕژا
ئینجا بوومە ئاوێزانی و
بە ئەندازەی ئارەزوو جوانیم پێ بەخشی
چێژم تێکەڵ بە شادەمارەکانی کرد و
پێستیم بە برژانگ ڕەنگ‌ڕێژ کرد
لە یەکەمین پێکەوەبووندا
سیمای نیشتمان هەڵبزڕکا

بە زریکەیەک
دڵی شەو ڕاچڵەکا
جوگرافیام بوو بە کێڵگەی ترس و
هاوارێک لە نیشتمان هەڵسا:
کوا خوێن
بۆ شادەمارەکانی شەرەفم؟
کوا خشتی ڕووسپیەتی بۆ بنیادنانی دیواری پیاوەتیم؟
لەو کاتەوە بووم بە چاوشۆڕ و دەرپێشۆر
ڕووڕەش، گوناهبار
بە کێمی برینەکان خۆم مۆمیاڕێژ دەکەم،
کێڵگەی ترس تەی دەکەم و
گوێ لە لێدانی دڵی تاریکی دەگرم
خوێنم هەڵمی لێ هەڵدەستێ و
تێکەڵ بە گڕی گریانی دایکانی نیشتمان دەبم

ڕۆژانە دەسووتێین
بە پشکۆی ئارەزووە بەدەکان
بە کڵپەی نیشتمانپەروەری
ئێمە داغ بووین بەو سرووده گەرمانەی هۆز
دڵ و
جەستە و
هزر و
هۆشمان توانەوە

ئەفسانەیەک وەک مسی شل
شەپۆل دەدا
کەنارەکانمان کەف دەکا
پێستمان دڕکاوی
سەرمان کرمی خەباتی هەڵهێناوە
لە ناو کوورەی ئەو زاتە پیرۆزە
دادەچۆڕێین بەرەو کەندڕ
چارەنووسێکی ڕەش
وەک تارا کچەکان دادەپۆشێ
وەک چارۆگە دایکەکان دەپێچێتەوە
کاتێ لاشەی کوڕەکان هەڵدەگرن
بۆ ژێر پەرچەمی نیشتمان
بە سروودی "یا کوردستان یا نەمان"
دروشمی "ئەی شەهیدان"
خۆمان فریو دەدەین و
بە هێڵی خۆڵەمێشیی دوێنێ هەڵدەگەڕێین
بۆکڕووزی درەختەکان
وەک بغورد لە پەرستگەکانی نیشتمانپەروەری دەپژێنین
دڵی بێوەژنانی نیشتمان دەدەینەوە
دەست بە پشتی کچە عازەبەکان و
پرچی ڕشکاویی منداڵە هەتیوەکاندا دێنین
فوو لە گڕی سەر سنگی دایکەکان دەکەین
کاتێ کوڕەکانیان بۆ جەنگ بەڕێ دەکەن

بێدەنگ چاویان لە ئاسمان دەبڕن و
لە لێکدانی باڵی قەلەڕەشەکان
ئەوان قەدەری نیشتمان دەخوێننەوە
دەڵێن ئەمە دوا دیدارە
دەشێ لاشەی کوڕەکانیان ببێتە گۆشتی باز و
ئێسکوپرووسکیان لە توورەکەیەکی نایلۆن ڕادەست بکرێتەوە
ئینجا خۆیان لە خۆڵ و خم هەڵدەکێشن دایکانی نیشتمان
ئێسقانی کوڕەکانیش لە کفنێکی ئاڵ
لە ناخی بەردینی نیشتمان دەڕوێنن
سەیری ئەو هەموو پەیکەرە ئێسقانە بکەن لەسەر سنگی ئەم خاکە لە سەمادان!
کچەکانیش
کچانی نیشتمان زەردترین گەڵان
لە سەر ماتەمیی وەرزەکان
جەستەیان کردووەتە کەمۆڵەی خەون
کەمۆڵەی ئەفسوونی نیشتمان
خۆیان گرمۆڵە کردووە و
وەک مێرووله دەڕژێنە ناو پەرستگەی خاک
لە مەراسیمێکی دۆزەخیدا
خۆیان دەبەخشن بەو زاتە موبارەکە
بەو هێما نادیارە
کە وەک پیاوێکی چاوباشقاڵ شەیدایان دەکا و
وەک خودا ئاوایان دەکا
کچەکان دەستیان دەخەنە ناو دەستە شەهوەتییەکانی نیشتمان و

تێکەڵ بە تۆز و بای ڕۆژەکان دەبن
لەپڕ جوانی دەکەوێ
وەک بەردێکی بۆر
ڕووی هەموومان هەڵدەتۆقێ
ئینجا ئێمە هەڵدەچین
دەخزینە ناو کونجی بێدادی
لە سەر سنووری بێباکی
لە بەر دەرگای شکان
ئاوڕ دەدەینەوە و بیرمان دەچێتەوە ئێمە کێین
لە کوێوە هاتووین و
بەرەو کوێ دەچین؟
ئێمە دەبینە پەندی سەردەم و
نەخشی سەر سیمای نیشتمان
نیشتمانیش لە سیمای سیاسییەکی براکوژ
لە سیمای پیاوێکی شەڕەفپارێز
لە سیمای برایەکی خوشککوژ
لە سیمای باوکێکی هۆشکوژ
لە سیمای هەرزەکارێکی خۆکوژ
ددانەکانی جیڕ دەکاتەوە و
چڕنووکمان لێ دەگرێ
کچەکانی گەڕەک هێشتا تەزوویان پێدا دێ و
باڵی باڵندەیەکی وێڵن لە ناو بای نیشتمان
لە ژێر شاپەڕی هەور و شەقەی هەوەس

دەبنە سەرگەردانترین گەردی گەردوون

منیش گەڵایەکم ئاسۆییانە دەفڕم
ئاسمانم وشە و پەرستگەم نووسین
لە یەکەمین وێستگەی هۆشیاریدا
بڕیارنامەی تەڵاق دادەڕێژم:
''نیشتمان مێردێکی ناحەزە و لێی جیا بوومەوە''

## کچێک وەک حیکایەت

*پێشکەشە بە گیانی پیرۆزی دوعا لە بەعشیقە*

باوەڕم پێ دەکەن گەر پێتان بڵێم
ئیمڕۆ کچێکم بینی وەک دوعا
باڵای وەکو حیکایەت
پڕ بوو لە خەرمانی وشە

باوەڕم پێ بکەن ئەو بوو
دوعا
لە مەیدانی شار هەڵدەستایەوە و
بەرەو ڕووم دەهات
نە من ئەسحابەم و
نە بەعشیقەش نزرگە
دوعا بوو لە مەیدانی شار دەهاتەوە

بانگی کچ و کوڕی شاری دەکرد
"وەرن با پێکەوە ئەو بەردانە بدوێنین
هەریەکەیان پەیڤێکە و
کۆمەڵێ مانایان هەڵگرتووە
وەرن با لە نهێنیی بەرد ڕابمێنین."

ئەوە ئەو بوو
دوعا
لە مەیدانی شار هەڵدەستایەوە و
بەرەو ڕووم دەهات
سەبەتەیەکی کەسکی پێ بوو
پڕ لە جریوەی ئەستێرە
کراسێکی پۆشیبوو
چنراو بە پووڵەکەی ئەڤین
تەنوورەیەک پڕ لە هێڵی منداڵی
ڕوخساری تژی لە خەون و
باڵای وەک حیکایەت
پڕ لە وشە

دوعا بوو لە مەیدانی شار هەڵدەستایەوە
ئەو بوو هاتە بەرامبەرم
لە گیرفانی، بەردێکی دەرهێنا
دەستی درێژ کرد و

دوعایەکی خوێند
ئەو دوعای خوێند و
بەرد شەقی برد
بوو بە دەریایەکی سوور
شار شەپۆلی دەدا لە تەم
شەپۆلی دەدا لە بەرد
شەپۆلی دەدا لە گوناه
شەپۆلی دەدا لە تاوان.

باوەڕم پێ بکەن ئەوە ئەو بوو
دوعا بوو
هات و سواری بەلەمێکی سپی بوو
بسکی ئاڵی شەپۆلەکانی دادەهێنا و
بەرز بەرز دەفڕی
بە سەر مەیدانی شاردا دەسووڕایەوە و
دوعای دەکرد
بۆ سەلامەتیی ڕۆحی شار
شاریش غەرقی بەرد بوو
بەرد وەک دڵی پیاوانی ئەو دەڤەرە
بەرد وەک چاوی تەماشاکەر
بەرد وەک دەستی چەپڵەلێدەر
بەرد وەک ئەو سەرزەمینەی ئێمە
تژی لە زرمەی کەوتن

تڕی لە بۆکرووزی جەستە
تڕی لە شکانی دوعاکان

ئەوە ئەو بوو
دوعا
لە مەیدانی شار دەهاتەوە
دەستێکی درێژ کرد و
بەردێکی دا دەستم
وشەیەک
نە من دەتوانم بیگرم
نە ئێوە دەتوانن بیخوێننەوە
تەنیا ئەو
دوعا
لە زمانی بەرد تێدەگا و
لە دەستەکانمان دەپاڕێتەوە
نەرمتر بدوێن
لە چاوەکانمان دەپاڕێتەوە میهرەبانانە بڕوانن
لە وتن دەپاڕێتەوە
فەزایەک لە بێدەنگی دابڕێژێ
بۆ ستایش لە سۆزی بەرد

ئەوە ئەو بوو
کچێک چەشنی دوعا

باڵای وەکو حیکایەت
پڕ لە وشە
لە مەیدانی شار هەڵدەستایەوە

چاوەکانتان داخەن و
دوعایەک بخوێنن
چوار دەورتان پڕە لە دوعا
وڵات پڕە لە تارمایی دوعاکان
لە بۆکرووزی جەستە

باوەڕم پێ بکەن
ئەوە ئەو بوو
دوعا بوو
لە مەیدانی شار هەڵدەستایەوە و
چەشنی حیکایەت
سەرگوزەشتەی ئێمە
سەرگوزەشتەی بەردی دەگێڕایەوە

**متمانە**

لە سەر پێ وەستاوم وەک زراڤترین گەڵا
لە ژێر هەتاوی نیوەڕۆ دەمارەکانم خوێنیان تێدا دەزێ
پیرێژنەکان لە بەر ڕووناکیم دادەنیشن
لە بێباکیی تۆ و
بێمروەتیی پیاوانی هۆزەکەم
خۆیان بە من گەرم دەکەنەوە
منیش لە ناو قۆزاخەی درەختێ ڕادەکشێم
گەڵا وەک قەڵغان دەمپارێزێ
دەمپارێزێ لە نووکی شمشێری هۆز
دەمپارێزێ لە بەرد
کاتێ ڕەجمم دەکەن
دەبمە چڵێ وشە
کاتێ زمانم داغ دەکەن
ئینجا لە سەر شانی ڕستە دادێمەوە

کڕنۆش دەبەم بۆ ناو دەقێ
کە حەقیقەتی هۆز
بەدکاری دەنووسێتەوە

من لە ناو قۆزاخەی درەختێ گەرا دادەنێم
زریزەی ڕستە و چپەی سروودەکانم
ڕووبەری ژیان دەڕازێننەوە
تارماییەکان دەڕەونەوە
لە شەرافەتی دێڕێکدا
کە وەک مار لە سەر لاپەڕە دەخزێ
چزوو لە مێژوو گیر دەکا و
حیکایەتێکی تاڵ دەڵێتەوە
ئەفسووس هی نیشتمانەکەم
ئینجا ژەهرێک دەڕژێ
تا ئاستی هەڵەبجە
لەوێ لە تەنیشت عومەری خاوەر
من لە خاچ دەدرێم

خوێنی ژنێتیم سەر دەکا
هەر لە دروستبوونی گەردوونەوە
من ئەتۆمێکی بزوێنم
جەمسەرەکانم دەبنە ڕووبار و
ئۆقیانووس لە منەوە سەرچاوە دەگرێ

## پەردەی سەر ڕوخساری لەیدی گرەی

هۆ شاژنە لاوەکە!
چاوەکانت بکەرەوە
با بە هێزی ڕوانین
پەردەی سەر ڕوخسارت بدڕێ
با ببینی
چۆن گیۆتینی دەسەڵات
خوێنت دەپڕژێنێ
چۆن خوێنی تۆ ئەوان دەورووژێنێ

ئەم پەردەیەی سەر ڕوخسارت، هۆ شاژنە لاوەکە
هەمان پەردەی سەر ڕوخساری منە
هی فاتیمە، هی عایشە، هی دوعاکان
ژنانی وڵاتەکەم

پەردەی سەر ڕوخساری تۆ، هۆ شاژنە لاوەکە
پەردەی کچێنیی منە
پەردەی شەرمە
پەردەی حەیا
هیناموسە
ئەگەر هی تۆ بۆ چوونە ژێر گیۆتینە
ئەوە هی من، هی فاتیمە، هی عایشە و هی دوعاکان
چەشنی زیندانێکی گەڕۆک
ژیانمان گەمارۆ دەدا
ئەشکەنجەیەکی ڕۆژانە
مەرگێکی لەسەرخۆ
ئەگەر تۆ یەکسەر بمریت
لە ژێر ئەم پەردانەدا
هەموو ڕۆژێ شتێک لە مندا دەکوژرێ
هەموو ڕۆژێ بەشێک لە من دەمرێ

---

لەیدی گرەی ئەو شاژنەی بەریتانیا بوو، بۆ ماوەی ٩ ڕۆژ (سەدەی شانزە) و دواتر بە بڕیارێکی گشتیی پیاوانە، بە پەردەپۆشی برایە بەردەم گیۆتین و کوژرا.

## پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن

*"Death, be not proud, though some have called thee / Mighty and dreadful, for thou art not so".*

ئەوە منم
شاڵێکی سووری ئاوریشمیم لە سەر شانە و
لە کاتێدرالی سانت پۆل
لە دامێنی پەیکەری جۆن دۆن وەستاوم
چاوەکانم بڕیوەتە ڕوخساری ئەو حەزرەتە
ئەو چەماوەتەوە
بەرەو ڕۆژهەڵات
ڕووەو سەرزەمینی نادیاری من

نا من خدری زیندە نیم
هیچ پێشبینی ناکەم

نەهاتووم کەس ڕزگار بکەم
بە هێواشی هەنگاو دەنێم
دەستم دەخەمە سەر ڕوخساری نەرمی جۆن دۆن
پەنجەم بەر پێڵووە داخراوەکانی دەکەوێ و
لەناکاو جۆن دۆن چاو دەترووکێنێ
من ڕادەچڵەکێم بە بینینی مەرگ
سڕ دەبم
ئەو بە لێوە ئەرخەوانییەکانیەوە خەندەیەک دەکا
شاگەشکە من
دەبمە نیشانەی پرسیار و
تەزوویەک لە زام
ئەو هێشتا لە کفنەکەی پێچراوە
جەستەی ساردی شۆڕ دەکاتەوە و
دەستم دەگرێ
بە ناو کاتێدرالدا دەمگێڕێ

پیاسەیەکی بێدەنگ
دواتر نوێژێک دەکا
ئینجا وەعز دادەدا:
سڵاوت لێ بێ ئەی ئەو کەسەی لە سەرزەمینی خوداوەندەکانەوە هاتوویت
سەرزەمینی عەشتار
خاکی ئینانا
لە ناو پەردەی یەکەمەوە

لە ڕەحمی دایکەوە هاتوویت
تۆ لەوێ
لە ناو مەرقەدی دایک ڕاکشابووی
مەرقەدی مریەم
هی ماری مادلێن
هی فاتیمە
ئینجا لە درزێکەوە جووڵایت
لەپڕ دەرگایەک کرایەوە
گۆی زەمین شەقی برد
سەڵەوات لە دیدارت
تۆ بوویت
تۆ لە دایک بوویت

سەڵەوات
ئەی بوونەوەری تەنها
گەشتی ئێمە لەو خاڵەوە دەست پێدەکا
هەموومان لەوێوە هاتووین
لە ڕووبەرێکی داخراوەوە
لە ڕەحمی زەمین
بۆ ناو ڕەحمی زەمەن
زەمەن گوزەر دەکا و دەمانبا
دەڕۆین بۆ ناخی سەفەر
سەفەری پێکەوەبوون

سەفەری لێکدابڕان
سەفەری جەفا
سەفەری مەسخبوون
سەفەری کەوتن
سەفەری هەڵسانەوە و
هەڵکشان بەرەو ئەستێرەکان

تۆ هاتی بۆ ناو مەملەکەتی بوون
سەڵەوات لە بوون
لەدایکبوون
من نزا دەکەم بۆ تۆ
لە ناو قۆزاخەی زەمەن
من دەپاڕێمەوە و
ستایش لە مەرگی خۆم دەکەم
چونکە ئەم خاکە تەنها گۆڕێکە و
بوونمان گۆڕستان
تۆ ماوەیەک سەرنشینی ئەم ڕەشماڵەی
دواتر بایەک هەڵدەکا و
دەمانبا
تۆش وەک من
وەک ئەوانی دیکە
بە ناو سووڕی ڕۆژەکاندا تێدەپەڕی
بە مەرگ

تەنیا بە مەرگ
لەم بازنەیە دەردەچین
چونکە بوون فەنابوونە

دوای ئەم وشانە
جۆن دۆن پێڵووەکانی لێکنا
چەند هەنگاوێکی هەڵنا و
خۆی لە کفنەکەی وەرپێچا
منیش حەپەساو
جەستەم قورس
سەرم پڕ لە نیشانەی پرسیار
ناوچەوانم ڕۆشن
لە کاتێدرال دەرچووم و
لە ئاپۆرەی جاددەی چانسەری لەین
لە ناو جووڵەی مرۆڤەکان ئاوا بووم

---

جۆن دۆن شاعیری ناوداری میتافیزیکی بەریتانی و قەشەی سەر بە کڵێسای ئینگلیزی بوو، لە کۆتایی سەدەی شانزە و سەرەتای سەدەی حەڤدەدا ژیاوە و لە کاتێدرالی سانت پۆل نێژراوە.

## ئێرەیی

پێشکەشە بە ژنانی ئازاد، نەک تەنها لە چەوسانەوە، بەڵکو لە هەستە ناشایست و کردەوە ئازاربەخشەکان. زۆر هەوڵم دا تێبگەم بۆ ژنانی وڵاتەکەم و بە ناو داکۆکیکار لە مافی ئافرەت، دژایەتیی یەکتری دەکەن، سەرەنجام بەم شیعرە گەیشتم!

نیگەرانییەکی قووڵ
ڕەگی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتا
بۆ یەکەمین ساتەکانی بوون
لەوێوە دێ
ئەم ئاوازە
هێڵێکی بێدەرەتان
دەتبا بەرەو خۆپێوان بەوی تر
ئینجا ترسێک
ئازارێکی تیژ لە ناخت هەڵدەچێ

ڕوانین تاریک دادێ
ژانێکی گەرم بەرۆکت دەگرێ
ژان لە ڕەزامەندیی ئەوی تر
لە سەرکەوتنی من
لە سەرکەوتنی ئەو
لە سەرکەوتنی هەموو ئەوانەی کە تۆ نین
لە بەکەمبینینی خود
کە وەک برینێکی نەرگسی
قەتماغەی گرتووە
سەیری ناخی خۆت بکە
ئەی هاوڕەگەز
تۆ زامێکی زیندووی
پانتاییەک لە شپرزەیی
سەرگەردان و شینهەڵگەڕاوی
دەروونت پەرێشان
ترپەی دڵت گوێ کەڕ دەکا
لە ناوەوەڕا
جۆشوخرۆشێک دەتکرۆژێ
چڵێک وەک چاڤینۆک
هەستێکی لێڵ
شادەمارەکانتی تەنیوە و
بە تەوژم دێ
لە گەرمترین پنتی بوونتەوە فوارە دەکا

## جەستەی وێرانی

کاتێ چەشنی ڕووبار لە تەنیشتم ڕاکشای
گۆشەکانی جەستەت بێ ڕەنگ بوون
ناوچەوانت وشک
هێمای نهێنییەک لە سەر سینگت
منی بردەوە بەر دەرگای پرسیار
پرسیار لە سەحرای بوونت
لە هەڵوەرینی چاوەکانت
لە خودت کە لە ژێر تەنی وێرانی
لە بەریەکهەڵوەشاوە
ئیدی ڕایەڵەکانی ناخت دەپچڕێن
هزر دادەتەپێ
دەستەکانت دەبنە بیابان
پەنجەکانت دڕکەزی

نیگات چیتر گۆرانی نالێ
لەشت ڕووت و سڕ
وەک ئامێرێکی سواو
لە سەر جەستەی من
لە سەر جەستەی ئەوانی تر
ئارەقەیەکی ڕەش دەکاتەوە و
دێت و دەچێت
لە ناو ئەم چۆڵەوانییە
تۆ وا هەست دەکەی بە ئازادی گەیشتووی
ئای لەم وێرانبوونە!
وای لەم سەنگە قورسەی تەم
کە هزر و هۆشی تۆی تەنیوە!
کاتێ لە ناو هەرا و زەنای سبەینێ
بێدار دەبیەوە
بەفرێکی ئەستوور
لە دۆڵەکانی ژیانت کەوتووە
شانەکانت دادەتەپن
لە ژێر ئەو بارستاییە ساردە
دەمارەکانی دڵت دەپسێن
سنگت کلۆم دەبێ
ئیتر تۆ نازانی کێیت و
چیت ون کردووە

منیش لەم دەڤەرە تەمتومانە
بیر لە کەسێ دەکەمەوە
کە ئێوارەیەک هات و
وەک ڕووبار کشا
کەسێک کە بیرەدا تێپەڕی
وەک مار خزی و
لە خاڵێکی خۆرنشیندا
ڕژایە ناو قورگی تاریکییەوە

## نۆستالژی

عەشق سەرزەمینێکی نارنجییە
کیشوەرێکی دوور
دیمەنێکی دێرین
جارانێکی کۆن
ئێمە نایبینین
وەک جەفا
وەک کەوتن
وەک ئازارێکی بەتین
وەک لێکترازانی جومگەکانت
شکانی سەرجەم ئێسقانەکانت
وشکبوونەوەی دەمار و
لەبەریەکهەڵوەشانی خانەکانی ناخت
وەک دارمانی سەرتاپای خشتەکانی بوونت

وەک سووتان لە ناو دڵی وەرزەکان
وەک ونکردنی یەکێ
وەک ماڵئاوایی خۆشەویستێ
وەک غیاب و ئاوابوون
تەنیا ئەزموونی دەکەین

## تارایەکی ڕەش

کاتی ئەوە هاتووە
بگەڕێمەوە خاڵی سفر
بۆ سەرزەمینی منداڵی
بگەڕێمەوە شاخی مشکە
تارایەکی ڕەش بە سەر دەرگاکەدا بدەم
باخچەکە بە جاڵجاڵۆکان دەسپێرم
پەنجەرەکان دابخەم و
بە دیار باڵای دارتووە پیرەکانەوە
تەماشای لۆچی ڕێگەکان
گوێ لە خوڕەی ئاوبارە بگرم؛
مشتێ خۆڵی زەمینی منداڵی
دەخەمە باغەڵم
چاو لە بەردەکان دەترووکێنم

دەستەکانیان دەگوشم
ماڵئاوا، ماڵئاوا
تارایەکی ڕەش
بە سەر دەرگاکەدا دەدەم
وەک خۆر
ئاوا دەبم

## دوا دیاری

Bronze Rooster found at a Roman burial site

تۆ وتت منداڵ فریشتەیە
کە دەمرێ
یەکسەر دەچێتە بەهەشت

بەڵام کاتێ کۆرپەکەت لە کفندا پێچراوە و
دەیبەن بۆ گۆڕستان
دڵت وردوخاش دەبێ
زمانت دادەچۆڕێ
وەک زومبی چاوەکانت دەرپۆقیو
شانەکانت لقی درەختی شکاو
پشتت دیوارێکی ڕووخاو
خشت لە دوای خشت دادەڕمێن

پێیەکانت لە گرێ‌کوێرەی ژیان گیر بووە و
دەتەوێ پێش ناشتنی کۆرپەکەت
پێش دوا ماڵئاوایی و
دوا دەستبەسەرداهێنان و
دوا ماچ
دوا هێمای خۆشەویستی بنوێنی
بۆ هێورکردنەوەی ڕۆحی تێکشکاوت
بۆ بونیادنانەوەی خانە لێکترازاوەکانت

چ شتێک سێبووریی ئەم ماڵئاواییە دەدات؟
خۆشەویستیی دوای مەرگ
دەشێ لە شێوەی باڵندەیەکی ئەفسانەییدا بەرجەستە بێ
تاوسێکی شین
ڕەنگ‌ڕێژ بە هێڵی ئیلاهی
وەک "فۆرمێکی کامڵ"
تۆ پەیکەرێکی برۆنزی لێ دەخوڵقێنی
دەیکەیتە یاری بۆ کۆرپەکەت
وەک دوا دیاری
دەیخەیتە ناو تابووتەکەوە و
پێی دەڵێی
ئەمە بۆ یاری‌کردن نییە
بەڵکو بۆ نەجاتبوونە
تۆ دوعا دەکەی

لەو دونیا
کۆرپەکەت بیکاتە بەخشیش
بۆ پاسەوانەکانی سەرسنوور
بە ئومێدی پەڕینەوەیەکی سەلامەت
بۆ دونیای ژێرزەمین
جا ڕۆژێ
دوای سەدان ساڵ
زەمین هەڵدەتۆقێ
یارییەکە فڕێ دەداتە سەرزەوی و
دەکەوێتە ناو دەستی منداڵێ
کە لە گۆڕستانێکی ڕۆژهەڵات
لە نزیک ماڵەکەی خۆیان
یاری دەکا

چ هێمایەکە بۆ ژیان
بۆ مەرگ
ئەم فۆرمە کامڵە؟

## پەیڤی درەختی کۆیدن گۆخ لە تای نەوید

هۆ خانمی شەنگەبی
تۆ بۆ لای من هاتووی
هەروەکوو ئەوەی بچیتە ژوانی "درەختی ژیان"
کەچی ئەی شاعیری شەنگ
ئەوە عەتری خونچەی وشەکانی تۆن
بە ناو ڕەگ و قەدی مندا سەر دەکا
ئاوازێک دەچڕێ
گەڵاکانم دەهێنێتە سەما
چەشنی مژ لە کزەبا
ڕوخسارم تەڕ دەکا
چەشنی کەوانەی خۆر
تاجی سەرم ڕەنگڕێژ دەکا

تۆ هاتووی بۆ ژوانی من
ئەی خانمی شەنگ
لە ژێر سێبەرم دادەنیشی و
گوێ لە چرپەی حیکمەتی من دەگری
کەچی خۆت پڕیت لە مۆسیقای وتن
دەڵێی هاتووی چڵی گەرمایی
بە سەر دیوارە ساردەکانی تای نەوید هەڵواسی

ئەی خانمی شەنگەبی
تۆ ڕۆحم پڕ دەکەیت لە بەڵێن
ئەوەتا خێر دادەبارێ و من دەیبینم
لە دۆڵی پەنجەکانتدا دەیبینم
وەک سۆزێکی گەرم فوارە دەکا
لە چرۆی چاوەکانتدا دەیبینم
وەک هێزێکی پەنهان نیگا دەکا
لە شینایی هەنگاوەکانتدا دەیبینم
وەک تەوژمی ڕۆشنایی گوزەر دەکا
لە چرپەی پەیڤەکانتدا دەیبینم
وەک هێمای هزرێکی زیتەڵ ناز دەکا

من بەرەکەتی تۆ دەبینم
وەک هەستیاریی زارۆک گوزارشت دەکا
وەک ڕۆژهەڵاتی کۆن خەڵوەت دەکا

من دەیبینم ئەو تەنە پێدەگا
سەیری خۆت بکە، ئەی خانمی خاترزان
تۆ سکپڕیت بە شیعر و
ڕۆحت تژییە لە خرۆشان
تۆ ژیانت هەڵگرتووە و
بەم زووانە فۆرمێک لە دایک دەبێ
فۆرمێکی سفت و ساف
فۆرمێکی کامڵ
شین پڕ لە هارمۆنی و هەیەجان
تۆ لەوێوە دێیت و تێکەڵ بە قودرەتی من دەبیت
ئینجا خۆت ڕادەتەکێنی
باڵەکانت ڕایەڵ دەکەیت
سنوورەکان دەکشێنیەوە و
ڕوانین لێک دەکێشییەوە
بەرەو ئەستێرە هەڵدەکشێی
ئەوەتا شیلاوی وزە دەڕژێتە شادەمارەکانت و
هەر وەکو من
پێیەکانت لە زەوی ڕەگاژۆن
جەستەش لە فەزا سەما دەکا

ئەی ژنە تەنهاکە
تۆ بە دوای ژوانێکدا دەگەڕێی
بۆ گەیشتن بە تەکامول

هەر وەکو من
سەفەر دەکەیت
سەفەرێکی بێپایان بەرەو ناخی خۆت
دەبیت بە خۆڵەمێش
بە خۆراک بۆ ڕەگی ژیان

## نمایشەکانی ناخی من

لە سەحرای ئەم سەدەیە
سەرەتای ستوونی بیست و یەک
جەستەم تەلبەندە و
سەرم پڕە لە سێبەر
چاوەکانم چرۆساون
دەشتایی دەستەکانم وشکەڕۆ
پێیەکانم قورس ڕمبەیان دێ
لەناکاو دەکەوین
لە ناخی ئەم بیابانە
من تووشی پەتای فەرهەنگی بووم
کولتووری میدیا
لومۆند و زەگاردیەن
ڕووداو و هاووڵاتی

بی‌بی‌سی و فرانس ٢٤
تووشی گەرمەتا بووم بە گوتاری سەربەخۆیی
مافی مرۆڤ و بەهاری عەرەبی
هێڵی ئیستوایی میدیا
لە نێوان پارتی و یەکێتی
ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا
بارزانی و تاڵەبانی
هەولێر و سلێمانی
ئینجا قوببەی ئیسلامییەکان
ئەلقاعدە و یانزەی سێپتێمبەر
یەکگرتوو و کۆمەڵ
خوشکان و ئافرەتان
توندوتیژی و جێندەر
پاشان گەردەلوولی داعش
بومەلەرزەی شەنگال و
کۆسکەوتوویی ژنانی ئێزیدی
لە نزیک و لەوێ
هێرش بۆ سەر شارلی ئێبدۆ
ئاە، کچە گەریلایەکی کۆبانێ قومێک ئومێدم بە دەمەوە دەکات و
دێمەوە سەر گۆی ئەدەب

وەرزی کولتووری ئەدەبی
ژنەکەی سەر منارەی شێرزاد حەسەن

هەڵاڵەی عەتا نەهایی
دالیا سیراجەدینی بەختیار عەلی
دێنە  زیارەتم و
هەریەکە شووشەیەک شرووبی قوربانیبوون
لە ناو زەرفی قەدەر
دەخەنە دامێنی قەرەوێڵەکەم
قەرەوێڵەیەکی تەنها لە ناو قاوشی بۆنساردی سەدەی بیست و یەک
مەیلی فەلسەفە دەکەم

لە نزیک نا
لەوێ
چەرخوفەلەکی فەلسەفە
دادگای ئەقڵی کانت
مێتۆدی دێکارت و
دیالێکتیکی هێگل
سێکچوالیتیی فرۆید
ئازادیی ڕادیکاڵی سارتر
گۆی سەرم بە دەوری جەستەمدا دەسووڕێتەوە
مانگی ئارەزووم دەگیرێ و
دەبێتە پووشوپەڵاش خەیاڵ
سەرزەمینم ڕەش دادەگەڕێ
کە بەپەلە گەیاندمیانە سەرمێزی ئیمێرجنسی

دکتۆر وتی
دەبێ ئاگات لە خۆت بێ
هەندێ هونەرت بۆ دەنووسم
چەند قەترەیەک لە مۆزارت
مەرحەمی دارچوالەکەی ڤان گۆگ
کەمێک لە بغوردی شەوی یەڵدای نالی
بۆنوبەرامی گوڵەکانی خراپەی بۆدلێر
سوورێکی ناو کەشتییە سەرخۆشەکەی ڕامبۆ
بۆ ئەوەی مەناعەش پەیدا بکەی
لە سەر پشتی نەهەنگەکەی مۆبی دیک
ڕۆحت بدە بەر هەتاوی کازانتزاکیس و
بە دەم سەمای زۆربابیانەوە
لە سەر پردی ئەحلام مەنسوور
گوێ لە سەدای پێی ئاوی سپێهری بگرە
لەوبەری بەندەری بەرمۆدای کەژاڵ ئەحمەدەوە
خەون بە لەدایکبوونەوەیەکی دیکە ببینە

ئەو وای وت:
مێشکت هەوی کردووە
ڕۆحت ئیلتیهاب
ئەژنۆکانت پڕن لە لیکاوی ژان
تۆ وا دەزانی وشە
تووشی ئیلتیهابت ناکات؟

تەنی ئاهە پەنخواردووەکان
سنگت لەت ناکات؟
یا وەک بارستایی سەنگ
سییەکانت داناتەپێنێ؟

لەپڕ هەناسەت سوار دەبێ
قەیرانی ئۆکسجینە
ئۆکسجینی تەبایی
ئۆکسجینی پێکەوەبوون
ئۆکسجینی برادەرایەتی
ئۆکسجینی عەشق

نا دەبێ سییەکانت پاک بکەیتەوە
برینی مێشکت چارەسەر بکەیت
دەستەکانت لە لەفافی نووسینێک بپێچە
بە مۆرفینی داهێنان هێور بەوە
چاوت بە کلی شیعرێ ڕەنگ بکە
لە سەر لـمی دەریای کات
خۆت بسمیل بکە
کە هەڵسایتەوە
بە مێتۆدی ڕەخنەی کانت
مانا بۆ بوون بگەڕێنەوە
لەگەڵ سپینۆزا پیاسەیەک بە گەڕەکی جوولەکەکانی ئەمستەردامدا بکە و

له کونی پاڵتۆ هەلاهەلاکەیەوە[1] سڵاو لە بەختەوەری بکە

بە ئاوازی یاخیبوونی کامۆ و
نەغمەی فێمینستانەی سیمۆن دوبۆڤوار
بێهوودەیی برەوێنەوە
بە فوکۆ بڵێ پەیوەندیی هێز
بە ئەسپایی ڕۆدەچێتە سەرتاپای ژیانمانەوە
بێ وادە تووشی شەڕ دەبین و
بە ئیرادەی بەتینی نیچە دەجەنگین
نێوانی چاکە و خراپە پووچەڵ دەبێ
جەنگ دەبێتە دۆخی مرۆڤی سەردەم و
هانا ئارێنت بە "نابووتکردنی خراپەکاری" سەرزەنشت دەکرێ
تۆ هەر لە جەنگدا دەبیت
دەبیتە خودی جەنگ
جەنگ
جەنگ

بیرت نەچێ
بۆ دەربازبوون
هەندێ فەنتازیا لە یۆنگ قەرز بکە
سایکۆلۆژیای سەردەمی پێ ڕەنگڕێژ بکە
گۆچانەکەی چاپلن بگرە دەست
لە کۆڵانەکانی عەدەم پێکەنین پەخش بکە

ئینجا بگەڕێوە بۆ ڕۆژهەڵات
لە کۆنفۆشیۆس کەمێ حیکمەت
لە گۆران پیتە بزوێنەکانی سروشت
لە خەیام کوپێ شیعر
لە حەللاج گەورەیی خودا ببینە
کاتێ دەگەیتە دوا وێستگە
بەو هەموو سادەییەوە
لە بەر دەرگای سەدەی بیست و یەک
سڵاوێک لە ژیان بکە
جەستەت ڕاتەکێنە و
بە خودا بڵێ
ئەگەر هەیت
ئەوە تۆ لە منی ژندا بەرجەستەیت
ئەوەتا خەرمانێکی لە ڕۆشنایی و
لە ناخی مندا هەڵدەچیت
من هەقم

١. ئاماژەیە بۆ ئەو هەوڵەی بۆ کوشتنی سپینۆزا درا لە بەر جیاوازیی بیروبۆچوونی؛ لە ئەنجامدا نەمرد، کونی پاڵتۆکەی بوو بە سیمبۆلی ئەو هەوڵەی لەناوبردنی ئەو فەیلەسووفە.

## ووڵی ڤیرچوال

باهۆزێک بەناو جیهانماندا هەڵیکرد
پێچمان خوارد و
بە ناوی نزیکبوونەوە
لە ئامێزمان گرت کەلانگوچکی گەردەلوولی سەردەم
هەموومان شاگەشگە بووین و
سەرشێتانە چووینە سەر ووڵە بریقەدارەکانی ڤیرچوال
کتێبی ڕووتمان پڕ کرد لە ژاوەژاو
کاتێ ئاوڕمان دایەوە
ڕۆحمان لە ناو کەندڕی تەنهایی
پەژموردە
لە پشت دیوارەکانەوە گیانی دەدا

## نامەکانی سەردەمی تەم

### ١

### خودا مرد

سەرم لە ناو قوببەی دەستەکانمدا توند گرتووە
چاوەکانم لە ژێر تەنی خۆڵ کەوتوون
تەمێکی خەست شانەکانی داگرتووم
پێیەکانم قورس بەر زەوی دەکەون
ناقووسی مەرگ لێدەدەن
خودا مرد
خودا مرد
ئیتر چی دڵمان بداتەوە؟
کێ دەستێک بە پشتماندا بهێنێ؟
کێ بە هانامان دێ لە سەرزەمینی تەم

کاتێ ئەو دەستەمان شکاند
کە خۆی درێژ کرد و
دوای تەوقەیەکی گەرم
بە هێمنی شانەکانی داتەکاندین
لە تەپوتۆزی گومان؟
خودا مرد و ئێمە هەتیو ماینەوە
خودا مرد و دەنگی وەحشەتناکی باهۆز
هەناومان دەهەژێنێ
زریکەی گۆی زەوی گوێ کەڕ دەکا
تەم گرم گرم ڕاپێچمان دەدا
ئینجا من دەگەڕێمەوە ماڵی جاران
بەردەرگای منداڵی
لە بەر هەتاوی ساویلکەیی
بووکەڵەکەم
تەوتەمێکی ئاڵ دەدوێنم
یەکەمین گفتوگۆی من لەگەڵ ئەودا بوو
لەگەڵ ئەودا بوو هەموو شەوێ
بە نهێنی دەدوام
دەچوومە ناو نزرگەی تاریکی و
لێی دەپاڕامەوە ڕۆشنم بکاتەوە
لێی دەپاڕامەوە جوانی فەراهەم بکا
لێی دەپاڕامەوە ڕێی ڕاستم نیشان بدا
لێی دەپاڕامەوە دڵی باوکم نەرم بکا

من منداڵ بووم و لەگەڵ ئەو
بە سەر پشتی نەهەنگەکاندا هەڵدەگەڕام
تەمی سەر شانم دەتەکاند و
باکم نەبوو بە تۆفانی ڕۆژەکان
بە منداڵانی شەڕانگێزی کۆڵان
کە بووکەڵەکەمیان دڕاند
زەمینم وێران بوو
ڕایەڵەکانم پچڕان
ئاسمانم داڕما
ئیتر ئەو مرد

هیچ شتێ داد نادا ئەی برادەر
لەوانەیە بەیانییەک لە خەو ڕابین
لە فۆرمی قرژاڵ و قالۆنچە و
بێباک بەرامبەر کۆرپەکانمان
بووکەڵەکان بدڕێنین
سەرجەم یارییەکان بشکێنین
چەکەکانمان هەڵگرین و
بچینە جەنگ

٢

## نامۆبوون

سەعات سفر
سەردەم ئاشووب
لە زەمینی تەمەوە بۆتان دەنووسم
زەمینی ژێر هەورە نزمەکان
لێرە من تاڵێک تیشکم
چڵێک ڕۆشنایی
شۆڕ دەبمەوە سەر ڕوخساری ڕۆژەکانتان و
بە چەند زمانێک یادەوەرییەکانتان دەنووسمەوە

تەم چواردەوری گرتووم
لە لەندەن من خشتێکی زێڕەوشانی میزۆپۆتامیام
سێیەکم ئاژەڵە و بەشێکم مرۆڤ
سۆزانییەکم گلگامێشەکان دەمخوازن و

ئەنکیدۆی کێوی بە بۆنی ژنایەتیم دڵنەرم دەبێ
لە کێوەکانەوە دادەبەزێ
بەرەو سەرزەمینی ئێمە
دەرباری شینی ئاشنابوون بە چێژ و گوناه و ئازارەکان
لە سەردەمی تەمەوە بۆتان دەنووسم
سەردەمی ئاشووب
لە پاریس من فیگەرێکی باڵاپۆشم
لەناو تابلۆی ڕۆژهەڵاتناسان
هەندێک نەفرەتم لێ دەکەن و
تاوێ شەهوەتی پیاوانی سانت جێرمەن دەورووژێنم
کاتێ لە کەوڵی پێستم دێمە دەر
لە نێوان نامۆبوونی ڕۆژئاواییانەی ئێرە و
بێباکیی ڕۆژهەڵاتییانەی ئەوێ
دەبمە پەڵەیەکی ڕەش
ژنایەتیم ئەتک دەکرێ
لە بەرزاییەکانی مۆنمارتغ لە خاچ دەدرێم و
لە ناو تەمی سەردەم
دەبمە مارێکی قۆچدار
هەمیشە بێگانە
من نامۆم بە کات
بە شەپۆلە قوڕاوییەکانی نێوانمان
نامۆم بە شوێن
بە کەندرە بەردەڵانییەکانی کەنارمان
من نامۆم بە ئێوە

**٣**

## قوربانی

تەم چواردەوری گرتووم
لە بروکسل لە سەر مێزی دانوستان
من تەنێکم لە قوربانی
پێستم پەڕ بە پەڕ هەڵدەدەنەوە
سەرم ئەنفال و
پشتم شەنگال و
دەستەکانم کۆبانێ و
ناوقەدم دەرسیم
سییەکانم پڕن لە گازی کیمیایی
بە بێدەنگی جەستەم کەوڵ دەکەن
بە دەم سەربادانەوە مەلۆتکەی مەرگ لە ڕەحمم دەژمێرن

لەم زەمەنی تەمە
کێ باوەڕ بەو هەموو جوانەمەرگییە دەکا؟!
کۆرپەکەی عومەری خاوەر هێشتا خەوتووە
ئایلان کوردی لە کەناری دەریا لەپەوڕوو کەوتووە
دەستەکانی پڕن لە لم
نەوزادی برام لە ناخی بەرد خەون دەبینێ
سەردولکەی دایکم ناخی ئۆقیانووسەکان دەهەژێنێ
وەک شەستەباران دادەکا دوعاکانی دایکم
بروکسلیش لە سەر مێزی دانوستان
دەستی لە ژێر چەناگەیە و
بێباکانە سەر بادەدا
وا دەزانێ من حیکایەتخوانم
شەهرزادم بۆ مانەوەی خۆم حیکایەت بە یاد دەکەم
یا لەوانەیە خێو بم؟
لە قەڵشی زەمینێکی وشکەڕۆدا دەرپۆقیوم
باسی مەملەکەتی ژێرزەمینیان بۆ دەکەم
کاتێ مەرگ لە بەردەمم واقی وڕ ما
ئەفسووس، ئەفسووس
خۆم پێ ڕانەگیرا و ئاوڕێکم دایەوە
لەگەڵ ڕووسووڕانی من وەک ئۆرفێ
خۆشەویستەکەم یورودیس بۆ ئەبەد کەوت
سەری کۆرپەکەم کەوتە دوورگەی لێزبۆس و

لە ناو مەملەکەتی تەم لە سەر سینیی خێرخوازان
وەک قوربانی دەیبەخشنەوە
منیش ئاوازەکەی ئۆرفێم
بە ناو ساڵەکاندا
بە ناو کۆڵانە سپییەکانی بروکسلدا گوزەر دەکەم

٤

## کۆچ

من لە زەمەنی هومباباوە هەڵدەکەم
وەک خوداوەندی زەمین و با و هەوا
دێم و نهێنییەکان ئاشکرا دەکەم
ناوسکی زەوی دەکەمەوە و
کرم و سەلکەتەشی دێنە وجوود
داپیرانی ئێمەن لە دایک دەبن
لە خاکێکی خاپوور کە سەرزەمینی ئێمەیە
خۆڵەمێشێکی خەست دەبارێ
ڕەش وەک قەدەری ژنانی ڕۆژهەڵات
لەوێ شەمسی دەستەخوشکم ئەتک کرا
درەختی ژیان ڕەش داگەڕا
ئەنکیدۆی ڕەفیقم مرد لە حەسرەتا

لەگەڵیان برادەرایەتیش نێژرا
لە ناو هەناوی زەمین
مەلۆتکەیەک بەڕێوەیە
ڕووباری نیل ڕایدەژەنێ
عەزرایەک لە تەویلە ژان دەیگرێ
دایکم لە عەشتار عاشقتر
تەمەنی دوانزە ساڵ بوو
فیرعەونێک داگیری کرد
حەوت زارۆکی کاکۆڵزێڕین لەدایک بوون
کوڕەکانی لە دەرباری شار لە دار دران
کچەکانیش سەری خۆیان هەڵگرت
بە ناو زەل و قامیشی نەخشەکاندا هاتن
لە دەروازەی شار
گەیشتنە بەردەم دارستانی سنەوبەر
ئینجا ئەژدیهاکان بێدار بوونەوە
سنوورەکان تەلبەند کران
لە پانتاییەکی زەرد
ژن و منداڵێ ڕێ دەکەن
کۆچێکی کۆن
بەرەو سەرزەمینی ژێر هەورە نزمەکان
بۆ ناو سەردەمی تەم

**٥**

**بێگانە**

تەزوولە تیشکێک زەوی شەق دەکا و
بورکانێک لە هەسارەمان دەپژێ
ئێمە دەبینە جۆگەلەی گڕ و
بێگانە بە زەمین و زەمەن
سەری کۆرپەکەم هەڵگرتەوە و
بەبێ ئاوڕدانەوە بەڕێ کەوتم
بە ناو خانە و دەمارەکانی خۆمدا هاتم
دۆڵ و دەریا و کیشوەرەکانم بڕی
بەبێ ئاوڕدانەوە
سەری کۆرپەکەم لە کۆڵ
بە هەنگاوی گورج
هەنگاوی قورس

من دوور کەوتمەوە
وام زانی لە دووریدا دێمەوە لای خۆم
وام زانی لە دووریدا کۆرپەکەم زیندوو دەبێتەوە
هەیهات
ئەوەتا لە سیمای ژنێکدا بەرجەستە بووم
جەستەیەکی سفت و سافم
بۆ ئامێزی فیرعەونەکان
بۆ فانتازیای ڕۆژهەڵاتناسان
بۆ مانەوەی کوڕەکانم من دەبمە شەهرەزاد
حیکایەتی میعراج بە یاد دەکەم
وەک بوراق
سەرپشتم دەبێ بە ڕۆشنایی
دەمەوێ باڵ بگرم
بەرەو ڕووبەری هەسارەیەکی دیکە
کەچی خوێنم لە بەر دەڕوا
دەبمە ڕووبارێکی شین
شینتر لە نیل
دەبمە جووڵەی هەموو شتەکان
جووڵەی هەموو کائینەکان
لە ناو بەرد و دار و سروشتی ڕووتدا شەپۆل دەدەم
بەرەو سەرزەمینی ئێرە
زەمەنی تەم
ئەوەتا من بێگانەی خۆمم

بێگانەی تۆم
بێگانەی کۆرپەکەم
تەنێکم لە سەر مێزی تاقیگەکان دەمپێون
سەر و دەست و بن‌سک و پام هەڵدەکۆڵن
گوێچکە و لێو و پەنجەکانم دەخەنە کەمۆڵە و
لە ناو شلەیەکی ڕەنگدار هەڵیدەگرن بۆ یادگار
تۆش لە بەرامبەرم شاگەشکە
وەک مردن کاتێ لە ژێرزەمین لە حوزووری من واقی وڕ ما
ئیتر ئاوڕ نادەمەوە
بە ژێر شەستەبارانی ئەو خۆڵەمێشەدا دەڕۆم
ئێمە ئیتر بێگانەین بە زەمەن
بێگانەین بە زەمین
نە فریشتەی شەڕ
نە ئەژدیهاکانی دەریا
نە گیان‌لەبەرە دڕندەکان
ناگەنە ئاستی شەڕانگێزیی ئەم بێگانەبوونە
من لێرە
لە زەمەنی تەمەوە بۆتان دەنووسم

٦

## تەمی جەنگ

سەردەم ئاشووبە و
تەم هەناسەی هەمووومانە
هەناسەی هەموو شتەکان
پیاوێک دارحەزەیرانێکی لە دەستە و
فوو بە دەوری گۆی زەمیندا دەکا
ئیتر ئێمە شاگەشکە دەبین
خۆمان فەرامۆش دەکەین و
دەگەڕێینەوە لای جادووکەران
ئەوەتا من لە سەر پشت ڕاکشاوم
ئاوێنەیەکم لە دەستە و
سەرم لە بۆشایی بیرێکی بەردەڵاندا جۆلانە دەکا
سەراوبن دەڕوانمە ناخی ئێوە

لە قووڵایی ڕەشی بیرەکان
قەدەری خۆم
قەدەری ژنانی ڕۆژهەڵات دەخوێنمەوە
جەستەی ڕۆژەکان دەبینم
پڕن لە شەقاری جەنگ
جەنگی مانەوە
جەنگی ئایین
جەنگی نەتەوە
جەنگی براکان
خوێنی ڕژاوی فیز و لەخۆباییمان
جەنگی ئێمە و ئەوان
جەنگی نەبڕاوەی من و تۆ
ئەی برادەر
تەم چواردەوری گرتووین
لە تونێلی قوڕاویی ڕۆژهەڵاتدا
پیاوەکان بۆ جەنگ دەچن
ژنەکان بێدەنگ چلدانە دەگرنەوە
زارۆکەکان دەخەنە ناو بەلەمی وڕێنە و
بە زەریایان دەسپێرن
کاتێ تەرمی کوڕەکەم
بە تیشێرتێکی سوور و شۆرتێکی شین
دێتە ژوانی ڕۆژئاوا
کەناری ویژدانیان لیخن دەکا

ڕایاندەماڵێ تا ناو هەناوی مێژوو
دەیانباتە بەردەم جارانی خۆیان
جارانی کۆیلەیی و کۆلۆنییەکان
جارانی خوێن و جەنگ و
سەردەمی بەرد

## ٧
## سەبایە

سەعات سفر
ژنێک تەنها لە بەرزاییەکانی شەو وەستاوە
ڕوخساری بایە و
چاوەکانی دۆڵی تەم
لە خوێنی سووری سەر شۆستەکان دەڕوانێ
دووکەڵی کەلاوەی شارێک بە سەریدا هەڵدەکا
دەستەکانی لە تەنیشت کەمەر لار بوونەتەوە
پەنجەکانی هاوار دەکەن
خوێنی مانگانەی لە بەر دەڕوا نیشتمانی من
لەپڕ خۆم لە سمی شەو ڕادەپسکێنم و
لە تەوەری باکوورەوە
خۆم فڕێ دەدەمە ناو کەشتیی ڤایکینگەکان
پۆشاکی ئاژەڵی دادەماڵم

نیازمە بگەڕێمەوە سەر ئەسڵی مرۆڤ
سواری پشتی نەهەنگ دەبم
بە زمانی پەتی، پەریی دەریاکان دەدوێم
وا دەزانم پەرییەکان لە من تێدەگەن
وا دەزانم ئاو دەمبات و
نزیکم دەکاتەوە لە ئاوەدانیی ڕۆح
وا دەزانم پێکەوەیی ئاشنامان دەکاتەوە بە خۆمان
وا دەزانم لە خۆشەویستیدا
زیخ و چەوی نێوانمان دەبن بە مرواری و
نایگۆڕینەوە بە خشڵی چەتەکانی دەریا
بە کانزای ڕەشی کەنداوەکان
ئەفسووس، ئەفسووس
ڤایکینگەکان کچەکانیان کردین بە سەبایە
باوکەکانیان فڕێ داینە بنی دەریا
منیش تووشی پەتای ستۆکهۆڵم بووم[1]
ئەو ڤایکینگە قژدرێژەی منی داگیر کرد
شێتانە شەیدای کردم
گڕگرتووانە تینووی بووم
ئیتر لە بێدادیدا
وام زانی ئەمە عەشقە و
ترس دەڕەوێنێتەوە
لە فیلتەری ئەو ڤایکینگە پێستکاڵەوە دەمڕوانی
هیوام دەبینی لە ناو شینایی چاوەکانی
چەشنی مرواری دەبریسکایەوە و

وام دەزانی سەرزەمینی ڕەشم ڕۆشن دەکاتەوە
ڤایکینگی یاوەر
کاتێ سنوورەکانمی تەنی
چەقی جەستە و مێژوو و بوونمی پشکنی
وەک ڤامپیر ماچی کردم
وەک دراکولا گۆنای مژیم
ئینجا سوور هەڵگەڕا ئۆقیانووس
بوونە تاشەبەرد نەهەنگ
باڵی شەپۆلەکان لە بنسکی هەورەکان
تۆفان هەڵسا
تۆفانی سەردەمی ئێمە
سەردەمی ئاشووب
توورِ هەڵیداین
کە من بێدار بوومەوە
لە ڕووبەری دوورگەیەک کەوتبووم
دوور دوور لە خۆم
دوور دوور لە جوانی
دوور دوور لە تەبایی
دوور لە تۆ ئەی برادەر

---

١. پەتای ستۆکهۆڵم بەو دەردە دەوترێ کە کەسی بە بارمتەگیراو و داگیرکراو و قوربانیی توندوتیژی، سۆز و هەستێکی بەتینی بۆ داگیرکەر و ستەمکار هەیە و بەرگریی لێ دەکات و نکۆڵی لەو ئەشکەنجە و جەفایە دەکات لە دەستی دەیچێژێ.

## ٨

## کۆچی دووەم

بە ناو تەزوولەی دڕکاویی نەخشەکاندا دەڕۆم
چاوەکانم هەڵدەگلۆفم و سنوورەکان دەبڕم
لە کەناری دارستانی سنەوبەرەکان ڕەشماڵێک هەڵدەدەم
شەش ڕۆژ و حەوت شەوە نەخەوتووم
کە چاوم ترووکاند
خەونم بینی
پێنج خەونی باهۆزی
تژی لە قرچەی درەخت و
نغرۆبوونی چیاکان
گاکێوییەک گرم گرم بە سەر جەستەمدا دەکەوێ
باڵندەیەکی برووسکەیی گڕ لە دەمیا فڕێ دەدا
دڕکەڵانێکی تیژ دڵم کون دەکا

ئاسمان ڕەش دادەگەڕێ و
دەگەمە تونێلێک پڕە لە ئێسکوپرووسکی کچەکانم
لەوێ لەشم خۆراکی داڵە و
فریشتەیەکی فریودەر قاقا پێدەکەنێ
ئای برادەر
سەدای زریان پەردەی ئاسمان دەدڕێنێ
ئیتر نە ژیری فریامان دەکەوێ
نە برووسکەی ئیلاهی
ئێمە پاڵەوانی ئەفسانە دێرینەکانین
دەبینە کابووسەکەی پریمۆ لێڤی و
هاوڕێکانمان دەڕەونەوە لێمان
دراوسێکانمان دەشڵەژێن بە ڕوئیامان
سەرنشینی ئەو دونیاین
لە هەناوی زەمینەوە دێین
نەفرەتمان لێ دەکەن لێرە
نەفرەت لەو شەپۆلە لیخنەی کۆچمان دەکەن
کە خەونە سپییەکانی شارستانیەت دەزڕێنێ
کەنارەکان دەتەنێ بە تەرمی کۆرپە و
سەری براوی ئۆرفێکان
ئەی هەمیشە نامۆ بە خۆمان و بەوانی تر
ئێمە وەحشەتناکترین کائینی ئەفسانەکانین
میراتگری هەموو کارەساتەکانین
کە تۆفان دادەکەوێ

جەستەمان وەک فۆسیل لە ناو بەرد نەخش دەبێ
بڕبڕەی پشتمان دەبێتە هێڵی ئیستوا
زەمین شەق دەبا
دونیا دەبێ بە دوو کەرتەوە

٩

## مەسخبوون

ئای برادەر
چەند چڕە ئەم تەمە!
چ ئاشووبێکە ئەم سەردەمە!
سەردەمی بوون بە قالۆنچە و هەزارپێ
سەردەمی ماسک و
تۆتەم و مۆتەکە
ئێمە مۆتەکەین و لە سەر شانمان قۆچ دەڕوێ
بووینە پاڵەوان و چەتە
لە تابلێتەکانی بریتیش میوزیەم و لوڤر
ڕۆژانە گەشتیارەکان دەمانخوێننەوە
شێلگیرانە ڕاڤە دەکرێین
لە سەر لاپەڕەی ڕۆژەکانیان پەنابەر و قەرەجین

وەک بەرد و کەستەک دەکەوین
جومگەکانمان وشک و
ماسوولکەکانمان ڕەق دەبن
لە خۆمان دەترازێین و دەبین بە قەلەڕەش
یا بە بوونەوەرێکی کێوی و
سەرگەردان لە ناو جوگرافیای تەم
لە ناواخنی پەیماننامە جیهانییەکان
لە سەرگوزەشتەی گەشتیارەکان
بە دوای ماڵێکدا دەگەڕێین و
لەم مەسخبوونە
مەلۆتکەی مەرگ بە سەر پشتمانەوە
شەڕی قوربانیبوون
شەڕی لەخۆباییبوون و
شەڕی بەتاڵی و
شەڕی فیز و
شەڕی دۆڕان دەکەین
خۆمان دادەماڵین لەو ڕەنگەی کە جوانیمان بوو
لەو سیمایەی کە خاسیەتی سەرەتاییمان بوو
ئەی برادەر
وەک سیمورخێکی بریندار تەکان دەدەین
پڕین لە مەرزی دڕکاوی
مەرزی نێوان دەستەکانمان
مەرزی هزر و دڵ و جەستە

مەرزی شێتبوون و ژیری
مەرزی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات
تەلبەندی ئاسنینی نێوان من و تۆ

## ١٠

## ڕووتبوونەوە

تەم چواردەوری گرتووم و
دێوەزمەکان بە دوامەوە و
من بە دوای ئاسۆیەکدا دەگەڕێم
بە ڕووتی خۆم بە ناو دڕکوداڵی ساڵەکاندا دەکەم
قوڕی سەردەم دەشێلم
ناوقەدی درەختەکان ڕادەوەشێنم
دەیانتەکێنم تەلەدڕکاوییەکانی ژینم
تا سەرم خوێنی لێ دەڕژێ
جەستەم تەپوتۆزی لێ هەڵدەستێ و
سەرتاپام تاریک دادێ
ئیتر بوار نەما بۆ خۆربینین
بوار نەما بۆ خەونبینین

خەونەکانمان ئەی برادەر
لە دڵی دەڤەرێک دانا
شمشێرێکی ئەفسووناویی تیژ
لە هەورەکانەوە داباری و
شەقی کرد سەرزەمینی ئێمە
ئەوەتا ئۆقیانووسێک لە خوێن لێکمان جیا دەکاتەوە
بورکانی حەسرەت لە ناخمان هەڵدەچێ
پارچە شاخێک لە زاگرۆسی مرۆییمان دەترازێ
ڕووتوقووت
بە ئەندازەی مەسافەی زەمین و مەریخ لە یەک دادەبڕێین من و تۆ
ئینجا هومبابای ئەژدیها بێدار دەبێتەوە و
بە فوویەک لە گڕ
ڕووڕەشی دەکا شار و درەخت و چیاکان
بوراق ڕەش دادەگەڕێ
دایکم سنگی دادەدڕێ
بەردباران دەکرێ کچەکەم
زیندەبەچاڵ خوشکەکانم
لە سەردەمی تەمەوە دێین
لە ناو هەناوی زەمینێکی تاریک
لەو دونیا
ئەوەتا لە ماڵی ئازارەکانتان
ژوور بە ژوور دەگەڕێم
کەوڵی ڕەشی قەدەرتان دەخەمە سەر شانم و

ڕووت دەبمەوە
قرچەم دێ لە بەر تەم
وەک دێوانە دەگەڕێم
تا دەگەم بە ڕۆحی دایکم

## ١١
## هەڵسانەوە

له سەرزەمینی تەمەوە بۆتان دەنووسم
سەعات سفر
سەردەم ئاشووب
ئێستا من توولەڕێیەکم و تەکان دەدەم
ڕوخسارم پڕە لە هێڵی ئاسۆیەکی قوڕاوی
ژیانم هێڵ و
سەرتاپام جووڵە
جووڵە لە دژی شەپۆلەکان
جووڵە لە دژی دێوەزمەکان
جووڵە لە دژی فیرعەونەکان
بەرخودان لە بەرامبەر ڤایکینگەکان
ئیتر بە سەر پشتی نەهەنگەکاندا هەڵدەگەڕێم و

یەخەی ماسییەکانم دادەڕم
مرواریی هیوا لە ناو قوڕ و لیتەی دەریادا سەر دەخەم
نیشتمان لە دەستی چەتەکان ڕادەپسکێنم

لێرە تەم چواردەوری تەنیوم و
من جووڵەیەکی لارم
جانەوەرێکی سەرەتاییم
تەکان دەدەم لە دژی گەردەلوولی ڕۆژەکان
تا نەبنە سندووق و دامانبخەن
تەکان دەدەم لە دژی ئەژدیهاکان
تا کارەساتەکان نەبنە ئاوێنە و
خودی ژەنگ‌گرتوومان نەخش بکەن
من دەبمە هێڵی ڕەفزی قەدەر
پاڵ بە دیواری ئەزموون و ئەفسانەکانەوە دەنێم
مەودای ڕوانین فراوان دەکەم
سنووری نیشتمان لێک دەکێشمەوە
تا جەمسەرەکانی گەردوون
تا نزیک مەداری مەریخ
کە دەچمە ناو دارستانی سنەوبەرەکان
چڵێ سەوزایی ڕادەوەشێنم
خوداوەندە خەوتووەکان بێدار دەکەمەوە
بە هومبابا دەڵێم تەماشای ناوچاوم بکا
گۆچانێکی ئەفسووناوی ڕادەوەشێنم و

سنوورەکان دەڕمێن
بە چاوچووقانێک مار دەخەمە سەما و
ڕووەکی نەمری دەچنمەوە و
دەیخەمە ناودەستی گلگامێش
ئەنکیدۆ زیندوو دەکەمەوە و
گیانی منداڵی شین دەکەمەوە
بووکەڵەکە دەدەمەوە کچەکەم
دەست بە پشتی خودادا دەهێنم و
دەبمە پەیژەیەکی درەوشاوە
جا کاتێ جەستە دەبێتە خۆڵ
ڕۆح شکۆمەندانە بەرز دەبێتەوە
مەملەکەتێک دەخوڵقێنم
ئەستێرەیەک لە ناوم شەوق دەداتەوە
ناخ بەرەکەت دەدەم
ئەی برادەر
با باسکمان بخەینە ژێرسەری ئەو مەملەکەتە
با داگیرسێ نووری بوراق و
سەفەری میعراج دوابخەین
با کچەکانمان دوای کۆبانێ
لە سەر ترۆپکی ئاسۆیەک نیشتەجێ بن
دوور لە سەرجەم سنووری خوداوەندەکان
دوور لە مەرزەکانی ژنبوون
دوور لە ژانی کوردبوون

ئینجا کە بێدار دەبمەوە
دێمەوە لای ڕۆحی دایکم
دێمەوە لای تۆ ئەی برادەر
پێکەوە تونێلی تەم دەبڕین
دەچینە کەناری نیل و
حیکایەتەکانمان دەدەینە دەم ئاو
حیکایەتی مردنی خودا
حیکایەتی مەسخبوون
حیکایەتی داگیرکردن
حیکایەتی سەبایە و
حیکایەتی ژنێک لە ڕوخساری هەتاو
لە نەوەکانی هابیل و قابیل
حیکایەتی ڕووتبوونەوە
حیایەتی یاخیبوون
ڕەفزی هۆز و خودا و باوک
تەنی قورسی ئەو تەمە دادەماڵم
کەوڵی مێژوو دەتەکێنم و
بە پێی پەتی دەچمەوە دەرباری ڕۆژهەڵات
ڕەشماڵی ئەنفال تێکدەنێم و
لە سەرزەمینی کۆبانێ و شەنگال
دەچمە زیارەتی سۆزانییەکانی پەرستگەی ئوروک
توند لە باوەشیان دەگرم
لەوێ لە سەر خاکی ئینلیل و ئینانا

دایکم ڕووت‌وقووت دێته لام و
کۆرپەیەک دەخاتە باوەشم
بە ڤایکینگەکان دەڵێ
ئێمە ئەفسانەین
ژنەکان وەک شەهرەزاد
بۆ لەناونەچوونی کوڕەکانیان
هەر لە ئێوارەوە تا بەرەبەیان
حیکایەت بۆ پادشاکان دەگێڕنەوە
ئەم کۆرپە نوورانییە
شەقی دەکا تەمی ڕق و
تەمی حەسرەت
دەیسووتێنێ دڕک‌وداڵی نەخشە و
کەژ و دەشتایی جەستەمان دەبنە گوڵزار
زمانمان دەبێتەوە و
دەبینە بارانێکی سەوز
لە مۆزەخانەکان دێینە دەرەوە
کێم و هەوای زامەکانی مێژوو پاک دەکەینەوە و
خود بەرەکەت دەدەین
خودی ئازاد
خودێک هەر هەمووی لە نوور

## لەگەڵ تۆ لە ناو یۆرۆستار

تۆ بەپەلە خۆت کرد بە ناو فارگۆنەکەدا
جانتاکەت فڕێدایە سەر کورسییەکەی تەنیشتم
ئەوەی منت تووڕ هەڵدا
«ئەمە جێگەی منە»، وتت
شەمەندەفەرەکە خزایە ناو تونێلی ژێر دەریای باکوور
ئینجا ئانیشکت خستە سەر ڕۆخی کورسییەکە و
بەبێ '«ببورە'»
قۆڵی منت بەرداوە
من لە شاشەی کۆمپیوتەرەوە سەیری «دکتۆر گیڤاگۆ"م دەکرد
نیگاتم بینی بە لاری دەچەماوە سەر شاشەکەم
هەڵمی هەناسەت بەر گوێم دەکەوت
لایەکی هێدفۆنەکەم دا دەستت
شەمەندەفەرەکە بەردەوام دەخزایە ناو زەمەن و

له فەزای نێوان شانەکانیشمان
گرژی دەتوایەوە
دواتر تۆ دەستێکت خستە سەر دەستی من

چی ڕووی دا دوای ئەمە؟
سەرم لار بووەوە بە سەر شانتدا و بۆرژام؟
ئێمە تا ئێستاش لە ناو ئەو شەمەندەفەرەین
جانتاکانمان پڕن لە ئەڤین و
بە ناو تونێلی زەمەندا گوزەر دەکەین

## گەیشتن بە مانا

وشەکانم ڕووبارن
بەرەو تۆ دەکشێن
بە سەر زیخ و بەردی نێوانمان سەر دەکەن
زەمین و زەمەن دەبڕن
هێزی نەوتن دەبەزێنن و
کۆمەڵێک دەرگا دەخەنە سەرپشت
لە نێوان من و تۆ
دەرگایەک بۆ بینین
یەکێ بۆ پرسیار و ڕوانین
دەرگایەک بۆ ڕەوتی پەپوولەیەک
بە ناو هەتاوی هەناسەمان
دەرگایەک  بۆ شاگەشکەبوون و
سەرلەقاندنێکی شەرمنانە
ئینجا چپەی لەمسەیەک

قووڵاییەکانمان دەهەژێنێ
ئێمە دەبینە دەریا و
شەپۆلەکان باڵا دەکەن تا ترۆپکی چاوەکانمان
تەڕ دەبن کەستەکی دەرپۆقیوی کەنارەکانمان
دەتریقێنەوە تاشەبەردەکانی لاپاڵ و
کەف دەکا دۆڵی ڕەشهەڵاتووی جەستەمان
ئاوی ژیان دەچێتە شادەمارەکانمان و
ئاوازێک شین دەبێ
ئاسمان پڕ دەبێ لە زەنگوڵی وتن
لەوێ
لە سەر شانی پیت و بڕگە و واژەکان
پۆلێ فاریزە و خاڵ و نیشانەی سەرسووڕمان
بوودایانە ڕادەمێنن
گزنگ لە ناوچەوانمان دەدرەوشێتەوە
خاکی ڕووتمان دەبێتە پرتەقاڵێکی شین
دێڕ و ڕستە
وەک بسکی ژنانی لادێ بە لاجانگیدا شۆڕ دەبنەوە
نیگاکان بەرز دەفڕن
ڕووبەری شیعر فراوان دەبێ
ئینجا من دەپەڕمەوە بەرەو تۆ
تۆ بەرەو من
لە فەزای ژێر دەستەکانمان
مانا بە ڕوونی ڕێ دەکا

## لەئامێزگرتنی جوانی

لە کەلێنێکی پرسیارەوە دەچمە ناو ژووری ڕامان
ئەلفوبێ بە چرپە پێشوازیم لێ دەکەن
لە سەر سنگی پیتێک دەخلیسکێم و
شۆڕ دەبمەوە ناو وشە
ڕستەیەک بە ئەسپایی پەلکێشم دەکا
لە خاڵێکدا هەڵدەزنم و
دەکەومە ناو باوەشی دێڕێک
لە بەر دەرگای فاریزەیەک هەناسەیەک دەدەم
نیشانەی پرسیارێ دەستم دەگرێ
تا ناو باخەڵی سەرسووڕمان
لەوێ دەبمە دەق و ڕادەکشێم
کە چاو دەکەمەوە
لە ناو حەوزی مانادا خۆم دەشۆم

ئینجا دێمەوە لای تۆ و
جوانی بە پڕی لە ئامێز دەگرم

## ناخی من مەملەکەتە

ناخی من مەملەکەتە
شاژنێک لە سەر عەرشی فەزیلەت
من ئازاد بووم لە حوکمی ئەوانی تر
لە چاوەڕوانییەکانی خەڵک
من ئازاد بووم لە نەهامەتیی گرژی و
قورسایی سەنگی جەنگەکان
ناخی من مەملەکەتێکە
فەزایەک بۆ ئارامی
شوێنێکی گەرم لە هەسارەی خود
سەکۆیەک بۆ جوانی
یەکێ بۆ ناتەبایی
سەکۆیەک بۆ چاکەخوازی
یەکێ بۆ گوناهی پەمەیی

سەکۆیەک بۆ سێبەر
یەکێ بۆ ڕۆشنایی
ناخی من مەملەکەتێکە لە ئازادی